# مەکبێس

به چیرۆک

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان: دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

ولیام شێکسپیر

# مەکبێس

به چیرۆک

وەرگێڕان و داڕشتنەوە و راڤەکردنی

دوکتۆر سەڵاح بابان

پێداچوونەوەی

مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج

ناوی کتێب: مەکبێس – بە چیرۆک
نووسینی: ولیام شێکسپیر
وەرگێڕان و داڕشتنەوە و راڤەکردنی: دوکتۆر سەلاّح بابان
پێداچوونەوەی: مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج
بلاّوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٩٦٦
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل + تریسکە ئەحمەد
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مەریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر – ٢٠١٠
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ی
ساڵی ٢٠١٠ی دراوەتێ

مافی بلاّوکردنەوەی ئەم کتێبە لەلای وەرگێڕە.

## ناوەڕۆک

پێشەکی ..... 7
دەربارەی شێکسپیر ..... 9
چیرۆکی مەکبێس بە کورتی ..... 16
لیستی کەسایەتییەکان ..... 21
بەشی یەکەم ..... 23
بەشی دووەم ..... 57
بەشی سێیەم ..... 80
بەشی چوارەم ..... 118
بەشی پێنجەم ..... 154

# پێشـەکی

چوار ساڵێک لەمەوپێش من و مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج، لە وەرگێڕانی شـانۆگـەریی مـەکبێس، بووینەوە؛ وەرگـێـڕانـی من و پێداچوونەوەی مـامـۆسـتـا کـەمـال. سـاڵی ٢٠٠٧ لەلایەن چاپخـانـەی کاکـەی فـەلاح، لە شـاری سلێمـانـی، چاپ کـرا و بڵاو کـرایەوە. هـەرچەندە ئێـمـە نزیکەی سێ سـاڵێک پێـیـەوەی خەریک بووین و لەو باوەڕەداین کە کارێکی باشمان کردبێت، لەگەڵ ئەوەشدا دڵنیا نین لەوەی کە زۆر کەس سوودیان لێ وەرگرتبێت؛ لەو هەزار دانەیەی کە چاپ کران، تا ئێستا، نیوەشی نەفرۆشراوە. ئێمە وادەزانین، هۆیەکەی ئەوەیە کە خوێندنەوەی شـانۆگـەری وەکو چیرۆک خۆش و ئاسـان نییـە. ئەوانەی کـە شـانۆگـەری دەخوێننەوە، یان هونەرمـەندن و بەو مـەبەسـتـەوە دەیخـوێننەوە کـە بەڵکو لەسـەر شـانۆ بینوێنن، یان تەنیـا هـەر حـەزیان لەو جـۆرە هونـەرانەیە. بەڵام، چیرۆک هەموو کەسێک دەیخوێنێتەوە.

بەهاری رابردوو، کـە لە هـەولێر بووم بۆ چاپکردنی جـادووگـەریی هـاملێت، کـە ئەویش نووسـینی شـێکسـپـیـرە و وەرگـێـڕانـی خـۆمـە و پێـداچوونەوەی مـامـۆسـتـا کـەمـالە، لەگەڵ دوکـتـۆر مـارف خـەزنەداردا دانیـشـتـبووین باسی شـانۆگـەریی "مـەکبێس"مـان دەکـرد- ئەوسـا، دوکـتـۆر مـارف، وەرگـێـڕانەکـەی خـوێندبووەوە و وتارێکیشی لەسـەر بڵاو کـردبووەوە لە گـۆڤـاری رامـان (ژمـارە ١٤٣ نیـسـانی ٢٠٠٩)دا- گـوتی بە شـتـێکی باشی دەزانم ئەگـەر ئەم شـانۆگـەرییـە، لەسـەر شـێوازی چیرۆک بنووسـرێتـەوە. من، خۆشم بیرم لەوە کردبووەوە، لەبەر ئەوە وتەکانی دوکتۆر "مارف"م زوو پەسند کرد و بڕیارم دا هەوڵێکی بۆ بدەم. بەڵام بەداخـەوە، چونکە مـن چیرۆکنووس نیم، ئەو ئەرکـەم نەتوانی بە باشی بهێنمە دی. لەبەر ئەوە بەشێکی ئەم بەرهەمە، بە پەخشان،

لەسەر شێوازی چیرۆک نووسراوە و بەشێکی زۆریشی هەر بە هۆنراوە لەسەر شێوازی شانۆگەری ماوەتەوە. بەڵام، گشتی بە جۆرێک روون کراوەتەوە کە هەموو کەسێک بە ئاسانی تێی بگات.

ئەم بەرهەمە، وشە بە وشە، هەموو شانۆگەرییەکەی نەگرتووەتەوە؛ تۆزێک کورت کراوەتەوە. بەڵام، دەتوانم بڵێم، کە ئەمە، کرۆکەکەیەتی؛ کرۆکی شانۆگەرییەکەیە. ئومێدم وایە خوێنەری بەڕێز پەسندی بکات و ئەگەر هەرچ جۆرە رەخنەیەکشی هەبێت پێم بگەیەنێت بۆ ئەوەی سوودی لێ وەربگرم بۆ جاری داهاتووم. ئێستا بە وەرگێڕانی "شا لییەر" و "رۆمیۆ و جولیەت"ەوە خەریکم. هیوادارم لە ساڵی داهاتوودا "رۆمیۆ و جولیەت" تەواو ببێت و بڵاو بکرێتەوە.

دیسانەوە، وەکو جارەکانی پێشوو، گەلێک سوپاسی مامۆستا کەمال مەحموود فەرەج دەکەم. بە راستی ئەرک و یارمەتیی ئەو نەبوایە، نەمدەتوانی، ئەم بەرهەمە، بەم جۆرە دەربکەم؛ جگە لەوەی کە لە کوردییەکەیدا زۆر یارمەتیی داوم، لەگەڵ ئینگلیزییە رەسەنەکەشیدا بەراوردی کردووە و هەروەها لەگەڵ تەرجومە عەرەبییەکانیدا. پێویستە لێرەدا دان بەوەشدا بهێنم کە هەندێک لە دێرە هۆنراوەکانی، هەر داڕشتنی مامۆستا کەمال خۆیەتی.

سەلاح بابان

بەرمەنگهام ٢٧/١٠/٢٠٠٩

E-mail address; sbaban2000@yahoo.co.uk

# دەربارەی شێکسپیر

هەرچەندە میللەتی ئینگلیز شاعیری باشی زۆر هەیە، بەڵام ولیام شێکسپیر، بە بڕوای زۆر کەس، لە شیعردا، باڵای لە هەموویان بەرزتر و بەناوبانگترە. سەرەڕای ئەوەی کە شێکسپیر شاعیر بووە؛ شانۆگەریی نووسیوە، ئەکتەر بووە، بەڕێوەبەری تیپێکی شانۆگەری بووە و خاوەند بەشێکیش بووە لە شانۆی گلۆب (Globe)، کە یەکێکە لە شانۆ هەرە باشەکانی لەندەن.

شێکسپیر، لە نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە شاری ستراتفورد (Stratford) ، لەدایک بووە. ستراتفورد، شارێکی بچووکە لەسەر رووباری ئەیڤۆن (Avon)، نزیکەی سەد میلێک لە باکوری رۆژهەڵاتی لەندەنەوەیە. رۆژی لەدایکبوونی بەتەواوی کەس نایزانێت. بەڵام دەزانین کە لە ٢٦ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤دا، لە کەنیسەی ستراتفورد، ناوی بە مەسیحی تۆمار کراوە. ئەوسا، بەپێی ئاسایی، سێ رۆژ دوای لەدایکبوون، منالّیان لە کەنیسەدا تۆمار دەکرد. لەبەر ئەوە بە لای زۆرەوە ٢٣ی نیسانی ساڵی ١٥٦٤ لەدایک بووە. وا رێک کەوت کە هەر لەو رۆژەشدا، لە یادی رۆژی لەدایکبوونیدا، ساڵی ١٦١٦، لە تەمەنی ٥٢ ساڵیدا، دەمرێت و لەو کەنیسەیەشدا، لەوەی کە ناوی بە مەسیحی تۆمار کرابوو، دوای ٥٢ ساڵ دەنێژرێت.

ولیام، کوڕە گەورەی "جۆن شێکسپیر"ە. دوو خوشکی دەبێت لە خۆی گەورەتر، سێ برا و دوو خوشکیش، لە خۆی منداڵتر. "جۆن"ی باوکی، بە پیشە، دەستکێشدروو بوو. بەڵام، لە هەمان کاتدا کشتوکاڵیی دەکرد و بازرگانیشی لە خوری و پێستەدا کردووە. جار بە جار، لە گەنم و جۆشدا.

جۆن، نە لە دەوڵەمەندەکان بووە و نە لە هەژارەکان؛ لە چینی ناوەند بووە. بەڵام ژنەکەی، کە ناوی "مێری" دەبێت، لە بنەماڵەیەکی خاوەند زەویوزار بووە.

جۆن، لەوان زەویی بەکرێ دەگرت بۆ کشتوکاڵ. سەرەڕای ئەوانە، جۆن، چالاکییەکی زۆریشی لە کاروباری کۆمەڵگەیەتیدا هەبووە، تا هەڵبژێرراوە بە سەرۆکی شارەوانیی (Mayer) شاری ستراتفورد. بۆ کاتێکیش هەڵبژێرراوە ببێت بە دادوەری ئاشتیی شارەکە. یەکێک لە خوێندنگە[١] هەرە باشەکانی ئەوسای ئینگلتەرە، لە شاری ستراتفورد دەبێت. ئەو خوێندنگەیە، بۆ منداڵانی کاربەدەستە پایە بەرزەکانی شارەکە، بە خۆڕایی بووە. ولیام شێکسپیر، زۆر لەوە دەچێت کە سوودی لەوە وەرگرتبێت و لەوێ خوێندبێتی. چونکە لەو خوێندنگەیەدا، بایەخیان زۆر بە زمان و ئەدەبی گریکی و لاتینی دەدا. "ولیەم"یش بە نووسینەکانیدا دیارە کە (پلینی و ئۆڤید و سێنێکا و هۆمیرۆس و "پلووتارخ"ی) خوێندبێتەوە و کاریان تێ کردبێت.[٢]

(١) خوێندنگە؛ مەکتەب، قوتابخانە، فێرگە.

(٢) پلینی، ئۆڤید، سێنێکا، هۆمیرۆس، پلووتارخ:

١- پلینی (Pliny) (Gaius Plinius 62-113) : نووسەرێکی بەناوبانگی رۆمانییە. هەر لە تەمەنی ١٤ ساڵییەوە تراجیدیی نووسیوە.

٢- ئۆڤید (Ovid) (Publius Ovidius Naso 43BC-43AD): شاعیرێکی رۆمانییە، تراجیدی (میدیا) یەکێکە لە بەناوبانگەکانی.

٣- سێنێکا (Seneca) (Lucius Annaeus 4BC-65AD) : نووسەر و رامیار و فەیلەسووفێکی رۆمانییە. لە ئیسپانیادا لەدایک بووە، فێرکەری (مامۆستای) نیرۆن بووە. نیرۆن لە دواییدا کە دەبێت بە قەیسەری رۆما، چەند کەسێک، بۆ ئەوەی رۆما لە دەست ئەو ستەمکارە رزگار بکەن، پیلانێک دادەنێن بۆ کوشتنی. نیرۆن پێی دەزانێت. بۆی دەرکەوت کە یەکێک لەو پیلانگێڕانە "سێنێکا"یە. چونکە سێنێکا کاتی خۆی فێرکەری بووە، نیرۆن، نەیدەویست لە خاچی بدات. رێی دایە کە بەدەستی خۆی، خۆی بکوژێت. ئەویش بەناچاری خۆی دەکوژێت.

٤- هۆمیرۆس Homer:شاعیرێکی یۆنانیی زۆر کۆنە لە سەدەی هەشتەمی پ. ز. ژیاوە. لە نووسینەکانی دوو مەلحەمەی بەناوبانگ هەیە: یەکێکیان (ئیلیادە Il-iad)یە، باسی کەوتنی شاری تەروادە دەکات، ئەوەکەی تریان (ئۆدیسا Odys-seus)یە.

٥- پلووتارخ (Plutarch 46-120) : مێژوونووس و فەیلەسووفێکی یۆنانییە.

ستراتفورد، هەرچەندە، وەکو باسمان کرد، شارێکی گەورە نەبووە و ئێستاش گەورە نییە، بەڵام لەوە دەچێت و دووریش نییە بە هۆی ئەو خوێندنگەیەی کە باسی کرا، بایەخیان زۆر بە هونەر و شانۆگەری دابووبێت؛ هەر لەوساوە شانۆیەکی باشی تێدا هەبووە کە هێشتا ماوەتەوە. ئێستا پێی دەڵێن "شانۆی شێکسپیر". کاتی خۆی، شێکسپیر خۆی، تەمسیلی تێدا کردووە.

نزیکەی ساڵی ١٥٧٧، جۆن، باوکی ولیام شێکسپیر، لە بازرگانییەکەیدا نابووت دەبێت. بە ناچاری هەر چییەکی دەبێت دەیفرۆشێت یان دەیدات بە رەهن. لەبەر ئەوە پارەی نابێت "ولیام"ی کوڕی بنێرێت بۆ زانکۆ، خوێندنەکەی تەواو بکات.

ساڵی ١٥٨٢، لە تەمەنی هەژدە ساڵیدا، شێکسپیر ژن دەهێنێت. ژنەکەی کە ناوی (ئان هاتەوەی) دەبێت، هەشت ساڵ لە خۆی گەورەتر دەبێت. کاتی مارەکردن، سکی سێ مانگان دەبێت بە یەکەم منداڵی شێکسپیر. دوای شەش مانگ کچێکیان دەبێت ناوی دەنێن "سوزان". ساڵی ١٥٨٥ ژنەکەی، کوڕ و کچێکی بە سکێک دەبێت. کوڕەکە ناو دەنێن "هامنێت" و کچەکە "جوودێت". چونکە شێکسپیر پارەی نابێت، لەبەر ئەوە، بەناچاری، خۆی و ژن و ماڵەکەی لەگەڵ ماڵی دایک و باوکیدا دەژیان.

لە ساڵی ١٥٨٦دا، باوکەکەی بێ ئیش دەمێنێتەوە. بەڵام باش بوو، بەهۆی ئەو شانۆیەی کە لە شاری ستراتفورددا هەبوو، ساڵی سێ چوار جار، تیپی شانۆگەری دەهات لە شارەکانی ترەوە و لەوێ تەمسیلیان دەکرد، هەر لەو ساڵەدا، ولیەم توانی، لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا، ئیشێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە. ئیتر لەوەوە وردە وردە بە ئیشی بەرەو باشی دەڕوات. لە دواییدا لەگەڵ یەکێک لەو تیپانەدا دەچێت بۆ لەندەن بۆ ئەوەی لەوێ، لە شانۆکانیدا ئیش بکات و شانۆگەری بۆ تیپەکەی خۆی بنووسێت. تا بەرەو ساڵی ١٥٩٢، پێی دەکرێت ئەوەندە پارە کۆ بکاتەوە کە باوکی خۆی لە نابووتی ڕزگار بکات.

ساڵی ١٥٩٦ "هامنێت"، ئەو تاکە کوڕەی کە ولیەم شێکسپیر هەیبوو،

نەخۆش دەکەوێت و دەمرێت. بۆ ساڵی دوایی شێکسپیر چیرۆکی "شا جۆن" دەنووسێت. لەوێدا، باسی پەژارەی یەکێک دەکات کە جەرگی بە مردنی رۆڵەکەی سووتاوە. ئینجا لە زمانی ئەوەوە، شێکسپیر، باسی سوێداریی خۆی دەگێڕێتەوە و دەڵێت:

پەژارە ژووری
ڕۆڵەکەی منی پڕ پڕ کردووە.
لە نوێنەکەیدا، لەویٚ خەوتووە.
بۆ خوارەوە بێت، یان بۆ سەرەوە
بۆ هەرچ کویٚ بڕۆم، ئەو لەگەڵمدا دێت.(١)
روو شیرینەکەی
ئەو، لەبەر دەکات.(٢)
وتەکانی ئەو، دووبارە دەکات.
هەموو ئەندامە جوانەکانی ئەو،
دەهێنێتەوە بەر دیدەی بیرم؛
لە خۆی، پەیکەری
ئەو، دروست دەکات،
جلوبەرگەکەی دەکاتە بەری.
کەوا بێت بۆنەم هەیە کە وا من،
شەیدای پەژارە و سوێداریی خۆمم.

بۆ ساڵی ١٥٩٢ شێکسپیر دەبێت بە شاعیر و ئەکتەرێکی تەواو بەناوبانگ. لەو کاتەدا سەرلەنویٚ لە لەندەن تاعوون بڵاو دەبێتەوە. بۆ ئەوەی بڵاوبوونەوەی ئەم نەخۆشییە کەم بکرێتەوە یان کۆنترۆڵ بکرێت، بۆ دوو ساڵ هەموو

---

(١) ئەو؛ مەبەستی لە پەژارەیە.

(٢) ئەو؛ مەبەستی لە رۆڵەکەی خۆیەتی.

شانۆکانی لەندەن دادەخرێن. لەو دوو ساڵەدا شێکسپیر دوو چیرۆکی درێژ بە شیعر دەنووسێت؛

– ڤینۆس و ئەدۆنیس (Venus and Adonis)

– ئەو زۆردارییەی کە لە ناموسی لوکرێشیا کرا [١] (The rape of Lucrece)

لە ساڵی ١٥٩٤دا، کە شانۆکان، دەکرێنەوە، شێکسپیر، دەبێت بە یەکێک لە خاوەندەکانی تیپێک بەناوی (چێمبەرلەین). لە ماوەی چوار پێنج ساڵی دواییدا، فریا دەکەوێت ئەم هەموو شانۆگەرییە بۆ تیپەکەی خۆیان بنووسێت:

– بازرگانیی ڤێنیس (The merchant of Venice)

– خەونی شەوێک لە ناوەڕاستی هاویندا (A midsummer nights dream)

– ژنە شادمانەکانی وندزەر (The merry wives of Windsor)

– هەراوهوریایەکی زۆر دەربارەی هیچ (Much ado about nothing)

– وەک چۆن پێت خۆشە (As you like it)

– "ریچارد"ی دووەم (Richard the second)

– "هێنری"ی چوارەم (Henry the fourth)

– رۆمیۆ و جولێت (Romeo and Juliet)

---

(١) تارکوین، کوڕی حەوتەمین شای رۆما دەبێت، لە سەدەی شەشەمی پێش لەدایکبوونی مەسیحدا، شەوێک بە دزییەوە دەڕوات بۆ ژووری نوستنی لوکرێشیا ("لوکریس"یشی پێ دەڵێن)، ژنی ئامۆزاکەی خۆی و دەستدرێژی لە ناموسی دەکات. لوکرێشیا، پێش ئەوەی، لە داخا خۆی بکوژێت، بە مێردەکەی و باوکی خۆی دەڵێت. ئەم رووداوە جەنگێکی گەورە دەنێتەوە لە نێوان ئەندامانی بنەماڵەی شادا. گەلەکە، سوود لەو ئاژاوەیە وەردەگرێت و رادەپەڕێت دژی رژێمی شا. شا، ڕادەکات. ئیتر گەلەکە، خۆی پەرلەمانێک هەڵدەبژێرێت بۆ ئەوەی حوکمی وڵاتەکە بکات. ئەو رووداوە، بەم جۆرە، دەبێت بەهۆی دامەزراندنی یەکەم ڕژێمی کۆماری لە ڕۆمادا.

له سـاڵی ١٥٩٩دا تیـپی (چێـمبـەرلەین) شـانۆیەکی تایبـەت بۆ خـۆی بینا دەکات لـەسـەر کەناری رووبـاری تێمس لە لەندەن. بەناوی شـانۆی "گلۆب". ئەو شـانۆیە، ئەوەندە گـەورە بووە؛ ٣٠٠٠ کەسی گرتووە. ئینجـا، خـوێنەری بەڕێز، بزانە تا چ رادەیەک، هـەر لەوسـاوە، شـانۆگـەری لە ئینگلتـەرەدا باوی هـەبووە. شـابانـوو "ئەلیـزابێس" یەکـێک بووە لەوانەی کـە حـەزیان لە شـانۆ دەکـرد و بەشێکی زۆری لە شانۆگەرییەکانی شێکسپیری بینیوە. لە ساڵی ١٦٠٣دا، کە ئەلیـزابێس دەمـرێت، "جـێـمس"ی یەکـەم دێتـە جـێی. جـێمس، لـەویش زۆرتر حـەزی لە هونـەر دەکرد. هونەرمـەندەکانی، بە تایبـەتی "شـێکسـپیـر"ی، زۆر لە خۆی نزیک کردبووەوە. تا داوای لە تیپی (چێمبەرلەین) کرد کە ناوی تیپەکەی خۆیان بگۆڕن و بیکەن بە تیپی (شـا). ئەوانیش، بێگومان، پێیان خـۆش بوو؛ بەپێـی ئارەزووی ئەو، ناوی تـیـپـەکـەی خـۆیان گـۆڕی. زۆر جـار شـا، بـانگی دەکردن کە بێن لە کۆشکەکەی خۆیدا تەمسیل بکەن.

له سـاڵی ١٦١١دا لە تەمـەنی ٤٧ سـاڵیـدا شـێکسـپیـر واز لە شـانۆگـەری دەهێنێت و دەگـەڕێتـەوە بـۆ شـارەکـەی خـۆی (سـتـراتفـورد). لەو کـاتەدا شێکسـپیـر خـاوەن سـامـانێکی زۆر دەبێت؛ ئەو خـانووەی تێیـدا دەژیا لەگـەڵ خێزان و منداڵەکانیدا بە تایبەتی بۆ خۆیانی دروست کردبوو.

له شـانۆی گلۆب، "فلێچـەر"ی هاوڕێی، جێگەکەی دەگرێت بۆ بەڕێوەبردنی شـانۆ و تیـپـەکـە. چیرۆکی "هێنریی هـەشـتـەم" کـە بۆ یەکـەم جـار لە سـاڵی ١٦١٣دا تەمـسیل کرا لە شـانۆی گلۆب، زۆر کـەس لەو باوەڕەدایە کـە خـۆی و فلێچەر، پێکەوە نووسیبێتیان.

له کاتی یەکەم تـەمسیلکردنی ئەم چیرۆکـە، شانۆکە گڕ دەگرێت. سـەرتاپا هـەمـووی دەسووتێت. بەڵام خۆشبـەختـانە کەس ئازاری پێ ناگات. هـەر وا بەو سـووتاوییـەوە دەمـێنێتـەوە تا دوای ٣٨٤ سـاڵ، لە سـاڵی ١٩٩٧دا، سـەرلەنوێ بینا دەکرێتەوە. ئێستا، دیسانەوە، یەکێکە لە شانۆ باشەکانی لەندەن.

ساڵی ١٦٠٧ سـوزانی کچی شـوو دەکات بە پزیشکێک بەنـاوی (جۆن هـۆڵ). خـانووەکـەیان هێشـتـا لە سـتـراتفـورد مـاوەتەوە و بە یەکێک لە مـیراتییـەکـانی

شێکسپیر دادەنرێت. لە ساڵی ١٦١٦دا، چەند مانگێک لە دوای شووکردنی "جوودێت"ی کچی، شێکسپیر دەمرێت.

ئاخیر شیعری شێکسپیر گوایە ئەمەیە، کە لەسەر کێلی گۆڕەکەی نووسراوە:

هەر لە ڕێی مەسیح، دۆستە باشەکان،

نەکەن دەستکاریی ئەم خۆڵەم بکەن.

ڕەحمەت بێ لەوەی کە ئاگەداریی

جێ و بەردەکانی گۆڕەکەم دەکات.

وە هەزار لەعنەت

لەوەی دەستکاریی

ئێسک و پرووسکی من، لێرە دەکات.

کەس بە تەواوی هۆی مردنەکەی نازانێت. بەڵام، بنەماڵەی شێکسپیر، هیچیان زۆر نەژیاون؛ هەرسێ براکەی، کە لە خۆی گەنجتر بوون لە پێش خۆیەوە مردوون: (گلبێرت) بە ٤٦ ساڵی، (ریچارد) بە ٣٩ ساڵی، (ئێدمەند) بە ٢٧ ساڵی.

شێکسپیر لە پێش مردنیدا، هەموو موڵک و سامانەکانی خۆی دەکات بە وەقف، بۆ ئەوەی کەس نەتوانێت بیانفرۆشێت و هەر بەناوی بنەماڵەکەی خۆیەوە بۆ نەوەکانی بمێننەوە. بەڵام، "ئەلیزابێس" کە تاقانە کچی "سوزان"ی کچی دەبێت، بە داخەوە ساڵی ١٦٧٠ بەبێ منداڵ دەمرێت. "جوودێت"ی کچی، سێ منداڵی دەبێت، هەرسێکیان بە گەنجی دەمرن. لەبەر ئەوە لە بنەماڵەی ولیام شێکسپیر، کەس نەمایەوە تا لەو سامانانە سوود وەربگرێت.

جگە لە نووسینەکانی تری، شێکسپیر ٣٨ شانۆگەریی نووسیوە. ١٨ی لە کاتی ژیانیدا بڵاو کراونەتەوە. لە ساڵی ١٦٢٣دا، حەوت ساڵ لە دوای مردنی، دوو لە دۆستە نزیکەکانی، هەموو شانۆگەرییەکانی ئەویان لە یەک کتێبدا بڵاو کردەوە. پێش ئەوەش، بە چەند مانگێک، لە هەمان ساڵدا، لەو کەنیسەیەی کە تێیدا نێژراوە پەیکەرێکی بۆ دروست دەکرێت.

# چیرۆکی مەکبێس بە کورتی

دەنکەن، ساڵی ١٠٣٤ دەکرێت بە شای سکۆتلەندە. هەندێک لە هۆزەکان[١] دیارە دژی دەبن. لەبەر ئەوە، کە نەرویج ساڵی ١٠٤٠ پەلاماری سکۆتلەندە دەدات، چەند هۆزێک بە ئاشکرا لەگەڵ سوپای بێگانەدا، هاوکاریی دەکەن لە دژی شایەکەی خۆیان.

مەکبێس یەکێک دەبێت لە سەرۆک لەشکرەکانی دەنکەن. لە جەنگەکەدا ئازایەتی و دڵسۆزییەکی زۆر دەنوێنێت بەرامبەر بە شا و وڵاتەکەی؛ خۆی و بانکۆ، پێکەوە پێیان دەکرێت بە تەواوی زاڵ بن بەسەر هەردووک؛ سوپای نەرویج و یاخیگەرەکانی ناوخۆدا. دوای تەواوبوونی شەڕەکە، مەکبێس و بانکۆ، کە بە رێگاوە بوون دەچوون بۆ لای شا، لە ناکاودا، لەو چۆڵاییەدا، سێ پیرێژنی زۆر ناشیرینی قژ پرش و بڵاو دەبینن بە پیریانەوە دێن. ئەم دیمەنە سەیرە بەم ئێوارەیە و لەو چۆڵاییەدا هەردووکیان زۆر دەحەپەسێنێت. بانکۆ، یەکسەر دەڵێت؛

ئای ئەمانە چین؟ چەند سیس و وشکن.
سەیری جلیان بکە! لە کێوی دەچن.
هەرچەندە لێرەن؛ لەسەر زەمینن،
کەچی لە خەڵکی سەر زەمین ناچن. (ئینجا روو دەکاتە پیرێژنەکان)
ئایا زیندوون و جۆرە شتێکن
کە پیاو بتوانێت پرستان لێ بکات؟

کە ئەمەیان لێ دەپرسێت، سەیر دەکات هەرسێ پیرێژنەکە بەیەکەوە پەنجە

---

(١) هۆز؛ تیرە، عەشیرە.

گەورە برینداره قڵیشاوەكانیان، دەخەنە سەر لێوە سیسە لەڕەكانیان؛ وەكو بیر بكەنەوە. بەڵام هیچ ناڵێن. بانكۆ، هەر وا بە سەرسوورِماییيەوە سەيريان دەكات. لە دواييدا، پێيان دەڵێت:

بە راستی ئەمن، سەرم سوورِماوە،

خۆ ئێوە ژنن، بە دەموچاوا،

كەچی تووک و موو لە رووتان رواوە.

كە هەر وەرام نادەنەوە، ئیتر مەكبێس، بە تووڕەیيیەوە، دەڵێت؛

دە بدوێن ئەگەر پێتان دەكرێت؛

پێمان بڵێن چين؟

ئیتر پیرێژنەكان، دەكەونە دواندن؛

یەكەم:

مەرحەبا مەكبێس، ئەی "سان"ی گلامس.(١)

دووەم:

مەرحەبا مەكبێس، ئەی "سان"ی كۆدەر.

سێیەم:

مەكبێس، مەرحەبا،

لەم زووانەدا تۆ دەبيت بە شا.

بە وتەكانی ئەم پیرێژنانە، مەكبێس، زۆر دەشڵەژێت و هەندێكیش دەترسێت. بیر دەكاتەوە؛ ئایا ئەمانە لە كوێوە دەزانن كە من ناوم "مەكبێس"ە و" سان"ی " گلامس"م. وە بۆچی پێم دەڵێن "سان"ی كۆدەر. لە كاتێكدا كە من، تەنیا هەر "سان"ی " گلامس"م. بەڵام ئەوەی لە هەمووی زۆرتر دەیترسێنێت و

---

(١) سان؛ نازناوێكە، شا دەیدات بە كەمێک لە سەرۆک هۆزە گەورەكان. بەتايبەتی ئەوانەی كە خاوەن زەويوزاری زۆرن و هێزی چەكداريی خۆيان هەیە. "سان"ی گلامس؛ "سان"ی ناوچەی گلامس.

نیگەرانیی دەکات، ئەوە بوو کە پێیان گوت؛ "لەم زووانەدا تۆ دەبیت بە شا".
چونکە مەکبێس، لە دڵی خۆیدا، بیری لەوە کردبووەوە کە لەم زووانەدا، شا بکوژێت و تەختەکەی لێ داگیر بکات. لەبەر ئەوە زۆر سەیری لێ دێت کە ئەم پیرێژنانە ئەو نهێنییەی دڵی دەزانن؛ دەترسێت بە جۆرێک ئاشکرا ببێت.

بانکۆ، کە دەبینێت پیرێژنەکان، هەر لەگەڵ "مەکبێس"دا دەدوێن و بە وتەکانیان خستیانە مەراقەوە، حەز دەکات بە خۆشی شتێک بڵێن. ئیتر پێیان دەڵێت:

ئەگەر لە رادەی دەسەڵاتتانە،
ببینن تۆوی سکی زەمانە؛
تێبینینیان بکەن،
دانە بە دانە و بڵێن کامانە،
زل دەبن دەڕوێن، کامانە ناڕوێن،
بە منی بڵێن؛ بەوەی نە لێتان،
دەپاڕێتەوە بۆ هیچ چاکەیەک،
نە لە کینەتان، یەک تۆز دەترسێت.

ئیتر جادووگەرەکان، هەر یەکی شتێکی پێ دەڵێن؛
یەکەم:

تو بچووکتریت، بانکۆ، لە مەکبێس،
گەورەتریشیت.

دووەم:

وەک ئەو بەختیار نیت.
بەڵام تۆ گەلێک لەو بەختیارتریت.(١)

---

(١) ئەم سێ پیرێژنە، سێ خوشکی جنۆکەی جادووگەرن. وتەکانیان زۆر جار روون نییە یاخۆ دوو رووە.

سێیەم:

هەرچەندە، تۆ، خۆت، قەت نابیت بە شا،

ئا، بەڵام دەبیت

بە باو و باپیری زنجیرەیەک شا.

پیرێژنەکان، هەر ئەوە دەڵێن و ون دەبن. هەروەکو لە ناو هەواکەدا بتوێنەوە. مەکبێس و بانکۆ، هێشتا بەسەرسوڕماوی وەستابوون باسی جنۆکە پیرێژنەکانیان دەکرد، دوو پەیامبەر لەلایەن شاوە دێن. بە مەکبێس دەڵێن؛ شای خاوەن شکۆ، فەرمانی دەرکردووە کە جەنابت ببیت بە "سان"ی کۆدەر. هەردووکیان، زۆر سەیریان لەم هەواڵە دێت. بانکۆ، لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

سەرم سوڕماوە؛ قەت بووە و دەبێت،

شەیتان هەواڵی راستمان پێ بڵێت؟

دوای ئەوەی پەیامبەرەکان دەڕۆن، مەکبێس لە هاوڕێکەی دەخوازێت کە لەسەرخۆ بیر بکاتەوە لەوەی کە رووی دا، بۆ ئەوەی لە دواییدا لە نێوان خۆیاندا پێکەوە باسی بکەن. تکاشی لێ دەکات کە جارێ لای کەس نەیگێڕێتەوە. بەڵام، خۆی، مەکبێس، خۆی پێ ناگیرێت، زوو نامەیەک بۆ ژنەکەی دەنووسێت و هەموو رووداوەکەی، وشە بە وشە، بۆ دەگێڕێتەوە.

***

کە مەکبێس و بانکۆ دەگەنە لای شا، زۆر بە گەرموگوڕییەوە پێشوازییان لێ دەکات و ئاهەنگێکی گەورە دەبەستێت بە بۆنەی سەرکەوتنیانەوە لە جەنگەکەدا. لە ئاهەنگەکەدا، بۆ ئەوەی نرخی مەکبێس لە بەرچاوی خەڵکەکەدا بەرز بکاتەوە بڕیار دەدات کە بە میوانی بچێت بۆ ماڵی و شەوەکەش، بۆ نووستن، لەوێ بمێنێتەوە.

***

بانوو مـەکـبـێس، کـە نامـەی مـێـردەکـەی پێ دەگـات، دەورووژێت و گـەلێک کەیفی دێت. بەڵام، هـەرچەند بیری دەکردەوە نەیدەزانی چۆن مێردەکەی دەبێت بە شـا، ئـەگـەر دەنکەن مـابێت. لەبـەر ئەوە، لە ژوورەکـەی خـۆیدا بە تـەنیـا دانیشـتبوو بیـری لەوە دەکردەوە کە چۆن بکوژرێت، ئا لـەو کاتەدا پەیامـێک لە مـێـردەکـەیەوە دێت کـە ئـەمشـەو شـا، مـیـوانیـان دەبێت و شـەویش لە مـاڵـیـان دەمـێنێتـەوە بۆ نووسـتن. ئیـتـر هـەر ئـەو شـەوە مەکبێس، بە هـاندان و یارمـەتیی ژنەکەی، دەنکەن دەکوژێت و لە دواییدا دەبێت بە شا.

دوای ئەوە، وردە بە وردە، وتەکانی پیرێژنە جنۆکە جادووگەرەکان، هـەمووی دێتــە دی: دە کــەس لە نـەوەکــانی بـانکۆ، یەک لە دوای یـەک، دەبن بـە شــا. جـێـمـسـی شــەشــەم، ئەوەی کـە لـە دواییـدا، سـاڵـی ١٦٠٣ دەبێت بە شــای ئینگلتەرە و سکۆتلەندە نۆیەمین شا دەبێت لەو زنجیرەیە.

هـەرچەندە شـێکسـپیـر ئـەم شـانۆگـەرییـەی لەسـەر چەند بنەمـایەکی رووداوی مـێـژوویی راسـتیـدا داناوە، بێگومـان، بە خـەیاڵی خـۆی لەسـەر ئـەو بنەمـایانە زۆری هـەڵچنیوە.

# لیستی کەسایەتییەکان

سێ پیرێژنی جادووگەر Three Witches

دەنکەن Duncan شای سکۆتلەندە.

مالّکەم Malcolm کوڕە گەورەی دەنکەنە، لە دواییدا دەبێت بە شای سکۆتلەندە.

لینۆکس Lennox "سان"ی ناوچەی "لینۆکس"ە.[١]

ڕۆس Ross "سان"ی ناوچەی "ڕۆس"ە.

مەکبێس Macbeth سەرۆک سوپایە، خزمی شایە، "سان"ی ناوچەی "گلامس"ە، لە دواییدا دەبێت بە سانی "کۆدەر"یش، لە دواتریشدا بە شای سکۆتلەندە.

بانکۆ Banquo "سان"ێکە، سەرۆک سوپایە.

ئەنگەس Angus "سان"ی ناوچەی "ئەنگەس"ە.

بانوو مەکبێس Lady Macbeth ژنی مەکبێس.

کارەکەر Attendant کارەکەرێک لە ماڵی مەکبێس.

فلییەنس Fleance کوڕی بانکۆ.

ماکدەف Macduff "سان"ی ناوچەی "فایف"ە.

دۆناڵدبێن Donaldbain کوڕە بچووکی دەنکەنە.

پیرەمێرد Old man پیرەمێردێک

سێ پیاوکوژ Three Murderers

---

(١) سان؛ نازناوێکە، شا دەیدات بە کەمێک لە سەرۆک عەشیرەتە گەورەکان. بە تایبەتی بەوانەی کە هێزی چەکداریی خۆیان هەیە.

نۆکەر Servant نۆکەرێک لە ماڵی مەکبێس.

لۆرد Lord لۆردێک

سێ تارمایی Three Apparritions

بانوو ماکدەف Lady Macduff ژنی ماکدەف

کوڕ Son کوڕی ماکدەف

پەیامبەر Messenger پەیامبەرێک

دوو پیاوکوژ Two Murderers

پزیشک Doctor پزیشکێک لە کۆشکی شای سکۆتلەندە.

خانەدان ژن Gentlewoman ژنێکی خانەدان.

سەیتۆن Seyton خانەدانێکی دڵسۆزی "مەکبێس"ە.

سیوارد Siward سەرۆکی سوپای ئینگلیزی.

سیواردی گەنج Yong Siward کوڕی سیوارد.

# بەشی یەکەم

دەنکەن، ساڵی ١٠٣٤، دەکرێت بە شای سکۆتلەندە. هەندێک لە هۆزەکان[١] دیارە دژی دەبن. لەبەر ئەوە، کە نەرویج ساڵی ١٠٤٠، بە سوپایەکی گەورەوە هێرشی بردە سەر سکۆتلەندە، چەند هۆزێک، بە ئاشکرا لەگەڵ سوپای بێگانەدا، هاوکارییان لە دژی شایەکەی خۆیان دەکرد.

شا، چەند لەشکرێک پێکەوە دەنێت. هەریەکەی بە سەرۆکایەتیی یەکێک لە "سان"ەکانی[٢] سکۆتلەندە و دەیاننێرێت بۆ بەرگریکردنی وڵاتەکە و دامرکاندنەوەی یاخیبووەکان. مەکبێس و بانکۆ و سانی کۆدەر، لەو سەرۆک لەشکرانە دەبن. لە کاتی ئاژاوەکەدا، بۆ شا، دەردەکەوێت کە سانی کۆدەر لە ژێرەوە لەگەڵ دوژمنەکاندا، هاوکاری لە دژی دەکات. لەبەر ئەوە بە نهێنییەوە دەیگرێت و دەیخاتە بەندیخانەوە بێ ئەوەی بهێڵێت خەبەرەکە بڵاو ببێتەوە.

***

لەو ناوچانەدا سێ خوشکی پیرێژنی جادووگەر هەبوون. ئەمانە، هەر بە سروشت، رقیان لە ئادەمیزاد دەبێت. هەمیشە هەوڵیان دەدا بۆ ئازاردانی. ئەم سێ خوشکە، بۆ رێکخستنی ئیشوکاری خۆیان زوو زوو لە ناو خۆیاندا کۆ دەبوونەوە. رۆژێکیان، هێشتا ئاژاوەکە بەردەوام بوو، دانیشتبوون و خەریکی نوشتە گرتنەوە بوون. پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە یەکتری بکەن و بڵاو بنەوە، لە نێوانیاندا ئەم گفتوگۆیە روو دەدات؛

---

(١) هۆز؛ ئێل، تیرە، عەشیرە، بنەماڵە.

(٢) سان؛ نازناوێکە شا دەیدات بە کەمێک لە سەرۆک هۆزەکان. بەتایبەتی بەوانەی کە خاوەن زەویوزاری زۆرن و هێزی چەکداریی خۆیان هەیە.

یەکەم:

کەی جارێکی تر، ئێمە، ئەم سیانە،

لە ژێر برووسکە و گرمەگرمی هەور لەگەڵ باراندا،[(١)]

کۆ ببینەوە، لە ناو خۆماندا؟

دووەم:

کەی جەنگ دۆڕا و جەنگ برایەوە،

هەرا و هوریاکە دامرکایەوە.[(٢)]

سێیەم:

ئەوساکە، بەرەو ئێوارە دەبێت.

یەکەم:

جێگەکەی، کوێ بێت؟

دووەم:

لە دەشتەکەدا.

سێیەم:

تاکو لەوێشدا، مەکبێس، ببینین.

تومەز ئەم جادووگەرانە، سێ جنۆکەی خوشک دەبن. ئەمە سەردەمێک بوو خوویان دابووە مەکبێس کە بگرە بەجۆرێک بیخەنە ناو داوی خۆیانەوە و بەهۆی ئەوەوە، ئازار بە خەڵکەکەش بگەیێنن.

بۆ ئەوەی هەمیشە بزانن چۆن و کەی باشتر دەتوانن زیان بە ئادەمیزاد بگەیێنن، جاسووسیان هەبوو لە ناو خەڵکەکەدا، لە شێوەی پشیلە و بۆق و قاژوو و قەلەباچکە و شتی وادا. ئەو رۆژە، هەر ئا لەو کاتەی کە لە نوشتەکە دەبنەوە، دەنگی میاوەی پشیلەک دێت.

---

(١) ئەم پیرێژنانە، هەر بە ئاسایی لە کاتی هەور و باراندا کۆ دەبوونەوە.

(٢) لە نێوان دوو لادا جەنگ دەبێت؛ یەکێکیان دەیدۆڕێنێت و یەکێکیان دەیباتەوە.

یەکەم:

پشیلە بۆرە ئەوا دێمەوە.

دووەم:

دەنگی قیڕەی بۆق دێتە گوێمەوە.

سێیەم:

هەر ئێستاکونێ.(١)

ئەو پشیلە و بۆقە، دیارە هەواڵی گرینگیان پێ هەیە و دەیانەوێت زوو بیانگەیێننە خاوەنەکانیان. بۆیە بانگیان دەکەن کە زوو بگەڕێنەوە. ئیتر هەرسێکیان بەم گۆرانییەوە دەکەونە رێ؛

جوان ناشیرینە، ناشیرین جوانە.

دەی با بفڕین

بۆ ئاسمان بە ناو

هەوای چەپەڵ و هالاوی گەنداو. (دەفڕن و ون دەبن)

وشەکانی گۆرانییەکەیان بەو جۆرەیە، چونکە ئەوەی لای ئادەمیزاد جوان بێت و حەزی لێی بکات، لای ئەوان، ناشیرینە و رقیان لێیەتی. ئەوەی کە ناشیرینە، لای ئەوان جوانە.(٢) هەوای ئەو ناوچەیەش، بەهۆی جەنگەکەوە، بۆنی مەرگ و خوێنی لێ دەهات. جنۆکەکان، بەوە، کەیفیان هاتووە، چونکە نوشتەکانیان جێبەجێ بووە.

***

(١) هەر ئێستاکونێ؛ هەر ئێستاکونێ دێمەوە.

(٢) ئەم جادووگەرانە، بە جۆرێک دەدوێن، پیاو بە تەواوی لێیان تێ ناگات؛ قسەکانیان زۆر جار روون نییە، یاخۆ دوو رووە. کە دەڵێن "جوان ناشیرینە، ناشیرین جوانە"؛ هەندێک کەس دەڵێن؛ چونکە لە زەمانێکی بەد و ئاڵۆزاودا دەژیان، مەبەستیان ئەوەیە بڵێن؛ ئەوەی رووی جوانە و بۆت پێ دەکەنێت، زۆر جار، دەروونی ناشیرین و پیسە.

له جەنگەکەدا، هەردووک؛ سوپای بێگانە و یاخیبووەکان، بە تەواوی دەشکێن و بەرەو کاتی ئێوارە، هەرا و هوریاکە دادەمرکێتەوە بە سەرکەوتنی لەشکرەکانی شا.

پیرێژنە جادووگەرەکان، لە ژێر باران و گرمەگرم و برووسکەی هەوردا، لە دەشتەکەدا وەکو رێک کەوتبوون، دێن یەکتری دەبیننەوە. لەو کاتەی کە چاوەڕوانی مەکبێس دەکەن. هەریەکەی باسی خۆی بۆ دووانەکەی تر دەگێڕێتەوە؛ چی کردووە لەو ماوەیەدا و چۆن ئازاری بە ئادەمیزاد گەیاندووە.

یەکەم:

لە کوێ بوویت، خوشکێ؟

دووەم:

لە بەراز کوشتن.(١)

سێیەم:

ئەی تۆ، خۆت، خوشکێ؟

یەکەم:

کەشتیوانژنێ،(٢)
لە ناو کۆشیدا بوو بارێک کەستانە،
مڵچەمڵچی بوو، ئێسک گرانە،
کە لێم داوا کرد، من، یەک دوو دانە،
قەحبە قەڵەوەی، سمت مل پانە،
قیژانی گوتی؛
بڕۆ جنۆکە، ونبە لێرانە!

---

(١) بەراز، دەکوژێت بۆ ئەوەی زیان بە خاوەنەکانیان بگەیێنێت. لەو وڵاتانەدا، گۆشتی بەراز، حەڵاڵە.

(٢) کەشتیوان؛ دەریاوان. کەشتیوانژن؛ ژنی کەشتیوان. وەکو باوەژن، شاژن، ئامۆژن... ئیتر ئاوا.

چونکە ئەو ژنە دڵی شکاندووە. جنۆکەکە سوێند دەخوات کە تۆڵەی خۆی لێ بسەنێتەوە. دەڵێت؛

مێردەکەی، سەرۆک
کەشتیوانانی "پڵنگ"ە. ئێستا،[1]
چووە حەڵەب.
منیش لە شێوەی مشکی بێ کلکدا،[2]
وا دوای دەکەوم، لە ناو بێژنگدا.[3]
چی هەر پێ ناکەم! چی هەر پێ ناکەم!

دووەم:

لە منەوە، ها، بایەک وەربگرە.[4]

یەکەم:

تۆ گەلێک سەخیت، سوپاست دەکەم.

سێیەم:

لە منیشەوە، ها، یەکێک بەرە

یەکەم:

لەوانەی تر خۆم، ژێر باڵم پڕە.[5]

---

(١) پڵنگ؛ ناوی کەشتییەکە. مێردی ئەو ژنە، بەڕێوەبەری کەشتییەکەیە و سەرۆکی کەشتیوانەکانێتی.
(٢) خۆی دەکات بە مشکێک. بەڵام چونکە پیرێژنەکە، کلکی نییە، مشکەکەش کلکی نابێت.
(٣) هەرچەندە بێژنگ کون کونە، بەڵام چونکە ئەوەی کە سواری دەبێت جادووگەرە، ئاوی تێ ناچێت.
(٤) بایەک، ڕەشەبایەک. ڕەشەبای دەداتێ بۆ ئەوەی بەکاری بهێنێت دژی کەشتییەکە.
(٥) لەوانەی تر؛ لەو شتانەی تر، کە زەرەر لە مرۆڤ دەدەن. وەکو ئاگر، لافاو، بوومەلەرزە و... لەم بابەتانە.

بۆ هەرچ گەڕەکێک ئەو رووی بۆ بەرێت،
یاخۆ بەندەرێک، پەنای بۆ بەرێت،
لە ناو خەریتەی کەشتیوان هەبێت،
وێرانی دەکەم.
دڵۆپ بە دڵۆپ،
هەموو تەڕێتیی لەشی دەردەکەم،
وشک وشکی دەکەم،
وەکو پووشی کا.
هەرچییەک بکا، خوشکەکانم، ئەو،
نۆ جار نۆ حەفتە، نە بە رۆژ نە شەو(١)
ناچێتە چاوی، ئاستەمێکیش، خەو.
وا مانووی دەکەم؛
لاواز و بێ هێز، بێ کەڵکی دەکەم.(٢)
هەرچەند کەشتییەکەی،
ژێر ئاو ناکەوێت،
بەڵام رەشەبا، باش بۆی دەشکێنێت.
سەیر بکەن من چیم بەدەستەوەیە.

---

(١) کاتی خۆی کەشتییەک هەبووە بە ناوی (پڵنگ). گوایا چووە بۆ حەڵەب و لە رێگەدا تووشی فەلاکەت بووە. چوون و هاتنەوەکەی هەشتا و یەک حەفتەی پێ چووە.
(٢) جنۆکەکە، خۆی دەکات بە کچێکی جوان و دەچێت بۆ لای مێردی ژنەکە، کە کاپتنی کەشتیی "پڵنگ"ە. هەموو ئەو کاتە بە شەو و رۆژ، لەگەڵیدا دەبێت. بۆیە خەو ناچێتە چاوی پیاوەکە و هەموو تەڕیەتیی لەشی دەردەچێت و وشک دەبێتەوە. بەو جۆرە، کەشتییەکە بێ خاوەن دەمێنێتەوە و رەشەبا دەیشکێنێت.

دووەم:

پێشانم بدە، پێشانم بدە.

یەکەم:

کەڵەئەنگوستی کەشتیوانێکە،[١]

شکا کەشتییەکەی

ئەو، لە کاتێکدا،

بەڕێگەوە بوو، بەرەو ماڵەوە.

سێیەم

دەنگی دەهۆڵ دێت، مەکبێس هاتەوە. (پیرێژنەکان، ئیتر بێدەنگ دەبن)

***

مەکبێس، ئامۆزای شا دەبێت، لە جەنگەکەدا جوامێری و دڵسۆزییەکی ئاوا دەنوێنێت، کە هەموو گەلەکە باسیان دەکرد و بۆ یەکتریان دەگێڕایەوە. بێگومان، شا، ئەوە دەبیستێت. بڕیار دەدات کە ئەو پیاوەتییەی ئەوی قەت لە بیر نەچێتەوە؛ پایەی بەرز بکاتەوە و لە خۆیەوە نزیکتری بکاتەوە.

دوای کۆتاییی جەنگەکە، مەکبێس و بانکۆ پێکەوە بە ڕێوە دەبن بچن بۆ شاری فۆرێس[٢] بۆ لای شا، بۆ ئەوەی چاوڕوونیی لێ بکەن بەبۆنەی رزگارکردنی وڵاتەکەوە.

ئەو ئێوارەیە، گرمەگرمی هەور و برووسکەکانی هەموو ئەو ناوچەیەی پڕ کردبووەوە و باران دەباری. مەکبێس، بە هاوڕێکەی دەڵێت؛

ڕۆژم نەدیوە

وەک ڕۆژی ئەمڕۆ جوان و ناشیرین.[٣]

---

(١) کەڵەئەنگوست؛ پەنجە گەورەی دەست.

(٢) فۆرێس، شارێکە لە باکوری سکۆتلەندە. لەو کاتەدا دەنکەن لەوێ دەبێت.

(٣) ناشیرینە، چونکە هەواکەی ناخۆشە و، ناوچەکە بۆنی مەرگ و خوێنی لێ دێت. جوانە، چونکە شەڕەکەیان بردەوە و بەسەرکەوتوویی دەگەڕێنەوە.

چونکە هەواکەی ناخۆش بوو، بانکۆ، پەلەی بوو، زوو بگاتە فۆرێس بۆ لای شا. دەپرسێت؛

لە "فۆرێس"ەوە، ئایا چەند دوورین

لەو کاتەدا، سەیر دەکات سێ پیرێژنی سیسی لاوازی قژ پرش و بڵاو، لەو دەشتەدا بە پیریانەوە دێن. کە دەیانبینێت سەری سوور دەمێنێت و هەندێکیش دەترسێت؛ ئەمانە کێ بن و لە کوێوە دەرپەڕین و چییان دەوێت. دەڵێت؛

ئای ئەمانە چین؟ چەند سیس و وشکن.

سەیری جلیان کە! لە کێوی دەچن.

هەرچەندە لێرەن؛ لەسەر زەمینن،

کەچی لە خەڵکی سەر زەمین ناچن. (روو دەکاتە پیرێژنەکان و لێیان دەپرسێت)

ئایا زیندوون و جۆرە شتێکن،

کە پیاو بتوانێت پرستان لێ بکات؟

کە ئەمەیان لێ دەپرسێت، سەیر دەکات هەرسێ پیرێژنەکە بەیەکەوە پەنجە گەورە بریندارە قڵیشاوەکانیان، دەخەنە سەر لێوە سیسە لەڕەکانیان؛ وەکو بیر بکەنەوە. بەڵام هیچ ناڵێن. "بانکۆ" هەر وا بە سەرسووڕماوییەوە سەیریان دەکات. لە دواییدا، پێیان دەڵێت:

بە راستی ئەمن، سەرم سووڕماوە،

خۆ ئێوە ژنن، بە دەموچاوا،

کەچی تووک و موو لە رووتان رواوە.

کە هەر وەرام نادەنەوە، ئیتر مەکبێس، بە تووڕەییەوە، وەکو ئەمریان پێ بکات، دەڵێت؛

دە بدوێن ئەگەر پێتان دەکرێت؛

پێمان بڵێن چین؟

جادووگەرەکان دەکەونە دواندن؛

یەکەم:

مەرحەبا مەکبێس، ئەی سانی گلامس.

دووەم:

مەرحەبا مەکبێس، ئەی سانی کۆدەر.

سێیەم:

مەکبێس، مەرحەبا،

لەم زووانەدا، تۆ دەبیت بە شا.

بەم وتانەی جادووگەرەکان، مەکبێس، زۆر دەشڵەژێت و هەندێکیش دەترسێت. بیر دەکاتەوە؛ ئایا ئەمانە لە کوێوە دەزانن کە من ناوم "مەکبێس"ە و سانی " گلامس"م. وە بۆچی پێم دەڵێن سانی کۆدەر. لە کاتێکدا کە من، تەنیا هەر سانی" گلامس"م. بەڵام ئەوەی لە هەمووی زۆرتر دەیترسێنێت و نیگەرانی دەکات، ئەوە بوو کە پێیان گوت؛ "لەم زووانەدا تۆ دەبیت بە شا". چونکە مەکبێس، لە دڵی خۆیدا، بیری لەوە کردبووەوە کە لەم زووانەدا، شا بکوژێت و تەختەکەی لێ داگیر بکات. لەبەر ئەوە زۆر سەیری لێ دێت کە ئەم پیرێژنانە ئەو نهێیینەی دڵی دەزانن و دەترسێت بە جۆرێک ئەوە، ئاشکرا ببێت.

بانکۆ، هەست بە نیگەرانییەکەی هاوڕێکەی دەکات و لێی دەپرسێت؛

میرانی بەڕێز، بۆ راچڵەکایت،

وەک لە ترساندا،

بەو وتانەی کە شێوەیان جوانە.(١)

مەکبێس، هەر بە بیر و خەیاڵی خۆیەوە خەریک بوو. وەرامی نەدەدایەوە.

---

(١) ئەو قسانە جوانن؛ شتێکی باشە پیاو ببێت بە شا. بەڵام تۆ بۆچی کە ئەو قسانەت بیست، راچڵەکایت؟

چونکە ئەو قسانە، "مەکبێس"یان خستە مەراقەوە، بانکۆ، حەز دەکات پیرێژنەکان، بە خۆیشی شتێک بڵێن. دەڵێت:

ئەگەر لە رادەی دەسەڵاتتانە،
ببینن تۆوی سکی زەمانە و
سەرنجی لێ دەن دانە بەدانە،
بڵێن کامانە زل دەبن دەڕوێن،
کامانە ناڕوێن، بە منی بڵێن.
بەوەی، نە لێتان
دەپاڕێتەوە بۆ هیچ چاکەیەک،
نە لە کینەتان، یەک تۆز دەترسێت.

ئیتر جادووگەرەکان، هەر یەکێ شتێکی پێ دەڵێن؛

یەکەم:

تۆ بچووکتریت، بانکۆ، لە مەکبێس،
گەورەتریشیت.

دووەم:

هەندەی ئەو شاد نیت.
بەڵام هێشتا لەو، گەلێک شادتریت.(١)

سێیەم:

هەرچەندە، تۆ، خۆت، قەت نابیت بە شا،
ئا، بەڵام دەبیت
بە باو و باپیری زنجیرەیەک شا.

یەکەم:

دەی ماڵئاوا بن، مەکبێس و بانکۆ.

---

(١) دیسانەوە، جادووگەرەکان وتاری دوو ڕوو بەکار دەهێنن.

پیرێژنەکـان، هـەر ئەوە دەڵێن و لە ناو هـەواکەدا، وەکو بـتوێنەوە، ون دەبن. مــەکــبـێس و بانکۆ، بە ســەرســوورمـاوی دەمــێننەوە. بانکۆ، لە هـاوڕێکەی دەپرسێت؛

ئەوەی کە دیمان، بڵێیت راستی بوو،
یان ئیشوکاری رەگی شێتی بوو؟
ئەو رەگەی مێشک دەخاتە زیندان،
ترسم لەوەیە، کە خواردبێتمان.(١)

مـەکبـێس، چونکە ئەوەی کـە پیـرێژنەکان پێـیـان گوت، بەر لە ئێـسـتـا، خـۆی، بیری لێ کردبووەوە، لەبەر ئەوە زوو بڕوایان پێ دەکات. بە بانکۆ دەڵێت؛

منداڵەکانی تۆ دەبن بە شا.

بانکۆ:

خۆ ئەگەر وا بێت،
ئەتۆ جەنابت، خۆت، دەبیت بە شا.

مەکبێس:

سـانـی " کۆدەر"یش، ئایا وا نەبوو.

مەکبێس، کـە ئەوە دەڵێت، بە شێـوازێک و جۆرە دەنگێک دەیلێت، هـەر وەکو دەنگی خـۆی نـەبێت؛ دەنگی جنۆکـەیـەک بێت لە ناو دەروونییــەوە بدوێت. لەبەر ئەوە بانکۆ، وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛

بە وشـە و ئاواز، هـەر راست ئاوا بوو.(٢)

***

---

(١) رەگی شـێتی؛ رەگی جـۆرە درەختێکە کـە پیـاو دەیخوات، وەکو حـەشیـشـە، کاری تێ دەکات؛ دەکەوێتـە خـەیاڵەوە و لە گێتییـەکی جیـاوازدا دەژێت. دنیـای راسـتی نابینێت. مێشکی پەکی دەکەوێت، وەکو خرابێتە زیندانەوە وایە.

(٢) جنۆکەکان، چوونەتە ناو دەروونی مەکبێسەوە. وا زاڵ بوون بەسـەریدا، دەنگیشی وەکو هـی ئەوانی لێ هاتووە.

هێشتا پێکەوە وەستابوون باسی جنۆکەکانیان دەکرد، کە دوو پەیامبەر، رۆس و ئەنگەس، لەلایەن شاوە دێن. دوای ئەوەی رێز و سوپاسێکی زۆری "شا"یان پێ دەگەیێن، رۆس، بە مەکبێس دەڵێت؛

وەکو پێشەکی

بۆ خەڵاتێکی بەرز و گەورەتر،

منی راسپارد، لەلایەنیەوە،

ناوت نێم " کۆدەر ".(١)

ئەم ناوە بەرزەی دانا بۆ تۆ بێت،

سانی بەرێزمان، دەک پیرۆزت بێت.

بانکۆ، کە گوێی لە قسەکانیان دەبێت، گەلێک سەیری لێ دێت. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

سەرم سوورماوە؛ قەت بووە و دەبێت،

شەیتان هەواڵی راستمان پێ بڵێت؟

مەکبێس، لە پەیامبەرەکان دەپرسێت، ئاخر چۆن دەبێت من ببم بە سانی کۆدەر؟ خۆ سانی کۆدەر هێشتا زیندووە، ماوە. وەرامی دەدەنەوە؛ ئا، راستە، ئەوەی کە سانی کۆدەر بوو، هێشتا ماوە، بەڵام چونکە خیانەتی لە شا کردووە، بە بڕیاری دادگە، لەم زووانەدا لەناو دەبرێت. کە پەیامبەرەکان دەڕۆن، مەکبێس، دەکەوێتە مەراقێکی قووڵەوە و بە ماتی هەر لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە: ئەوەتانێ بووم بە کۆدەر، کەوابێت ئاواتە هەرە بەرزەکەشم، بە رێگەوەیە. لە بانکۆ دەپرسێت؛ ئایا حەز ناکەیت منداڵەکانت ببن بە شا؟ خۆ ئەوانەی کە بەڵێنیان بە من دا ببم بە کۆدەر، هەر ئەوانیش بەڵێنیان بە کوڕەکانی تۆ دا. بەڵام بانکۆ، لە دڵی خۆیدا بڕیار دەدات کە ئەو پیرێژنانە،

---

(١) کۆدەر؛ سانی ناوچەی کۆدەر. ئەوسا وا بووە؛ بە سانی کۆدەریان دەگوت کۆدەر" بە سانی گلامس، تەنیا هەر گلامس، بە شای نەرویج "نەرویج"، بە شای دانیمارک " دانیمارک". ئیتر بەم جۆرە.

شەیتانن و هاتوون بمانخەڵەتێنن. دەڵێت؛

ئەوەی، بێگومان، بڕوات پێی هەبێت،
ئاگر لە جەرگتدا دادەگیرسێنێت؛
لە دوای " کۆدەر"ی، دەستگیرکردنی
تەختی شایەتی، مەبەستت دەبێت.
شتێکی سەیرە؛
زۆر جار ئامرازی تاریکی و ڕەشی،(١)
بۆ ئازاردانمان،
لە دیدە و زاری، ڕاستی دەبیستی،
دەربارەی کار و کردەوەی وردد ا،
تاکو بە پێی خۆت، بێیتە ناو داوی
دەرد و ئازاری کاری گرینگدا.

بەڵام، مەکبێس، لە مەراقدایە. تەنیا بە بیر و خەیاڵی خۆیەوە، خەریکە. دەڵێت؛

ئەوا، تا ئێستا،
لەوانەی ئەمڕۆ پێمان گوترا،
دووانی ڕاست دەرچوو و جێبەجێ کرا(٢)
وەکو پێشەکی، لە ڕێگەی مندا،
بەرەو زەڕزەنگ و تەختی شایەتی.(٣)

بیرێک لە قسەکانی بانکۆ دەکاتەوە، بەڵام، بڕیار دەدات کە ئەوانە، شەیتان نین. ئاسمان ئەوانەی بۆ من ناردووە. ئیتر دەڵێت؛

---

(١) ئامراز؛ ئەدەوات. ئامرازی تاریکی و ڕەشی؛ شەیتان و خێو و جنۆکەی بەدخواز.

(٢) بوو بە سانی کۆدەر و سانی پێشووی کۆدەر، ئیعدام کرا.

(٣) زەڕزەنگ؛ تاج.

ئەوەی کە ئاسمان وا هانم دەدات،
نە دەبێت بەد بێت، نە دەبێت باش بێت؛
ئەگەر بەد بووایە،
بۆچی پێشەکیی بۆ سەرکەوتنم،
وا دروست بوایە؛
ئەوەتانێ من، سانی کۆدەرم.
ئەگەر باش بووایە،
بۆچی من دڵم، وا بە ئاسانی،
لار بووەوە بەرەو پێشنیازێکی(١)
هەندە سامناک و پڕ لە ناپاکی؛
هەر کە وێنەکەی،
دێتە بەر دیدەی بیر و خەیاڵم،
تووکی سەر گیانم، سەرجەم دەوەستێت.
لێدانی دڵم زۆر و بەرز دەکات،
گرمەی دەگاتە پەراسووەکانم.

بانکۆ، کە دەبینێت چەند مەکبێس ورووژاوە و بیر و خەیاڵی لە گێتییەکی تردایە، لێی دەپرسێت؛ ها، گەورەم، نەڕۆین؟ ئیتر دەکەونەوە رێ.

بە ڕێوە، مەکبێس لە هاوڕێکەی دەخوازێت کە لەسەرخۆ بیر بکاتەوە لەوەی کە رووی دا، بۆ ئەوەی لە دواییدا لە نێوان خۆیاندا پێکەوە باسێکی لێ بکەن. تکاشی لێ دەکات کە جارێ لای کەس نەیگێڕێتەوە. بەڵام، خۆی، مەکبێس، خۆی پێ ناگیرێت، زوو نامەیەک بۆ ژنەکەی دەنووسێت و هەموو رووداوەکەی، وشە بە وشە، بۆ دەگێڕێتەوە.

***

(١) پێشنیازەکەی، ئەوەیە کە دەنکەن بکوژێت. بەڵام هەرچەند بیری لێ دەکاتەوە، لە ترساندا رادەچەڵەکێت.

کـە دەگـەنە لای شـا، زۆر بە گـەرمـوگـوڕییـەوە پێـشـوازییـان لێ دەکـات و ئاهەنگێکی گەورە دەبەستێت بەبۆنەی سەرکەوتنیانەوە لە جەنگەکەدا. لە ئاهەنگەکەدا، دوای ئەوەی زۆر ستایشی سەرۆک هێزەکانی خۆی دەکات و بەتایبەتی مەکبێس، ئاشکرای دەکات کە بڕیاری داوە؛ لە دوای مردنی خۆی، "مالکەم"ی کوڕی، جێگەی بگرێت. لە هەمان کاتدا، بۆ ئەوەی نرخی مەکبێس، لە بەرچاوی گەلەکەدا بەرز بکاتەوە و پێشانی بدات کە چەند بڕوای بە دڵسۆزیی ئەو هەیە، بڕیار دەدات بە میوانی بچێت بۆ ماڵی و شەوەکەش، بۆ نووستن، لەوێ بمێنێتەوە. مەکبێس، زوو روخسەت لە شا دەخوازێت کە رێی بداتێ دەستبەجێ بچێت بۆ ماڵەوە بۆ ئەوەی بە زمانی خۆی ئەو هەواڵە خۆشە بە ژنەکەی خۆی بگەیەنێت.

مەکبێس، تۆزێک ئومێدی بەوە هەبوو کە دەنکەن بیکات بە جێگری خۆی، بەتایبەتی لە دوای ئەوەی کە رۆس پێی گوت؛

وەکو پێشەکی
بۆ خەڵاتێکی بەرز و گەورەتر،
منی راسپارد، لەلایەنیەوە،
ناوت نێم کۆدەر.

بەڵام دوای ئەوەی کە دەنکەن، کوڕەکەی خۆی کرد بە جێگری خۆی، ئیتر ئەو ئومێدەی نامێنێت. کە بە رێگەوە دەبێت بەرەو ماڵەوە، بیر دەکاتەوە کە ئێستا ئیتر هیچ رێیەکی تری بۆ نەماوەتەوە کە ببێت بە شا، جگە لەوەی کە دەنکەن بکوژێت و تەختەکەی بەزۆر لێ داگیر بکات. دەکەوێتە مەراقەوە؛ لەلایەکەوە زۆر حەز دەکات ببێت بە شا، لەلایەکی تریشەوە کوشتنی دەنکەن، بە کردەوەیەکی زۆر نزم و ناپیاوەتی دەبینێت. دوای ئەوەی دڵی بە لایەکیاندا دەشکێتەوە و بڕیار دەدات، سەر هەڵدەبڕێت سەیرێکی ئاسمان و دەوروپشتی خۆی دەکات، دەبینێت کە جگە لەو تۆزە رووناکییەی ئەستێرەکان، دنیا تاریک تاریکە. ئیتر دەڵێت؛

دەی ئەستێرەکان،
ئاگر و گڕتان، بشارنەوە؛
نەوەک رووناکی بێت و ببینێت
قووڵاییی رەشی ئارەزووی دڵم.
پێڵووەکانم،
بەر لە چاو بگرن، با دەست نەبینێت.
بەڵام با ببێت
ئەو شتەی کە چاو، کاتێک کە دەبێت
ناوێرێت سەیری بکا و بیبینێت.

***

بەو نامەیەی کە مەکبێس، بۆ ژنەکەی خۆی نووسیبوو، دیارە کە مەکبێس، پێش ئەم رووداوە، پێی گوتووە کە بەتەمایە بە جۆرێک، تەختی شایەتی بۆ خۆی داگیر بکات. ژنەکەشی ئەوەی پەسند کردووە و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی ئەو رۆژە دەکات. کە نامەی مێردەکەی پێ دەگات و باش دەیخوێنێتەوە، دەورووژێت. لە دڵی خۆیدا بیر دەکاتەوە و دەڵێت؛ کەوابێت ئەمە، ئارەزووی گەردوون خۆیەتی کە مێردەکەم ببێت بە شا. بەڵام کە دێتەوە بیری مێردەکەی پیاوێکی باش و دڵنەرمە، ستەمکار نییە، دەترسێت کە ئەو دڵنەرمییەی ببێت بەهۆی ئەوەی کە نەتوانێت رێگەی خۆی بە کورتی ببڕێت. ئیتر لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

گلامس و کۆدەر، وا هەردووکیانیت،
دەشبیت تۆ بەوەی بەڵێنیان پێ دایت.
بەڵام سروشتت من دەترسێنێت؛
شیری دڵنەرمی و مرۆڤایەتی،
گەلێک بە زۆری لە ناویایەتی.

دەترسم ئەوە تینی بشکێنێت؛
نەیەڵێت ڕێگەی خۆت کورت ببڕیت.
هەتە، دەزانم، گەلێک بەرزخوازی،
بەڵام ئەو دەردەی
پێویستە و دەبێت یاریدەر بێت،
لەگەڵیدا نییە ئاگەداری بێت.(١)

زۆر حەز دەکات مێردەکەی زوو بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی هانی بدات و لەگەڵیدا ڕێک بکەوێت کە چی پێویستە و چۆن بە شێوازێکی ئازا و زیرەکانە ئەم کارە دەبێت جێبەجێ بکرێت. ئیتر دەڵێت؛

زوو بگەرە ئێرە، تاکو بتوانم،
بە گوێتدا ڕۆی بکەم ڕۆحی چالاکم؛
بە زمانی ئازای پڕ دەسەڵاتم،
کۆسپی سەر ڕێگەت بۆ رابماڵم.

ئا لەو کاتەدا کارەکەرێک دێتە ژوورەوە. بانوو مەکبێس، کە دەیبینێت هەندێک ورووژاوە. لێی دەپرسێت:

چ هەواڵێکت ئەرێ پێ هەیە؟

کارەکەر:

شا، بۆ ئێرە دێ ئەم ئێوارەیە.

بانوو مەکبێس، کە ئەمە دەبیستێت، دەحەپەسێت. چونکە خۆی ئا لەو کاتەدا بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن بگاتە دەنکەن تا لەناوی بەرێت و مێردەکەی ببێت بە شا. کەچی ئەوەتا دەنکەن، بە پێی خۆی دێت. بە کارەکەرەکە دەڵێت؛

---

(١) بەرزخوازی بە تەنیا ناتگەیێنێت بە ئامانجت. دەبێت هەوڵی بۆ بدەیت و ئامادە بیت لە پێناویدا خراپە بکەیت. لێرەدا کە دەڵێت 'دەرد' مەبەستی لەو دەسەڵاتەیە کە پیاو خراپەی پێ دەکات. پیاوی باش، دەسەڵاتی خراپەکردنی نییە.

دیارە شێت بوویت، بۆیە وا دەڵێیت.
بۆ ئاغاکەت خۆی، لەگەڵیدا نییە؟[1]
گەر وا نەبووایە؛ هەر هیچ نەبووایە،
خۆ پێی دەگوتین؛ ئامادە بین بۆی.

کارەکەر:

وەکو دەفەرموون، راستە ئاوایە.
ئاغا، دێتەوە؛ وا لە رێگەیە.
هاورێیەکی من،
لە پێشیانەوە، وەک تیر دەرپەڕی.
تا گەیشتە ئێرە، وا ماندوو بووبوو؛
بە ئاستەم هۆشی، مابوو لەبەری،
دوو وشە بە زۆر دەرچوو لە دەمی؛
مژدەی هاتنی "شا"مان بداتێ.[2]

بانوو مەکبێس، بیر دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ قەت بوارەیەکی باشترمان بۆ هەڵناکەوێت. خوا، هەر خۆی دەزانێت بۆچی ئەمشەو شا، دەبێت بێت بۆ قەڵاکەی ئێمە. هەموو ئەو رۆژە، بانوو مەکبێس، گوێی لە دەنگی قاژوویەک دەبێت، لەسەر دیوارێکی قەڵاکەیان نیشتبووەوە و دەیقیڕان. دەزانێت کە قیرەی قاژوو شتێکی بەیوومە. بەڵام وا تێ دەگات کە ئەو بەیوومییە تەنیا دەنکەن دەگرێتەوە. دەڵێت؛

(١) ئاغاکەت؛ مەبەستی لە "مەکبێس"ە.
(٢) مەکبێس، بەتەما بوو خۆی مژدەی هاتنی شا، بگەیەنێت بە ژنەکەی. بەڵام دیارە بۆ ئەوەی خەبەرەکەی زووتر پێی بگات، بڕیاری داوە کە یەکێک لە پێش خۆیەوە بنێرێت.

دەنگی خۆی نووسان بەقیڕان قاژوو.

ئەو قیڕەقیڕەی، جاڕی بەیوومە

بۆ ئەم هاتنە بکوژەی دەنکەن،

بۆ قەڵای ئێمە.

بڕیار دەدات کە ئەو شەوە بە هەر جۆرێک بێت، دەبێت شا، بکوژرێت. لەبەر ئەوە لە خێوە بەدەکان دەخوازێت کە بێن و بچنە ناو دەروونییەوە. دڵی، ئاوا رەق بکەن کە بەزەییی بە کەسدا نەیەتەوە. ئەگینا ناتوانێت ئەو کارە سامناکە بە ئاسانی بکات. دەڵێت؛

بۆ ئێرە وەرن، خێوە بەدەکان!

ئێوە، ئەوانەی نۆکەری دەکەن

تەنیا بۆ کاری بەد و پیاوکوشتن.

وەرن، لێرەدا،

ژنێتی و نەرمیی گیانی من، بەرن،

لە جێی ئەوانە؛

لە پەنجەی پێوە تا تەپڵی سەرم،

پڕ پڕم بکەن

بە نەگریسترین دڵڕەقێتی و قین،

خوێنم بە جۆرێک ئاوا خەست بکەن؛

داخ و پەژارە، جووڵەی تێدا نەکەن،

دەرگەی بەزەییم وا توند دابخەن،

هاوار و ناڵەی ویژدان پێی نەگەن.

تاکو بەزەیی هەرگیز نەتوانێت

مەبەستی دڕی من بشەکێنێت،

یاخۆ ئاسوودە دابمەزرێنێت،

له نێوان ئەو و ئامانجەکانی.[(١)]
دەی نوێنەرانی غەدر و پیاوکوشتن،
ئێوە، ئەوانەی لە هەرچ کوێیەک بن،
لە ناو ئەو لەشە نادیارەتاندا،
لە سروشتماندا
بۆ بەدەکانی هەر تێ دەکۆشن.
وەرن ئەم شیرەی مەمکم بەرن؛
بە ژەهر بۆمی بگۆڕنەوە.

ئێستا، بانوو مەکبێس، بە تەواوی ئامادەیە ئەو کارە بکات. بەڵام دەبێت بە جۆرێک بیکات کە هەرگیز کەس پێی نەزانێت. تەنانەت ئەو کێردەی کە کارەکەی پێ دەکات. ئیتر دەڵێت؛

ئەی شەوی تاریک، وەرە، کە هاتیت،
با سیاترین دووکەڵی دۆزەخ،[(٢)]
بتپێچێتەوە؛
تاکو نەتوانێت کێردە تیژەکەم،
شتێک ببینێت
لەو برینانەی کە من پێی دەکەم.
تاکو " گەردوون"یش، لە کونێکەوە،
لە ناو جاجمی تاریکییەکەوە،[(٣)]

---

(١) نە مەبەستی درِی من بشەکێنێت و نە ئاشتی دابمەزرێنێت لە نێوان مەستی درِم و ئامانجەکانی (ئەوانەی مەبەستی درِم بەتەمایە ئازاریان بدات)

(٢) سیا؛ رەش. سیاترین؛ رەشترین.

(٣) جاجمی تاریکییەکە، مەبەستی لە شەوە. نەوەکو لە ناو جاجمەکەدا کونێک هەبێت و لەوێوە گەردوون، سەیر بکات و ببینێت من چی دەکەم. لەبەر ئەوە لە شەو دەخوازێت کە خۆی بە دووکەڵێکی زۆر رەش (دووکەڵی دۆزەخ) بپێچێتەوە.

نەتوانێت سەیر کات؛ تا هاوار بکات؛

"نەیکەیت، هـــــا، نەیکەیت".

وەکو دەبینین، بانوو مەکبێس بڕیاری داوە کە بە هیچ جۆرێک ئەم بوارە باشەی ئەمشەو، لە کیسی خۆی نەدات؛ دەنکەن بکوژێت، ئەگەر گەردوون خۆشی بڵێت؛ "هـــا، نەیکەیت".

ئا لەو کاتەدا مەکبێس، دێتە ژوورەوە. کە مێردەکەی دەبینێت زوو هەڵدەستێت و دەچێت بە پیرییەوە و باوەشی پێدا دەکات و دەڵێت؛

"گلامس"ی بڵند، "کۆدەر"ی بەڕێز،

بەو مەرحەبایەی کە لێیان کردیت،

تۆ لە هەردووکیان گەورەتر دەبیت.(١)

نامەکانی تۆ، منیان دەرهێنا

ئا لەم ژیانە بێ کەڵکەی ئێستام،

بۆ جێگەیەکی

تر منیان هێنا؛

ئایندە ئێستا، لە بەرچاومدایە.

مەکبێس، لە مەبەستی ژنەکەی باش تێ دەگات. بەڵام نازانێت بڵێت چی. تەنیا دەڵێت؛

ئەمشەو، گیانی گیان،

دەنکەن، بۆ ماڵمان، دێت بە میوانی.

ژنەکەی:

کەی دەڕواتەوە، وەکو بزانی؟

مەکبێس:

نیازی وایە، سبەی بەیانی.

---

(١) لەهەردووکیان گەورەتر دەبیت؛ لەگلامس و کۆدەر گەورەتر دەبیت (دەبیت بەشا).

ژنەکەی:

ئاخ،

ئەو سبەینێیە،

هەرگیز نایبینێت خۆری بەیانی.[١]

که ئەمه لە ژنەکەی دەبیستێت، مەکبێس، سەیری لێ دێت و جۆره ترسێک، یان گومانێک به روویەوە دەردەکەوێت. لەبەر ئەوە ژنەکەی پێی دەڵێت:

چاو و رووت، گەورەم،

وەک کتێبێک بێت پڕ لە پەنهانی،[٢]

ئەوەی بیەوێت؛

دەیخوێنێتەوە زۆر بە ئاسانی.

وەک زەمان خۆی بە، تاکو بتوانیت

بە زمانی خۆی بیخەڵەتێنیت؛

بەکار بهێنە دەست و روو و زمان،

ئاوا بە جۆرێک، بۆ ئەوەی کەسان،

وا لێت تێ بگەن کە تۆ دۆستیانیت؛

هەر وەکو گوڵە بێ تاوانەکە،

دەرکەوە لە بەرچاوی خەڵکەکە،

بەڵام خۆت ببە، بەو مارەی بنی.[٣]

---

(١) ئەو سبەینێیەی کە شا، دەڕواتەوە، خۆری بەیانی قەت نایبینێت؛ چونکە پێش ڕۆژ هەڵات کارەکە تەواو دەکرێت.

(٢) پەنهانی؛ نهێنی.

(٣) گوایە شەیتان لە بەهەشتدا، خۆی کردووە بە کوڵەمارێک و لە ژێر نەمامی گوڵێکی جوانی بێ تاواندا خۆی شاردووەتەوە.

کـە دەبینێت مـێـردەکـەی لە مــەبەســتی تێ دەگــات و هیچ نـاڕەزاییـیـەک دەرنابڕێت، دەڵێت:

ئەوەی کە وا دێت،

شوێن و ڕێی دەبێت ئامادە کرێت.

کاری گرینگی ئەمشەویش دەبێت،

بە چاودێریی من جێبەجێ کرێت.

دەبینێت مێردەکەی هەر ماتە و بیر دەکاتەوە و هیچ ناڵێت. پێی دەڵێت؛

بە سایەی کاری گرینگی ئەمشەو،

ئیتر لەمەولا، بە ڕۆژ و بە شەو،

تاج و تەختی شا و هەموو هێزی ئەو،

بە سەربەخۆیی، هی خۆمان دەبێت.

مەکبێس:

باسی ئەوانە، دەکەین لە پاشا.

ژنەکەی:

تەنیا ئەوەندەم من لە تۆ دەوێ؛

ڕوانینت ڕوون بێ و ترست هیچ نەبێ.

ترسە ئەوەی کە ڕوو پێی وەڕس دەبێ.

گشت ئەوانەی تر، لەسەر من دانێ.

***

ئەو ئێــوارەیە، کــە دەنکەن، دەگــات، بـانوو مــەکـبــێس، بە دڵ و ڕوویـەکی خـۆشـەوە، دەچێت بە پـیـرییـەوە و لەبەری دەنوشـتـێـتـەوە و پـێشـوازییـەکی زۆر گەرموگوڕی لێ دەکات و دەیباتە ژوورەوە.

لە کـاتی نانـخـواردندا، کە لـە دەوری مێزەکە هەموو دانیشـتبوون، مـەراق و پەسـتـییەکی زۆر، بەسـەر "مەکبێس"دا، زاڵ دەبن. دەترسێت ئەوانە بە ڕوویەوە

دەربکەون. لەبەر ئەوە دەچێتە دەرەوە. لەوێ بە تەنیایی بیر دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت:

گەر کردنەکەی،
کۆتایی بەمە، هەمووی بهێنێت؛
هەرچەند زووتر بێت، بۆ من باشترە.(١)
گەر کوشتنەکەی، وەک تۆڕێک دەبوو،
ئەنجامەکانی
خۆی تێدا بەند دەبوو،
هەرکە شا، دەمرد،
سەرکەوتنەکەی منیشی دەگرت،
دەستگیرم دەبوو،(٢)
ئەمانەش هەمووی،
بەیەک دەست وەشان جێبەجێ دەبوو،
ئێستا، لێرەدا
لەسەر کەناری رووباری زەمان،(٣)
دنیای داهاتووم دەکرد بە قوربان.(٤)

ئێستا مەکبێس، هەست دەکات کە ئامادەیە ئەو کارە بکات بەمەرجێک قەت

(١) هەرچەند زووتر بیکوژم بۆ من باشترە، چونکە زووتر لە ئازاری ئەم مەراق و پەستییە، رزگارم دەبێت.
(٢) ئەگەر ئەم کوشتنە وەکو تۆڕێک هەموو ئەنجامەکانی خۆی، لە ناو خۆیدا، بەند دەکرد؛ کەس نەزانێت کە ئێمە کردوومانە و سەرکەوتنەکەشمی بۆ دەگرتم (سەرکەوتنەکەشی بۆ من مسۆگەر دەکرد و دەبووم بە شا).
(٣) زەمان؛ کات. چونکە کات، هەمیشە دەڕوات و ناوەستێت، بە ئاوی رووبار تەشبیهی دەکات.
(٤) ئامادەیە کە دنیای داهاتوو بکات بە قوربانی ئەم دنیایەی ئێستای.

ئاشكرا نەبێت كە خۆی دەستی لەو كردەوەیەدا هەیە و لە دواییشدا بكرێت بە شا. ئیتر باكی دنیای داهاتووی نییە. بەڵام كە قووڵتر بیری لێ دەكاتەوە، دیسانەوە دەكەوێتە گومان و مەراقەوە و دەڵێت؛

بەڵام، بێگومان،
حوكمی خۆی هەیە ئەم دنیایەمان؛
ئەوی پیلانی كاری خوێناوی
دادەنێ و دەیكات،
تیری كەوانی ئەو كارە بەدە،
دەگەڕێتەوە و لە جەرگی دەدا.
دەستی ڕەوای داد،
ئەو جامەی دەسمان، ژەهری تێ دەكات،
بۆ دەمی خۆمان، پێشكێشی دەكات.

كە زیاتر بیری لێ دەكاتەوە، هەست دەكات، جگە لە حوكمی ئەم زەمانەمان، دەروونیشی ئازاری دەدات و گرانە بۆی ناپیاوەتییەكی ئەوەندە ناپاك و ناشیرین بكات. دەڵێت؛

ئەوەتا دەنكەن، ئێستا لێرەیە،
بڕوای دووقاتی بە ئێمە هەیە؛
یەك؛ خزممانە. دوو؛ گەورەمانە.
ئەمانە، هەردووك، دژی ئەو كارەن.
جگە لەوانەش، ئەو میوانمانە؛
لەسەرمە كە من، ڕێ و دەرگە بگرم
لەو كەسەی دەستی بۆ درێژ دەكات،
نەك بە دەستی خۆم خەنجەر هەڵبگرم.

هەرچەند زیاتر لەو كارە بیر دەكاتەوە، ناشیرینتر دێتە بەرچاوی. بە

تـايبـــەتی چـونکە دەنکەن ئـەوەندە شـــايەکی چاک و بـەڕێز و دەروون پـاک و خۆشەويستە. ئيتر دەڵێت؛

سەرەڕای هەموو ئەوانەی گوتم؛
دەنکەن، هەميشە، ئەرکی مەزنی[١]
وا جوان هەڵدەگرێت؛
کردەوەکانی،
گشتی پياوەتی و چاکە و پاکييە.
لە دوای مردنی؛ هەر چاکەيەکی،
وەک پەرييەکی زمان بلوێر دێت[٢]
دەپارێتەوە
تۆڵەی کوشتنی بۆ بسەنرێتەوە.

ئينجا وێنای[٣] بەزەيی دەکات کە چۆن ئاگرێک لە جەرگی گەورە و بچووکی گەلەکە بەردەدات. لە دواييشدا، هەر خۆشی، بەزەيی، وەک منداڵێکی ساوای رووتی نویَ لەدايک وو، دێت بە لافـاوی فـرمـێـسکەکـانيـان، ئەو ئاگـرە، دەکوژێنێتەوە. ئيتر دەڵێت؛

"بەزەيی"ش، وەکو
منداڵی رووتی نویَ لەدايکبوو
سواری زريانی ئاژاوە دەبێت.[٤]

---

(١) ئەرکی مەزنی شاهانی خۆی، بە جوانی لەسەر ئەستۆی خۆی هەڵدەگرێت.

(٢) هەر لە کۆنەوە هونەرمەندەکان، کە رەسمی پەری دەکەن، زۆر جار لە شێوەی منداڵێکی ساوای رووتی باڵداردا دەيکەن و بلوێرێکی بە دەمەوەيە لێی دەدات. بەو بلوێرە دەنگ بەرزە، کارە باشەکانی دەنکەن دەهێنێتەوە بيری خەڵکەکە و دەپارێتەوە؛ تۆڵەی دەنکەن بسەندرێتەوە.

(٣) وێناکردن؛ تەسەورکردن.

(٤) زريانی ئەو ئاژاوەيەی کە بە هۆی کوشتنی "دەنکەن"ەوە روو دەدات.

یاخۆ وەک پەری
گەردوون، بەسواری
ئەسپێکەوە دێت؛ ئەسپێکی نادیار،
وەکو لە هەوا، دروست کرابێت.
هەواڵ و باسی
ئەو کردەوەیە سامناکە دەبا،[١]
هەڵی دەداتە ناو هەموو چاوێک.
فرمێسکی چاوان، دێت بە لافاوێک،
تینی رەشەبا غەرق دەکا و دەیبا.[٢]

دوای بیرکردنەوەیەکی زۆر، ئەو کارە سامناکەی بەجارێک لە بەرچاو دەکەوێت و بڕیار دەدات کە هەرچەندە زۆر حەز دەکات ببێت بە شا، بەڵام ناتوانێت ناڕەواییەکی ئاوا ناشیرین بکات. دەڵێت:

ئاوزەنگیم نییە
بۆ پێداهێنانی ئەسپی نیازم.
ئەوەی کە هەمە، هەر بەرزخوازییە؛
بەرزتر لە بالای خۆی هەڵدەبەزێت
دەکەوێتەوە خوارێ لەو.....[٣]

---

(١) جاران پۆستەچی بە سواری ئەسپەوە خەبەر و نامەی بە خەڵک دەگەیاند.
(٢) چاوی پیاو، ئاو دەکات ئەگەر شتێک بکەوێتە ناوی. کە پەرییەکە ئەو هەواڵە ناخۆشە هەڵدەداتە ناو چاوی هەموو کەسێکەوە، فرمێسکی چاوەکانیان دەبێت بە لافاوێک خەفەتی دڵیان دەبات و دای دەمرکێنێتەوە. (مرۆڤ کە دەگری، خەفەتی دڵی سووک دەبێتەوە).
(٣) دەیویست بڵێت کە بەرزخوازییەکەی دەکەوێتەوە خوارێ لە دیوی ئەوبەری ئەسپی نیازی. ئەگەر پیاو بیەوێت بگاتە نیازی خۆی، دەبێت بە سواری ئەسپی نیازییەوە بۆی بچێت.

بەر لەوەی هەمــوو ئەوەی لە دڵیــایەتی دەری ببــڕێت، ژنەکــەی دێت. کــە دەیبینێت لێی دەپرسێت؛

هـا،

دەنگوباس چییە؟

ژنەکەی:

نانی ئێوارەی وا تەواو دەکات.

بۆ لە هۆڵەکە دەرچوویتە دەرێ؟

مەکبێس:

هیچ پرسیارێکی دەربارەی من، کرد؟

ژنەکەی:

گوایە نازانی کە پرسیار دەکات؟

مەکبێس:

لەم کارە دەبێت، ئێمە واز بێنین؛

لەم دواییەدا،

گەلێک شانازی بە من بەخشیوە،

بڕوای زێڕینم من پێ کڕیوە،

لای هەموو کەسێک.

تا هێشتا جوان و بریقەدارە،

پێویستە ئێستا، لەبەر بکرێت،

نەک هەر ئاوا زوو، فڕێ بدرێت.(١)

ژنەکەی، کە ئەمەی لێ دەبیستێت، سەیری لێ دێت و زۆر تووڕە دەبێت. پێی دەڵێت؛

---

(١) شا، ڕێزی مەکبێسی لە بەرچاوی هەموو کەسێک بەرز کردەوە؛ کردی بە کۆدەر و هات بۆ ماڵی بە میوانی. ئێستا هەموو کەسێک بڕوایەکی زۆری بەتوانای مەکبێس هەیە. حەز دەکات سوود لەوە وەربگرێت و تێکی نەدات.

ئەو هیوا بەرزەی،
کە خۆت لەناویدا پۆشتە کردبوو،
ئایا سەرخۆش بوو؟
هەر لەوساکەوە، بێ هۆش، نووستبوو؟
تازە هەڵدەستێ و چاو دەکاتەوە،
بە لێوی سەوز و ڕەنگی زەردەوە،(١)
بیر لە کردەوەی خۆی دەکاتەوە،
کە ئەوسا کردی وا بە ئازادی؟(٢)

ئینجا پێی دەڵێت؛ ئەگەر هیوا و بەڵێنەکانت ئەوەندە پووت و بێ کەڵک بن کە نەتوانیت بیانهێنیتە دی و بیانکەیت بە کردەوە، ئەو ئەڤینەی کە گوایە تۆ، بۆ منت هەیە و باسی دەکەیت، ئەویش، بێگومان، شتێکە لەو بابەتانە؛ پووتە. ئیتر دەڵێت:

خۆشەویستییەکەت، ئا لەم ئاستەوە،
دادەنێم ئەویش، لەو بابەتەیە.
ئایا ناوێریت
هەندە ئازا بیت لە کردەوەتدا،
ئەوەندەی ئازایت لە هیواکانتدا؟
گوایە ناتەوێت، دەستگیرت ببێت
ئەوەی کە لەلای جەنابت وایە
خشڵی ژیان و لووتکەی هیوایە؟

---

(١) پیاو، ئەگەر زۆر زۆر بخواتەوە، زۆر جار، وەکو بێهۆش، خەوی لێ دەکەوێت. کە خەبەریشی دەبێتەوە، ڕەنگی زەردە و لێوەکانی جۆرە سەوزێکن.
(٢) ئەو کردەوەیە، ئەوەیە کە کاتی خۆی بەڵێنی بە ژنەکەی دابوو کە دەنکەن بکوژێت و تەختەکەی لێ داگیر بکات.

یاخۆ دەتەوێت

هەر ئاوا بژیت بە ترسنۆکی؛

لە باتی هەڵسی و دەستگیری بکەیت،

لە دڵتدا دەڵێیت "خۆزگە دەمتوانی"

وەکو پشیلە بەسزمانەکە؛

ماسی دەبینێت لە تەنکاوێکدا،

بەڵام ناوێرێت دەستی تەڕ بکا.

مەکبێس، زۆر پێی ناخۆش دەبێت کە ژنەکەی وای پێ دەڵێت. مەکبێس پیاوێکی زۆر ئازا دەبێت. بەڵام دەروونی ڕێگەی لێ دەگرێت؛ نایەڵێت کارێکی ئەوەندە نزم و بێ ویژدانی بکات. دەڵێت:

وس بە، گوێ بگرە، تکات لێ دەکەم

ئەوەی لە پیاو بێت، دەوێرم بیکەم.[(١)]

نییە پیاو زاتی لە من زیاتر بێت.

بانوو مەکبێس دەزانێت کە مێردەکەی ترسنۆک نییە. هەندێک بە ماتی بیر دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ ئەگەر ئێستا پیاو بێت و پێی نەکرێت. کەوابێت ئەوسای کە بەڵێنی دامێ کە ئەو کارە بکات، دەبێت پیاو نەبووبێت. ئیتر پێی دەڵێت؛

پێم ناڵێیت ئەرێ، چ گیانەوەرێ،

لە ناوتدا، ئەوسا، ناچاری کردیت،

ئەو سەرکەشییەی خۆتم پێ بڵێیت؟[(٢)]

(١) مەبەستی ئەوەیە بڵێت؛ کردەوەی ئاوا نزم، لە پیاو نایەت.

(٢) سەرکەشی؛ موغامەرە. بانوو مەکبێس، بە مێردەکەی دەڵێت؛ ئەگەر ئێستا تۆ پیاوێکی ئازایت و ناوێریت بیکەیت، کەوابێت ئەوساکە، گیانەوەرێکی دڕندە لەناوتدا هەبوو. ئەو، ئەو بەڵێنەی بە من دا.

ئەوساکە پیاو بوویت؛
ئەوسا دەتتوانی کاری وا بکەیت.
نە کات، نە جێگا ئەوسا دەگونجان،
دەتویست بە دەست خۆت، دروستیان بکەیت.
بەڵام ئێستاکە، بە سایەی گەردوون،
خۆیان دروست بوون،
کەچی لە روویان سەرت شۆڕ دەکەیت.

کە مێردەکەی دەبینێت هەر گوێ دەگرێت بیر دەکاتەوە و هیچ ناڵێت، بانوو مەکبێس، دەترسێت کە بەزەیی بە "دەنکەن"دا بێتەوە و دڵی نەیەت بیکوژێت. دەڵێت؛

من شیرم داوە بە منداڵی ساوا،
دەزانم کە چەند ناسک و شیرینە،
خۆشەویستی ژن بۆ منداڵی ئاوا.
وە بە تایبەتی کە سەیرت دەکا،
لە کاتی ملچەی مەمک مژیندا و
روو و چاوەکانی پڕ لە خەنینە.
لەگەڵ ئەوەشدا، ئا لەو ئاستەدا،
گۆی مەمکەکەم،
لە نێوان پووکی نەرمی دەردەکەم،
مێشکی دەپژێنم بەسەر زەمیندا،
ئەگەر سوێندێکی ئاوام خواردبێت،
وەک تۆ خواردووتە دەربارەی ئەمە.

مەکبێس، هەر بە سەرسووڕماوییەوە گوێ دەگرێت و سەیری لەم دڵڕەقییەی ژنەکەی خۆی دێت. لێی دەپرسێت:

ئەی ئەگەر هاتوو لە دەستمان دەرچێت؛
پیلانەکەمان جێبەجێ نەبێت؟

ژنەکەی:

جێبەجێ نەبێت؟ جێبەجێ دەبێت.
ئەگەر تۆ زاتت، توند خۆی رابگرێت.

هەست دەکات کە مێردەکەی دیسانەوە خەریکە رازی بێت. ئیتر پیلانەکەی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە:

هەر کە نووست دەنکەن، خۆ ئەو، بێگومان،
لەبەر ماندوویی و هاتوچۆی رێگە،
زوو بانگی دەکا، ئەمشەو، سەرجێگە،
بۆ نووستنێکی قووڵی زۆر گران.(١)

مەکبێس، لێی دەپرسێت؛ ئەی پاسەوانەکان؟ ژنەکەی زوو وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛ من ئەمشەو ئەوان وا سەرخۆش دەکەم بە خواردنەوەی مەیی تێکەڵکراو لەگەڵ دەرمانی نووستندا، هەر وەکو مردوویان لێ دەکەم. ئەوسا دەنکەن، بێ پاسەوان دەمێنێتەوە و ئێمە، هەرچییەکمان بوێت بە ئاسانی دەتوانین بیکەین. بۆ بەیانییەکەشی، تاوانەکە دەخەینە سەر ئەستۆی پاسەوانەکان. مەکبێس، سەری سووڕ دەمێنێت لە ئازایەتیی ژنەکەی.

مەکبێس، ژنەکەی خۆی زۆر خۆش دەویست. منداڵیشیان نەبوو. لەبەر ئەوە زۆر حەزی دەکرد کوڕێکیان ببێت بۆ ئەوەی لە دوای مردنی جێگەی بگرێت. دوای ئەوەی لەسەرخۆ گوێ لە ژنەکەی دەگرێت ، دەڵێت؛

هەر بە نێرینە، سکت پڕ ببێت،
چونکە بوێری ئازای وەکو تۆ،

(١) نووستنێکی قووڵی زۆر گران؛ لەوە دەچێت، بانوو مەکبێس، مەبەستی لە مردن بێت.

پێویستە و دەبێت،

بۆ ئەم دنیایە هەر نێر بهێنێت.

لەوە دەچێت، مەکبێس، خۆشی بیری لە جۆرە پیلانێکی ئاوا کردبووبێتەوە. تا بە شێوازێکی تەواوتر و رێکوپێکتریش. بە ژنەکەی دەڵێت؛

وا دەرناکەوێت؛

گەر لەش و گیانی خەواڵووەکان،[(١)]

بە خوێنی دەنکەن، لەکاوی کرێن،

بۆ کوشتنیشی،

خەنجەرەکانی تەنیا هەر ئەوان

بەکار بهێنرێن،

کە خۆیان کوشتیان، پاسەوانەکان؟

ژنەکەی بیر دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ لە دوای کوشتنی دەنکەن، مێردەکەم دەبێت بە شا و من دەبم بە شاژن. ئەوسا ئیتر کێ پێمان دەوێرێت. دەڵێت؛

هەیە بوێرێت ئاوای نەبینێت،

وە بەتایبەتی،

گەر بۆ مردنی، بیکەین بە شینێک،

دەنگی باوەڕۆ و زریکە و گریان،

قووڵی پەژارەی دڵمان بنوێنێت.

مەکبێس، قسەکانی ژنەکەی خۆی زۆر بەدڵ دەبێت و جۆرە ئاسوودەیەک دەکەوێتە دڵییەوە و دەڵێت؛

من بڕیام دا،

ماسوولکەکانم کرژ بوونەتەوە.

---

(١) خەواڵووەکان؛ مەبەستی لە پاسەوانەکانە.

ئامادەم ئێستا،

بۆ پێکهێنانی

ئەم سەرکەشییە سامناکە سەختە.

ئیتر بەم جۆرە، بانوو مەکبێس، مێردەکەی خۆی رازی دەکاتەوە و دەیگەڕێنێتەوە بۆ سەر رێگەی تاوانباری.

چونکە پێش تۆزێک لە مێردەکەی تووڕە بووبوو، هێشتا هەندێک ورووژاویی بە روویەوە دیاربوو. لەبەر ئەوە مەکبێس پێی دەڵێت؛ دەی بۆ ئەوەی کەس نیگەرانی بە دەموچاومانەوە نەبینێت، پێویستە بە روویەکی خۆش و جوانەوە بگەڕێینەوە بۆ لای میوانەکانمان. پێی دەڵێت:

فێڵ بکە لە زەمان، بە روویەکی جوان.

دیمەی ساختەچی،

کاری ئەوەیە؛

بشارێتەوە لە خەڵک و زەمان

ئەوەی لە دڵی ساختەچیدایە.

ئیتر هەردووکیان پێکەوە، بە روویەکی خۆشەوە، دەگەڕێنەوە بۆ لای میوانەکانیان.

# بەشــی دووەم

شا، ئەو ئێوارەیەی ماڵی مەکبێسی زۆر پەسند کرد و هەموو کاتەکە هەستی بە شـادمـانییـەکی زیاد لە ئاسـایی دەکرد. بانوو مـەکبێس، هـەمـوو ئاهـەنگەکە نزیکی دەبێت و بـە روویەکی خـۆشـەوە خـزمـەتی دەکـات. شـا، لـە کـۆتاییی ئاهـەنگەکەدا، سوپاسـی هـەمـوو ئەندامـەکـانی ماڵەکە دەکات و بەتایبەتی خاوەن ماڵ و ژنەکەی. ئینجا دەڕوات بۆ نوستن.

دوای ئەوەی هـەمـوو مـیـوانەکـان دەڕۆن، بانکۆ و کـوڕەکـەی درەنگ، دوای نیوەشەو، دەگەڕێنەوە بۆ کۆشکەکەی مـەکبێس بۆ نووستن. کـە دەرگـەیان لێ دەکەنەوە و دەچنە ژووریّ، دەبینن مەکبێس، هێشتا هەر بە خەبەرە. بانکۆ پێی دەڵێت:

هـا، بەگ، تا ئێستا، نەچوویتە جێگە؟

شا، لە ناوجێیە.

زیاد لە ئاسایی

شادمان بوو دڵی، ئەم ئێوارەیە.

بۆ کارەکەر و نۆکەرەکانت،

خەڵاتی جوان و باشی پێشکێش کرد.

ئەم ئەڵمازەشی بۆ خاتوونە نارد،

خاتوونەی ژنت.

کە دایمیّ گوتی؛

"بەوە سوپاسی من بگەیێنە

به باشترین و دڵنەرمترین
کەیبانووی جیهان"
هەر ئەوەی گوت و دەمی خۆی نووقان،(١)
نووست بە دڵێکی کامەرانەوە.

مەکبێس پێی دەڵێت، داخەکەم ئامادە نەبووین، ئەگینا ئاهەنگێکی زۆر باشترمان بۆ دەکرد.

بانکۆ، شەوباشی لێ دەکات و خۆی و کوڕەکەی دەڕۆن بۆ نووستن. لەو کاتەدا بانوو مەکبێس، خەریکی پاسەوانەکان بوو؛ لەگەڵیاندا دەیخواردەوە، سەرخۆشی دەکردن و دەرمانی نووستنی دەکردە جامی مەیەکەیانەوە. لەگەڵ مێردەکەشیدا رێک کەوتبوو کەی پاسەوانەکان خەویان لێ کەوت و هەموو شتێک ئامادە کرا بۆ کوشتنی شا، زەنگێک لێ بدات.

***

دوای ئەوەی بانکۆ دەڕوات، مەکبێس هەست بە خۆی دەکات کە ئیتر ئامادەیە بۆ جێبەجێکردنی کارەکە. نۆکەرەکەی خۆی بانگ دەکات و پێی دەڵێت؛

بۆ لای ئاغاژن بڕۆ پێی بڵێ؛
خواردنەوەکەم، ئامادە بکا.
کەی ئامادە بوو، با زەنگ لێ بدا.
دوای ئەوە خۆشت، بڕۆ بۆ جێگە.

دیارە مەکبێس، بە ئاسایی، هەموو شەوێک، پێش ئەوەی بچێت بۆ جێگە،

(١) دیارە ئارەزووی گەردوون ئاوا بووە؛ کە دەنکەن، بۆ دواجار، زمانی خۆی بەکار بهێنێت بۆ ستایشکردن و دەربڕینی هەستی ناسکی خۆی بەرامبەر بانوو مەکبێس، ئەوەی بە پەرۆشەوە ئا لەو تاوەدا، کوشتنەکەی بۆ تەرتیب دەکرد. دوایەمین دیاریشی لە ژیانیدا، هەر بۆ ئەو، بۆ بکوژەکەی خۆی، بنێرێت.

هەندێک بادەی دەخـــواردەوە. بەڵام ئەو شـــەوە، بێگومـــان، مـــەبەســـتی لە خـــواردنەوە نـەبوو. دوای ئـەوەی نۆکـــەرەکـــە دەڕوات و هـەر خـــۆی بە تـەنیـــا دەمێنێتەوە، هەست دەکات قەڵاکە تەواو بێدەنگە و هەموو کەسێک نووستووە. لەو بێدەنگییەدا، لەو کاتەی چاوەڕوانی لێدانی زەنگی ژنەکەی بوو، سەیر دەکات، لە بەرچاویدا، لە ناو هەواکەدا، خەنجەرێک دەردەکەوێت. زۆر سەیری لێ دێت و هەندێکیش دەترسێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛

ئەمە، خەنجەر بێت،

ئەمەی لە بەرچاو خۆمدا دەیبینم،

دەسکەکەی بەرەو دەستم دەجووڵێت؟ (بەخەنجەرەکە دەڵێت)

دەی با بتگرم.

هەوڵ دەدات خەنجەرەکە بگرێت، بەڵام پێی ناگیرێت. تومەز تەنیا تارماییی خەنجەرێکە لە ناو هەواکەدا دەرکەوتووە. ئیتر پێی دەڵێت:

ناگیرێیت، بەڵام، هێشتا دەتبینم.

بیناییی بەیووم،

ئایا تەنیا هەر هەستی بینینم،

هەستت پێ دەکات،

هەستت پێ ناکەن ئەوانەی ترم؟[١]

مـەکبـێس، چونکە لەو کاتەدا، زۆر ورووژاو و نیگەران دەبێت، هەست بە خۆی دەکات کە گەرمایەتی و ئارەقی کردووەتەوە. وەکو تای لێ هاتبێت. دەزانێت کە هەندێک کەس، گەر پلەی گەرمایییان زۆر بەرز ببێتەوە، چاویان ڕەشکەوپێشکە دەکات. سەیری خەنجەرەکە دەکاتەوە و دەڵێت:

یاخۆ تۆ تەنیا خەنجەری گەندەیت،[٢]

(١) وەکو دەزانین، مرۆڤ، توانای پێنج جۆرە هەستی هەیە: بینین، بیستن، چێشتن، بۆنکردن، بەرکەوتن.

(٢) گەندە؛ ساختە، درۆ، قەڵب.

دەرکەوتوویت لەبەر دیدەی خەیاڵم؛

هەڵپیشاو لە ناو گەرما و تینی تا،

دروستت دەکا مێشکی زەلیلم؟

هەرچەندە مەکبێس، ئێستا دەزانێت کە ئەو خەنجەرە، خەنجەری راستی نییە، هەر تارماییيەکە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، لە بەرچاویدا، هەر وەکو خۆی دەمێنێتەوە. دەڵێت؛

هێشتا دەتبینم، لە شێوەیەکدا

وەکو بتوانم بە دەست بتگرم.

هەر وەکو ئەمەیت،

ئەمەی کە ئێستا دەری دەهێنم.

خەنجەرەکەی خۆی هەڵدەکێشێت و ئامادەی دەکات. کە ئەوە دەکات، خەنجەری ناو هەواکە، لە پێشییەوە، دەست دەکات بە رۆیشتن، وەکو بیەوێت رێگەکەی پێشان بدات. مەکبێس، هەڵدەستێت و وردە بە وردە دوای دەکەوێت. سەیر دەکات خەنجەرەکە، هەر لەوەی خۆی دەچێت و بەو رێگەیەشدا دەیبات ئەوەی کە خۆی بڕیاری دابوو پێیدا بچێت بۆ کوشتنی شا. ئیتر پێی دەڵێت:

رێم پیشان دەدەیت، بوویت بە رابەرم؟

بەو رێگەیەشدا، من دەبەیت ئەوەی

بڕیارم دابوو کە پێیدا بچم.

ئەو خەنجەرەشیت،

ئەوەی دامنابوو بەکاری بهێنم.

خەنجەرەکە، هەندێک دوور دەکەوێتەوە، بەڵام هێشتا باش لە مەکبێسەوە دیارە. پێی دەڵێت؛

هێشتا دەتبینم،

تیغ و دەسکەکەت، بەسەریانەوە،

دڵۆپی خوێنی تازە دەبینم.

لە پێش تۆزێکدا، پێوەیان نەبوو.

مەکبێس، بیر دەکاتەوە و لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ ئەمەی دەیبینم، قەت ناشێت راستی بێت. دەڵێت؛

شتی وا نییە؛ هەمووی بە بۆنەی
ئەم کردەوەیە خوێناوییەیە؛
رێشکەوپێشکەیە ئەوەی دەیبینم.

ئێستا ئیتر بەتەواوی ئامادەیە؛ خەنجەرەکەی بە دەستەوەیە و چاوەڕوانی ئاماژەی ژنەکەی دەکات. چاو دەبڕێتە زەمین و پێی دەڵێت؛

زەمینی پتەو، خاکت نەلەرزێت.(١)
گوێ مەگرە بەرەو کوێ پێی من دەچێت.
چونکە دەترسم، بە چەنەبازی
بەردەکانی تۆ،
شوێن و پەیی پێم، ئاشکرا ببێت(٢)

لەو کاتەدا دەنگی زەنگەکە دێتە گوێیەوە. دەڵێت؛

ئیتر زەنگەکە، وا بانگم دەکا.
ئەوەتا دەڕۆم، دەیکەم کارەکە.
دەنکەن، تۆ با گوێت،
لەم دەنگە، نەبێت!
لێدانی زەنگە، گیانی تۆی دەوێت.
ئەم بانگکردنە،

---

(١) زەمین، ئێستا بێ جووڵە و دەنگە، بەڵام ئەگەر لە ترساندا بلەرزێت، بەردەکانی دەجووڵێنەوە و تەقەتەقیان لێ دێت (چەنەبازی دەکەن). ئەوساکە خەڵکەکە خەبەریان دەبێتەوە و کردەوەکەی دەبینن.

(٢) پەی؛ جێ پێ.

ئـــاخ، خۆت و بەختتە،
بۆ دۆزەخ نەبێت، ڕاست بۆ بەهەشتە.(١)

دەچێتە ژوورەوە کارەکە بکات. ژنەکەی، دێت لە دەرەوە چاوەڕوانی دەکات و لە دڵی خۆیدا هەر بیر لە پاسەوانەکان دەکاتەوە، ئەوانەی کە لە پێش تۆزێکدا، خــۆی لەگــەڵیــاندا مــەیی دەخــواردەوە. لەو کــاتەدا، هـەست بە دلێــری و چالاکییەکی زیاد لە ئاسایی دەکات. دەڵێت؛

ئەوەی ئەوانی سەرخۆش کردووە،
ئەوەتا منی دلێر کردووە.
ئەوەی ئەوانی دامرکاندووە،
ئاگری تیاما داگیرساندووە.

لەو کاتەدا، بانوو مەکبێس، گوێی لە دەنگێک دەبێت. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

وسس، با گوێ بگرم!
کونەپەپوو بوو.
ئەم چریکەیەی، لە جێی زەنگوڵەی
دەستی ئێشکگری بەندیخانە بوو.
ئەوەی لە دەمی، شەوی ئیعدامی،
پەسترین "شەوباش" دەبیستێت بەندی.(٢)

---

(١) کە یەکێک دەمرێت، زەنگی کەنیسە لێ دەدرێت. بەو جۆرە، مردنی ئەو کەسە جاڕ دەدرێت. ئینجا ئەگەر مەسیحییەک پیاوی باش بێت و لە ژیانیدا هیچ خراپەیەکی نەکردبێت، ئەوا ڕاستەوخۆ دەچێت بۆ بەهەشت. ئەگینا لە پێشدا لە دۆزەخدا سزا دەدرێت.

(٢) لە بەندیخانەکاندا، ئەوساکە نەریت وا بووە: ئەو شەوەی کە بۆ بەیانییەکەی تاوانبار ئیعدام دەکرێت، ئێشکگری بەندیخانەکە بە زەنگوڵە لێدانەوە دەچێت بۆ لای تاوانبارەکە بۆ ئەوەی پێی بڵێت کە ئامادە بێت؛ سبەینێ بەیانی ئیعدام دەکرێت. ئینجا پێش ئەوەی تاوانبارەکە بەجێ بهێڵێت پێی دەڵێت "شەوباش".

وا لەسەر پشتن دەرگەکان هەموو،
خەوالّووەکان،
بە پرخە، گاڵتە بە ئەرکیان دەکەن؛
دەرمانم خستە بادەیانەوە،
وا بێ هۆش کەوتوون؛ ژیان و مردن،
بەسەریانەوە
وتووێژ دەکەن: بژین، یان بمرن.
ئا لەو کاتەدا، دەنگی مەکبێس، لە ژوورەوە دێت، دەپرسێت:
کەسێک لەوێیە؟
ها، کێ لەوێیە؟
کە گوێی لە دەنگی مێردەکەی دەبێت دەترسێت پاسەوانەکان، خەبەریان بووبێتەوە، دەڵێت:
داخیان بەجەرگم،
لەوە دەترسم، لە خەو هەڵسابن،
کارەکەش هێشتا تەواو نەبووبێت.
وسس، با گوێ بگرم!
خەنجەرەکانی، من هەردووکیانم،
دانا لەوێدا بە ئامادەیی.
قەت باوەڕ ناکەم؛
بڵێیت جەنابی ئەوانەی نەدی؟
کاتی نووستنی،
ئەگەر لە باوکم، وا زۆر نەچوایە،
بەدەستەکانی

خۆم ئەوسا، دەمکرد.(١)

دیسان لە ژوورەوە دەنگی مێردەکەی دێت. بانوو مەکبێس، دەترسێت و لە خۆی دەپرسێت؛

مێردەکەی منە؟

ئا لەو کاتەدا، مەکبێس، دێتە دەرەوە و دوو خەنجەری خوێناویی بە دەستەوەیە. بە دەنگێکی نزمی پەستی پڕ بەداخەوە بە ژنەکەی دەڵێت؛

کردم کارەکە.

گوێت لە هیچ نەبوو؟

ژنەکەی:

هەر گوێم لە شیرە و ناڵەی سیسرک بوو،

لەگەڵ چریکە و هاواری پەپوو.(٢)

تۆ، قسەت نەکرد؟

مەکبێس:

مەبەستت کەیە؟

ژنەکەی:

ئێستا، پێش تۆزێک.

مەکبێس:

کە دادەبەزیم؟

ژنەکەی:

ئا.

مەکبێس:

وسس!

---

(١) لە سەرەتاوە، بانوو مەکبێس، بڕیاری دابوو کە بە دەستی خۆی شا، بکوژێت. بەڵام کە دەیبینێت زۆر لە باوکی خۆی دەچێت، بیری دەگۆڕێت.

(٢) چریکەی پەپوو، شتێکی بەیوومە.

تۆ، گوێ بگرە لێم.

کێیە نووستووە لە ژووری دووەم؟

ژنەکەی:

لەوێ؟ دۆناڵدبێن.

مەکبێس، سەیری دەستە خوێناوییەکانی خۆی دەکات و هەناسەیەکی سارد هەڵدەکێشێت و دەڵێت:

دیمەنێکی زۆر پڕ داخ و پەستە.

ژنەکەی:

کەرێتییە گەر، تۆ بەوە بڵێیت؛

دیمەنێکی داخ هێنەر و پەستە.

مەکبێس کە دەچێتە ژوورەوە بۆ کوشتنی شا، یەکی لەقەیەک لە پاسەوانەکان دەدات بۆ ئەوەی گومانی نەمێنێت کە لە نووستنێکی زۆر قووڵدان. ئینجا خەنجەرەکانیان دەبات شایان پێ بکوژێت. هەرکە یەکەم خەنجەری لێ دەدات، یەکێک لە پاسەوانەکان بە دەنگێکی بەرز لە خەویا پێ دەکەنێت. ئەوەکەی تریان دەقیژێنێت " کوشتی" ئەمجا هەردووکیان هەڵدەستن، پێکەوە دوعا و نوێژ دەکەن و دیسان پاڵ دەکەونەوە و دەنوون. مەکبێس، ئەوە بۆ ژنەکەی خۆی دەگێڕێتەوە دەڵێت؛

لە خەویا، یەکیان، بەدەنگ پێ کەنی.(١)

ئەوەکەی تریان قیژانی "کوشتی".

وا یەکترییان لە خەودا هەڵسان.

منیش لە ئاستما، وەکو بت وەستام،

گوێم لێ دەگرتن؛

دوعا و نوێژی خۆیان کرد هەردووک،

---

(١) یەکیان؛ یەکێکیان.

هەر تەواویان کرد، دووبارە نووستن.

بانوو مەکبێس، دێتەوە بیری کە لە ژووری دووەمدا، یەکێک نەنووستووە، دووانن. ئیتر پێی دەڵێت:

دووان، لە یەک ژووردا، لەوێدا خەوتوون.

مەکبێس:

یەکێکیان گوتی "رەحمی تۆ خوایە"
ئەوەکەی تریان، قیژانی "ئامین"
هەر وەکو چاویان لە پیاوکوژ بووایە،
بەم دەستانەوە کەوا خوێناوین.
گوێم گرت لە ترسیان،
بەڵام، کە گوتیان "رەحمی تۆ خوایە"
لەگەڵیاندا من،
نەمتوانی بڵێم "دەی خوایە ئامین"

ژنەکەی:

بیر لەو شتانە، مەکە بە قووڵی.

مەکبێس:

بەڵام، من بۆچی ئاوا نەمتوانی
ئەوساکە دەرکەم لە قورگم "ئامین"؟
دەمزانی گیانم،
پێویست بە رەحمە،
کەچی لە قورگما، عاسی بوو "ئامین"

ژنەکەی:

لە کردەوەی وا،
گەر ئێمە ئاوا بیر بکەینەوە،

هەردووک شێت دەبین.

مەکبێس، هەست دەکات کە تاوانێکی ئەوەندە گەورەی کردووە، قەت خوا ئیتر لێی نابوورێت؛ بۆیە، ئەوساکە، نەیدەهێشت وشەی "ئامین" لە دەمی دەربچێت و بەو جۆرە لە قورگیدا عاسی کرد. هەستیش دەکات کە ئیتر تا ماوە، قەت رۆژێک هەست بە ئاسوودەیی ناکاتەوە. بە ژنەکەی دەڵێت؛

لام وایە ئەمن،

گوێم لە دەنگێک بوو، هاواری دەکرد:

"نانوون لەمەولا؛

خەو بەدەست مەکبێس، ئەمشەو کوژرا."

ژنەکەی:

مەبەستت چییە؟

مەکبێس:

هەر هاواری بوو بۆ گشت ماڵەکە؛

"نانوون لەمەولا".

ئەو هاوارە، لە دەروونی مەکبێس خۆیەوە دەردەچێت؛ لە خۆی بەولاوە کەس گوێی لێ نییە.

ژنەکەی:

کێ بوو پێم بڵێ،

کێ بوو ئەوەی وا هاواری دەکرد؟

بۆ، "سان"ی بەها،

بۆ دەسەڵاتی پیرۆزت دەکەیت

بە دیلی بیرێک بی هێزت بکا؟

برۆ چۆڕێک ئاو بهێنە، خێرا

ئەو گەواهەی سەر

دەستی چەپەڵت، بشۆ بە پاکی.

سەیرێکی خەنجەرە خوێناوییەکانی دەستی مێردەکەی دەکات و بە تووڕەییییەوە لێی دەپرسێت:

بۆ لەگەڵ خۆتدا،

خەنجەرەکانت، بۆ ئێرە هانی؟

دەبێت لەوێ بن. بیانبەرەوە.

وە جلەکانی

دوو نووستووەکان، بە خوێنی دەنکەن،

جوان، جوان لەکاوی

بکە و وەرەوە.

مەکبێس:

بۆ ئەوێ هەرگیز ناگەڕێمەوە؛

ئەوەی کە کردم،

ناوێرم بیری لێ بکەمەوە،

نەک بڕۆم دیسان بیبینمەوە.

بانوو مەکبێس، کە ئەوە لە مێردەکەی دەبیستێت، زۆر تووڕە دەبێت. بڕیار دەدات خۆی بچێت بیانباتەوە. سەرزەنشتی مێردەکەی دەکات و دەڵێت؛

چەند گیان لاوازیت!

خەنجەرەکانم بەرێ، تکایە.

نووستوو، یان مردوو، لەلای من وایە،

هەر وەکو یەکن؛ لە وێنە دەچن.

خەنجەرەکانی لێ وەردەگرێت و بەرەو ژوورەوە دەڕوات و دەڵێت:

ئەگەر هێشتا هەر خوێنی لێ بچێت،

رووی نووستووەکانی پێ زەڕکەش دەکەم.[١]

خەنجەرەکان دەباتەوە ژوورێ. هەریەکەی لەسەر سەرینی یەکێک لە پاسەوانەکان دادەنێت و بە دەستەکانی خۆی، خوێنی دەنکەن دەسووێت لە روو و دەستەکانیان و جلەکانیشیانی پێ لەکاوی دەکات. پێش ئەوەی بگەڕێتەوە بۆ لای مێردەکەی، لە دەرگەی دەرەوە دەدرێت. مەکبێس، دەڵێت؛

لە کوێوە دەنگی ئەم لێدانە دێت؟

نازانم چیمە؛

گشت جۆرە دەنگێک من دەترسێنێت.

ئا لەو کاتەدا لە ناو هەواکەدا، تارماییی دوو دەست دەردەکەون. بەرەو رووی مەکبێس دەجوولێنەوە وەکو بیانەوێت چاوەکانی دەربهێنن. زۆر دەترسێت و دەڵێت:

ئای لەم دەستانە!

خوا، دەستی کێ بن!

ئای ، خۆ خەریکن چاوم دەرهێنن.[٢]

دەستەکانی ناو هەواکە، ون دەبن. مەکبێس، سەیرێکی دەستەکانی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت:

هەرچی ئاو هەیە،

لەو دەریا زلە گەورانەی نێپتوون[٣]

بڵێیت بتوانن، ئەم خوێنە بشۆن؟

---

(١) زەڕکەشکردن؛ لە ئاڵتوون گرتن، رووکەشکردن.

(٢) ئەو دوو دەستە، تارماییی دەستەکانی خۆیەتی؛ خوا، لە ئینجیلدا دەڵێت: ئەگەر چاوەکانت، لەگەڵتدا، لە تاوانباریدا بەشداری بکەن، باشترە دەریان بهێنیت و فڕێیان بدەیت لەوەی بە دوو چاوی ساغەوە بچیت بۆ جەهننەم.

(٣) نێپتوون؛ بەپێی ئەفسانەی رۆمانی خوا و خاوەنی هەموو دەریاکانی جیهانە.

نا، نا، ناتوانن

من وابزانم دەستەکانی من،

سەوزاویی ڕەنگی،

ئەو هەموو دەریا گەورە زلانە،

بە سوور دەگۆڕن.

لەو کاتەدا بانوو مەکبێس، بە دوو دەستی خوێناوییەوە، دەگەڕێتەوە و بە مێردەکەی دەڵێت:

خۆ ڕەنگی دەستم، وەک ڕەنگی دەستتە،

بەڵام، پێم شەرمە،

دڵێک هەڵبگرم وەک هی تۆ، سپی.(١)

دیسانەوە لە دەرگە دەدرێت. بە مێردەکەی دەڵێت؛ دەی با زوو بڕۆین بۆ ژووری نووستن و جلەکانمان بگۆڕین و کراسی شەو لەبەر بکەین. نەوەک خەڵک بمانبینن و بڵێن بۆچی ئەمانە تاکو ئێستا هەر نەنووستوون. دەربارەی ئەو خوێنەش کە بە دەستەکانمانەوەیە، هیچ خەمت نەبێت، بە چۆڕێک ئاو پاک دەبێتەوە؛ ئینجا بزانە پیاوکوشتن، چەند کارێکی ئاسانە.

مەکبێس، وەرامی دەداتەوە:

گەر خۆم نەناسم، نەزانم من کێم،

خۆشتر دەبوو پێم،

لەوەی بزانم کە چیم کردووە.

مەکبێس، هەست بە پەشیمانییەکی زۆر دەکات. لەو کاتەدا دیسانەوە لە دەرگە دەدرێت. ڕوو دەکاتە دەرگەکەی دەرەوە و لە دڵی خۆیدا، بەوەی لە دەرەوەیە دەڵێت؛

---

(١) ئەوەی دڵی سپی بێت، ترسنۆکە. لە ترسا، نەک هەر بە ڕوویەوە، بە دڵیشییەوە، خوێن نەماوە.

خۆزگە بەو دەرگە لێدانەت، دەتتوانی دەنکەن لە خەو هەڵسێنیت.

***

ئەوەی کە لە دەرگەی دەدا ماکدەف بوو لەگەڵ "لینۆکس"ی دۆستی. تومەز شا، لێی داوا کردبوو کە بەیانییەکەی زوو بێت خەبەری بکاتەوە. مەکبێس، دەچێت بە پیریانەوە. کە ماکدەف دەربارەی شای لێ دەپرسێت؛ ئایا لە خەو هەڵساوە؟ مەکبێس، زوو وەرامی دەداتەوە؛ نا، جارێ هەڵنەساوە. ئیتر دەیباتە ژوورەوە و دەرگەی ژوورەکەی دەنکەنی پێشان دەدات. ماکدەف کە دەچێتە ژوورەوە و دەبینێت چی لەوێدا رووی داوە، هەر دەتۆقێت. زوو بە هاوارەوە لە ژوورەکە دەردەچێت. دەڵێت:

چ دیمەنێکی سامناکیت، خوایە،
ئاخ، چ دیمەنێک.
نە دڵ دەتوانێت لە تۆ تێ بگات،
نە زار دەتوانێت ناوت لێ بنێت.

کە مەکبێس و لینۆکس لێی دەپرسن، چییە، چی بووە. دەڵێت؛

ئاخ، ئاخ، وێرانی،
وێنەی شاکاری دروست کردووە؛
پیسترین کوشتن،
دەرگەی ماڵی خوای شەو شکاندووە،(١)
ژینی ماڵەکەی لێ فڕاندووە.

کە مەکبێس و لینۆکس، دیسانەوە لێی دەپرسن، ئاخر چی قەوماوە. باسی ژین دەکەیت، مەبەستت لە شایە؟ دە پێمان بڵێ. وەرامیان دەداتەوە دەڵێت؛

بڕۆنە ژوورێ خۆتان سەیر بکەن.

---

(١) "دەنکەن"یان بە پیاوێکی پیرۆز دادەنا. ئەو لە هەرچ کوێیەک بێت، ئەو جێگەیە وەکو کەنیسە (ماڵی خوا) پیرۆز دەبێت.

به (گۆرگەن)ی نوێ، چاوتان کوێر بکەن[1].

لە من مەپرسن؛ من چیم لەوێ دی،

بە چاوی خۆتان بڕۆن سەیر بکەن،

بە زاری خۆتان ئاشکرای بکەن.

ئیتر دەست دەکات بە هاوار؛

دەی لە خەو هەڵسن، هەڵسن دەی هەڵسن.

با هەموو کەسێک چاو بکاتەوە،

لێدەن بە زەنگدا؛ دەنگ بداتەوە.

لەو کاتەدا بانوو مەکبێس دێت. وەکو نەزانێت چی رووی داوە، لە ماکدەف دەپرسێت؛ چییە، چی قەوماوە؟ خەڵکەکە بۆچی لە خەو هەڵدەستێنیت؟ ماکدەف وەرامی دەداتەوە؛

ئاخر، خاتوونێ،

ئەوەی کە زارم دەتوانێت بیڵێت،

ناسکی وەک تۆ، نابێت گوێی لێ بێت؛

گوتنی ئەمە، بە گوێچکەی ژندا،

خاتوون، لام وایە، وەک کوشتن وایە.

لەو کاتەدا، بانکۆ دێت. ماکدەف پێی دەڵێت کە شا، کوژراوە. بانوو مەکبێس، وەکو خەبەرێکی زۆر نامۆ و سامناک ببیستێت دەڵێت:

ماکدەف، ئەیەڕۆ، چی دەڵێن ئەنگۆ،

لەماڵی ئێمە؟

---

(١) گۆرگەن؛ بە پێی ئەفسانەی گریکی، سێ خوشک هەبوون، زۆر ناشیرین و سامناک بوون. پێیان دەگوتن " گۆرگەن"، لە باتی پرچ، مار لە سەریاندا ڕوا بوو. ئەوەی سەیری روویانی بکردایە، یەکسەر دەبوو بە بەرد یاخۆ کوێر دەبوو. لەبەر ئەوە کەس نەیدەوێرا سەیریان بکات.

بانکۆ، لە دڵی خۆیدا، هەست دەکات کە مەکبێس، دەستی لەمەدا هەیە. لەبەر ئەوە بە تووڕەیییەوە وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛

لە هەچ کوێیەک بێت، ستەمکارییە.

بۆ ئەوەی گومانی خەڵکەکە لە خۆی دوور بخاتەوە، مەکبێس، وەکو بلاوێنێتەوە و دەڵێت:

خۆزگە سەعاتێک،

پێش ئەمە، بۆ خۆم بمردمایە.

ئەوساکە دەمگوت،

ژینێکی خۆشم لە دنیا رابورد.

بەڵام؛

ژیان، مەیەکەی ئەوا لێ تکا،

سەردابی بادەی، ئیتر لەمەولا،

بەچی دەتوانێت شانازی بکا،

جگە لە مایەی لێڵی و تڵپەکەی.

لەو کاتەدا دۆناڵدبێن، کوڕە بچووکی شا، دێت و دەپرسێت؛ چییە، چی قەوماوە؟ مەکبێس، وەرامی دەداتەوە:

تۆیت و نازانیت هەتاکو ئێستا؛

سەرچاوەی کانیی خوێنی تۆ، وەستا.(١)

ئیتر ماکدەف پێی دەڵێت؛ باوکت کوژراوە.ماڵکەم، کوڕە گەورەکەی شا، گوێی لێ دەبێت. دەپرسێت؛

ئای، بەدەستی کێ؟

---

(١) ئەم دێرە مانایەکی تریشی هەیە؛ لێرەدا مەکبێس، وەکو بە دۆناڵدبێن بڵێت؛ خوێنی شایەتی لە ئێوەدا وەستاندرا. شای نوێ، لە ئێوە نابێت.

لینۆکس:

زۆر لەوە دەچێ

بەدەست ئەوانی پاسەوانی بوون؛

دەست و روو و جلیان، گشت خوێناوی بوون.

هەر بەخوێنەوە، خەنجەرەکانیان،

لەسەر چەرچەفی سەرینەکانیان،

دۆزرانەوە.

چاوەکانیشیان،

هەر وا بە زەقی، کرابوونەوە؛

وەک بیر لە شتی تر بکەنەوە.(١)

کەسانی ئاوا، قەت نەدەبوایە

جێگەی باوەڕ و بڕوا بوونایە.

مەکبێس گوێیان لێ دەگرێت و دەڵێت؛ هەرچەندە ئەو دوو پاسەوانە گەواهیی زۆر گرینگ بوون بۆ پشکنین و لێکۆڵینەوە، بەڵام؛

زۆر بەداخەوە، چەند پەشیمانم؛

خۆم پێ نەگیرا، من هەردووکیانم،

لەو ئاستەدا کوشت.

کە ماکدەف، لێی دەپرسێت؛ ئاخر بۆچی کوشتن؟ دەڵێت؛

لەبەر لاساری ئەڤینی دڕم،

بەر لە مێشکم، کاری کرد دڵم.

"دەنکەن"م بینی لەوێ کەوتبوو؛

پێستە زیوەکەی،

(١) وەکو سەریان لێ شێوابێت و تێ نەگەن چی روو دەدات.

خوێنی زێڕینی، دەوری چنیبوو.

هەر برینێکی، کراوەیەک بوو،

وێرانی، پێیدا، بۆ گیانی چووبوو.

هەر لەولاشەوە، دوو پیاوکوژەکان؛

سەرتاپا لەشیان

بە ڕەنگی کاریان، بۆیە کرابوو.

خەنجەرەکانیان؛ بێ شەرم و ئابڕوو،

شەروالّی خوێنیان، لەبەر کردبوو.(١)

ئیتر نازانم، چۆن خۆی رابگرێت،

پیاوێک پڕ دڵی خۆشەویستی بێت،

ئازایەتیشی ئەوەندە هەبێت،

پێشانی بدات.

هەندێک لەوانەی کە لەوێ بوون، گومانیان لە قسەکانی مەکبێس دەکرد. بە تایبەتی بانکۆ و کوڕەکانی شا. بانوو مەکبێس، هەست بەوە دەکات. بۆ ئەوەی سەرنجی خەڵکەکە لە مێردەکەی خۆی دوور بخاتەوە و بەرەو خۆی رایبکێشێت؛ هاوارێک دەکات بۆ یارمەتی و خۆی دەخات بەسەر خاکدا. وەکو داخی ئەم داخورپانەی پێی نەچێژێت و ببوورێتەوە.

کوڕەکانی شا، دەکەونە نیگەرانییەکی زۆرەوە و بیر دەکەنەوە؛ هەرچ کەسێک باوکمانی کوشتبێت، بێگومان، بۆ تاجەکەی کوشتوویەتی. بەڵام بۆ ئەوەی ئەو تاجەی بۆ بمێنێتەوە دەبێت کوڕەکانیشی بکوژێت. لەبەر ئەوە بڕیار دەدەن کە هەردووکیان بە نهێنییەوە زوو دەرباز ببن. بۆ ئەوەی بەیەکەوە لە ڕێگە نەیانگرن و هەردووکیان بکوژن، بڕیار دەدەن هەریەکەی بە لایەکدا

---

(١) خەنجەرەکان، نیوەی خوارەوەیان بە خوێن سوور بووبوو. وەکو شەروالّی خوێنیان لەبەر بێت.

دەرباز بن. ماڵەکەم دەچێت بۆ ئینگلتەرە و دۆناڵدبێن بۆ ئیرلەندە.

***

ئەو شەوەی دەنکەن کوژرا، ئاسمان، دەگریا، شیوەنی دەکرد؛ پۆشاکی هەوری رەشی لەبەر بوو، بە گرمەگرمی لەعنەتی دەنارد بۆ ئادەمیزاد، فرمێسکەکانی تەرزە و باران بوون. هەناسەی ساردی رەشەبایەک بوو درەخت و داری لە خاک دەفڕان. هەندێکیش دەڵێن؛ بوومەلەرزە بوو؛ دووکەڵکێشەکان، دەلەرانەوە و هەندێکیان رووخان.

لە ناو خەڵکەکەدا پیرەمێردێک هەبوو دەیگێڕایەوە، دەیگوت؛ لەم حەفتا ساڵەی ژیانمدا من، هەتاکو ئێستا، شەوێکی ترم نەدیوە وەکو ئەمشەو سەخت و ناخۆش و سامهێنەر و پەست. یەکێک لە گوێگرەکان (رۆس) دەبێت. بە پیرەمێردەکە دەڵێت؛

باوکە، دەبینیت چەند ئەمڕۆ ئاسمان،

پەست و سوێدارە،

بەم کردەوەیە ناپاکەی ئینسان؛

سەیری ئەوەتا،

هەڕەشەی شانۆی خوێناوی دەکات.

ئێستا دەبوایە رۆژ بوایە، کەچی،

هەر شەوی تاریک،

رێ لە فانۆسی فەلەک دادەخات.(١)

بلێیت، تاریکی

شەو، بەسەر نووردا، ئاوا زاڵ بوویێت،

یان رۆژ، شەرم دەکات

رووی خۆی دەربخات؟

---

(١) تەم بەری ئاسمانی گرتووە؛ رێگەی لە رۆژ گرتووە نایەڵێت دەرکەوێت.

پیرەمێردەکە، ڕووداوێکی پڕ مانای بۆ دەگێڕێتەوە؛
وەک کردەوەکەی کە ئەمشەو ڕووی دا،[١]
لە دژی سروشت، شتی کەش ڕووی دا؛
لەم سێشەمی ڕابردوومان‌دا،
هەڵۆیەک دەفڕی، زۆر بە سەربەرزی،
لە بن ئاسمان‌دا.
پەپوویەک جۆری مشککگر، کەچی،
هێرشی بردە سەر هەڵۆ و کوشتی.[٢]

پیرەمێردەکە ئەوەی بە جۆرێک دەگێڕاوە وەکو بڵێت؛ گەردوون ئاماژەی بۆ ناردبووین کە شتێکی ئاوا ڕوو دەدات، بەڵام ئێمە تێنەگەیشتین. لێرەشدا، بێگومان، هەڵۆکە "دەنکەن"ە و ئەوەی کە کوشتی پەپووەکەیە.

***

دەنکەن، چەند ئەسپێکی دەگمەنی زۆر خێرا و جوان و ناسکی دەبێت. شەو، بەرەو بەیان، لەو کاتەی کە خاوەنەکەیان کوژرا، هەموویان لە خەو ڕادەچڵەکێن و وەکو شێتیان لێ دێت. ڕۆس، ئەو ڕووداوە بۆ پیرەمێردەکە دەگێڕێتەوە و دەڵێت؛

ئەی ئەسپەکانی دەنکەن، دەزانی
ئەمشەو چییان کرد؟
کارێکی سەیر بوو، ڕووی دا بە ڕاستی:
ئەو ئەسپە خێرا، ناسکە جوانانە،
ئەو نازدارانە،
وەکو هار بووبن؛

---

(١) مەبەستی لە کوشتنەکەی شایە.

(٢) پەپووی مشک گر؛ جۆرە پەپوویەکی بچووکی ترسنۆکی بێ دەسەڵاتە.

تەویڵەی خۆیان شکاند و دەرچوون،

بە جۆرێکی وا،

وەک یاخیبوونی خۆیان بنوێنن

دژی نەتەوەی ئادەم و حەوا.[١]

پیرەمێرد:

بیستم قەپاڵیان لە یەکتر دەگرت.

رۆس:

ئەوەیان دەکرد.

بە سەرسوورماوی، سەیریانم دەکرد.

بە چاوانی خۆم، بڕوام نەدەکرد.

***

لەو کاتەدا ماکدەف دێت. رۆس، لێی دەپرسێت؛

روون بووەوە کێ بوو ئەوەی کە کردی؟

ماکدەف:

ئەوانەی مەکبێس، ئەمرۆ کوشتنی.

رۆس:

ئای، خوایە، گەردوون!

چییان دەست دەکەوت بەتەمای چی بوون؟

ماکدەف، پێی دەڵێت؛ لەوە دەچێت کە کوڕەکانی شا، ماڵکەم و دۆناڵدبێن، پارەیان دابێت بە پاسەوانەکان کە بیکوژن. بۆیە بە نهێنییەوە زوو دەرباز بوون.

---

(١) ئەسپەکان یاخیبوون دژی نەوەکانی ئادەم و حەوا (مرۆڤ). چونکە مرۆڤ بوو ئەوەی دەنکەنی کوشت. لای خۆمان، بیستوومە دەڵێن گوایا ئەسپ، ئەگەر خاوەنەکەی بمرێت هەستی پێ دەکات. ئەگەر خۆشی بوێت بۆیشی دەگری.

ڕۆس، یەکێک دەبێت لەوانەی کە لەو باوەڕەدا دەبن کە مەکبێس، خۆی دەستی لەم کوشتنەدا هەبێت. لەبەر ئەوە کە ئەمە لە دەمی ماکدەف دەبیستێت زۆری پێ ناخۆش دەبێت. ئیتر، بە داخەوە، دەڵێت؛ خۆ ئەگەر وابێت مەکبێس، دەبێت بە شا.

ماکدەف، وەرامی دەداتەوە؛ ئا، بنەماڵەی شا، کۆ بووەوە و دەربارەی ئەوە، بڕیاریشیان دا. مەکبێس، ئەوەتا خۆی کۆ دەکاتەوە بچێت بۆ "سکۆن" بۆ ئاهەنگی تاج لەسەر کردن.(١)

ڕۆس، دەپرسێت؛ ئەی تەرمەکەی دەنکەن، ئێستا لە کوێیە؟

ماکدەف؛ بردیان بۆ ناشتن بۆ گۆڕستانی باوک و باپیری لە ناوچەی کۆڵمکێڵ.

---

(١) سکۆن، ناوی شارێکە لە سکۆتلەندە. نەریت وا بووە کە لەوێ ئاهەنگی تاج لەسەر کردن بگرن.

# بەشی سێیەم

بانکۆ، بە جلی سوارییەوە خۆی ئامادە کردبوو کە ئەو پاش نیوەڕۆیە گەشت بکات بۆ جێبەجێکردنی چەند ئیش و کارێک. دانیشتبوو لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە: جادووگەرەکان، هەرچییەکیان، دەربارەی مەکبێس، پێشبینی کرد، هەمووی جێبەجێ بوو؛ بوو بە کۆدەر و ئەوەتانێ بووش بە شا. هەرچەندە پێیان گوت کە شایەتی بۆ نەوەکانی نامێنێتەوە، کەچی، لەگەڵ ئەوەشدا، لام وایە، لە پێناوی دەستگیرکردنی، کردەوەی زۆر بەد و ناڕەوای بەکار هێناوە. ئینجا لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ ئەی بۆچی من، ئومێدم بەوە نەبێت کە لە ئایندەدا نەوەکانم ببن بە شا. خۆ هەر ئەوانیش بە منیان گوت؛

هەرچەندە، تۆ، خۆت، قەت نابیت بە شا،

ئا، بەڵام دەبیت

بە باو و باپیری زنجیرەیەک شا.

لەو کاتەی کە بانکۆ، بە بیر و خەیاڵی خۆیەوە خەریک بوو، مەکبێس و ژنەکەی، دەیبینن و دێن بۆ لای. دوای چاکوچۆنی، مەکبێس پێی دەڵێت؛

ئەمشەو ئاهەنگی شێوکردن دەگرین.

بەگ، بەهاتنتان زۆر دڵشاد دەبین.

بانکۆ، کتوپڕ وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛ گەورەم، من ئێستا و لە ئایندەدا، ئێوە هەرچ جۆرە ئەمرێکم پێ بکەن، هەمیشە ئامادەم.

مەکبێس و بانکۆ، هەردووکیان، لە یەکتری دەترسن. لەبەر ئەوە مەرایی یەکتری دەکەن. مەکبێس، لەو دەترسێت؛ یەکەم، چونکە لە بەردەمی ئەودا، جادووگەرەکان پێیان گوت؛ "لەم زووانە تۆ دەبیت بە شا". لەبەر ئەوە بانکۆ، لەوانەیە بزانێت کێ لە دوای کوشتنەکەی "دەنکەن"ەوەیە. دووەم، مەکبێس، لە

بیری نەچووەتەوە کە پیرێژنەکان، بە "بانکۆ"یان گوت؛ نەوەکانت دەبن بە شا. لەبەر ئەوە دەترسێت، وەکو چۆن خۆی دەنکەنی کوشت و بوو بە شا، بەو جۆرەش یەکێک لە نەوەکانی بانکۆ، بیکوژێت و خۆی ببێت بە شا. جا بۆ ئەوەی قەت ئەوە روو نەدات، بانکۆ، دەبێت نەوەی نەبێت. لەبەر ئەوە پێویستە، دەستبەجێ، خۆی و کوڕەکەی بکوژرێن. بانکۆ"ش، چونکە دەزانێت مەکبێس، چۆن بیر دەکاتەوە، بۆیە لێی دەترسێت.

مەکبێس، پێش ئەوە، بە رۆژێک لەگەڵ چەند پیاوکوژێکدا رێک کەوتبوو کە بانکۆ و کوڕەکەی بۆ بکوژن. لەبەر ئەوە کە بانکۆ بە جلی سوارییەوە دەبینێت خۆی ئامادە کردووە و بەتەمای سەفەرە، حەز دەکات بزانێت کەی و بۆ کوێ دەچێت و کەی دەگەڕێتەوە. لێی دەپرسێت ئایا رێگەکەت دوورە؟ بانکۆ وەرامی دەداتەوە؛

دووریی رێگەکەم، گەورەم، وا دیارە،
هەر لە ئێستاوە،
هەتاکو کاتی نانی ئێوارە،
پڕ دەکاتەوە.
بەڵام ئەسپەکەم، گەر خێرا نەبێ.
ئەوساکە دەبێ، لە شەو، من لە ڕێ،
یەک دوو سەعاتی تاریک بخوازم.

مەکبێس:

ها، نەکەی نەیەیت بۆ ئاهەنگەکە.

بانکۆ:

گەورەم، چۆن نایەم.

ئەمجا مەکبێس، پێی دەڵێت ئایا دەزانیت کە ئامۆزاکانمان،(١) ئەوانەی باوکەکەی خۆیان کوشت و دەرباز بوون، ئێستاکە لە کوێ خۆیان

---

(١) ئامۆزاکانمان؛ مەبەستی لە کوڕەکانی دەنکەنە.

شـاردووەتـەوە؟ یەکـێکیـان لە ئـیـرلەندەیە و ئەوەکـەی تـریان لە ئینگلتـەرەیە. هیـچیـان، دان بەوەدا ناهـێنن کە بـاوکی خـۆیانیـان کـوشـتـووە. لە بـاتـی ئەوە درۆودەلەسـەی سـەیر سـەیر رێک دەخـەن و لای ئەم و ئەوی دەگـێـڕنەوە. بەڵام، دەی، کە گەڕایتەوە، ئەوسا پێکەوە باسـی لـێ دەکەین. ئامۆژگـاریی تۆم گەلێک پێـویسـتـە دەربارەی ئەوە. بانکۆ، هیچ نـاڵێت. ئـیـتـر لێـی دەپرسـێت؛ ئـایا "فلییەنس"ی کوڕت لەگەڵ خۆت دەبەیت؟ بانکۆ دەڵێت؛

ئا، بەڵێ، گەورەم.

کات بانگمان دەکات، پێویستە بڕۆین.(١)

مەکبێس:

ئومێدم وایە پێی ئەسپەکانتان،

توند و بەهێز بن، خێرا بن لە ڕێ.

بە پشتی ئەوان، دەتانسپێرم.

ئەسپەردەی خوا بن.

کە ئەوان دەڕۆن، مەکبێس، دەڕواتە مـاڵێ و بە هـەموو ئەوانەی کە لەگەڵیدان دەڵێت؛ ئـیـتـر دەمـەوێت هـەر خـۆم بە تـەنیا بمێـنمـەوە. ئێـوەش بۆ خـۆتان بڕۆن بحەسێنەوە. بۆ ئەوەی ئێوارە بە ڕوویەکی خۆشـەوە، پێشوازیی میوانەکانمان بکەن. هـەر ئەوان دەڕۆن، زوو دەرگـــەوانـەکـــەی خـــۆی بانـگ دەکـــات و لێـی دەپرسێت؛

ئا وەرە، ئەرێ، کابراکان لێرەن؟

دەرگەوان:

بەڵێ، سەروەرم،

وەستاون لە بەر دەگەکەی دەرێ.

مەکبێس:

ڕێیان بدەرێ، با بێنە ژوورێ.

(١) کات بانگمان دەکات؛ کاتمان، کەم ماوە؛ ئیتر دەبێت بڕۆین.

دەرگەوان دەچێت بە شوێن پیاوکوژەکاندا. مەکبێس، بەتەنیا دەمێنێتەوە. بیر دەکاتەوە؛

ئێستا کە وا "شا"م، هیچ نییە لەلام،
بەبێ ئاسوودە و دڵێکی بێ سام.
زۆر قووڵ چەقیوە ترسی بانکۆ تیام.

ئیتر ئەو ڕۆژەی دێتەوە بیر کە پێکەوە، لەگەڵ بانکۆدا، جادووگەرەکانیان بینی؛

کە یەکەمین جار، خوشکەکانمان دی[١]
ئەوساکەی ناوی "شا"یان بەمن دا،
ئەو، بە تووڕەیی ئەمری پێ کردن؛
بدوێن لەگەڵیا.
ئینجاکە ئەوان، وەکو دوارۆژزان،
ناچار ناویان نا؛
"باوک و باپیری دانە ریزێک شا".[٢]

دێتەوە بیری کە منداڵی نییە تاکو لە دوای مردنی تەخت و تاجەکەی خۆی بۆ بەجێ بهێڵێت؛

بە منیشیان دا تاجێکی بێ بەر.
سەوڵەجانێکیان خستە دەستمەوە،
وەجاخ کوێر و زڕ.[٣]

---

(١) خوشکەکان؛ جنۆکە جادووگەرەکان.
(٢) مەکبێس، وا دەزانێت جنۆکەکان لە بانکۆ ترسان بۆیە ناچار بوون بیکەن بە باوک و باپیری دانە ریزێک شا.
(٣) چونکە منداڵی خۆی نییە جێی بگرێتەوە، لەبەر ئەوە تاجەکەی بێ بەرە و سەوڵەجانەکەشی زڕە.

تاکو لەوێوە–
کوڕی خۆم نییە جێم بگرێتەوە–
دەستی یەکێکی بەبێ نەتەوە،[١]
بێت بیفڕێنێت.
خۆ ئەگەر وابێت،
بۆ نەوەکانی دەنکەن دەروونی
خۆم پڕ کرد لە خەم.
هەر بۆ ئەوانیش، من ئەو "دەنکەن"ەم
ئەو پیاوە باشەم، وا بە ناحەق کوشت.
ژەهری کینەشم[٢]
خستە ناو جامی بادەی ئاسوودەم.
هەر بۆ ئەوانیش،
گەوهەر و زێڕی نەمری خۆمم،[٣]
خستە ژێر دەستی
دوژمنی هەموو مرۆڤایەتی.[٤]
ئەمانەش، گشتی،

(١) چونکە بانکۆ، لە بنەماڵەی شا نییە، لەبەر ئەوە، مەکبێس، بانکۆ و نەوەکانی، بەبێ نەتەوە دادەنێت.

(٢) ئەوەی دێتەوە بیر کە دەڵێت؛ دەستی ڕەوای داد، ئەو جامەی دەستمان ژەهری تێ دەکات، بۆ لێوی خۆمان پێشکێشی دەکات.

(٣) گەوهەر و زێڕی نەمر؛ ئەوە گیانی (ڕۆحی) مرۆڤە. لەش دەمرێت بەڵام ڕۆح دەمێنێتەوە، نەمرە.

(٤) دوژمنی هەموو مرۆڤایەتی؛ ئەوە، شەیتانە. مەکبێس ئێستا بڕوای بەوە هەیە کە جادووگەران شەیتانن.

تەنیا بۆ ئەوەی، بانکۆ، نەوەکەی،
دانیشێت لەسەر تەختی شاهانی.
جا ئەگەر وابێت،
گەلێک باشترە، لەلای من، قەدەر،
بێیت و بانگم کەیت بۆ مەیدانی شەڕ،
بۆ زۆرانبازی،
تاکو لەوێدا، خوێنم دەڕێژی.

ئا لەو کاتەدا، دوو پیاوکوژ دێنە ژوورەوە. مەکبێس، لەگەڵیاندا هەوڵ دەدات وایان تێ بگەیەنێت کە بانکۆ، پێویستە بکوژرێت، هەر لەبەر ئەوە نا کە دوژمنی خۆیەتی، بەڵام چونکە پیاوێکی خراپە و دوژمنی ئەوانیشە.

مەکبێس:

هەر دوێنێ نەبوو یەکتریمان دی؟

پیاوکوژەکان:

ئا، گەورەم، وا بوو؛ وەکو فەرمووتان.

مەکبێس:

باشە، ئێوە، باش
بیرتان کردەوە لەوەی پێم گوتن.
ئایا زانیتان
کە ئەو بوو جاران ئابڕووی دەبردن؟
ئەو بوو من نەبووم، منی بێ تاوان.

یەکەم پیاوکوژ:

بەگم، تۆ چاوی ئێمەت کردەوە.

مەکبێس:

ئا، من ئەوەم کرد. زۆرتریش لەوە،

گەیشتینە خاڵی
کۆبوونەوەکەی ئەمڕۆمانەوە.
ئیتر نازانم، ئایا، ئارامتان،
ئەوەندە زاڵە بەسەر سروشتی
ئێوەدا، تاکو ڕێگەی بدەنێ
کردەوەی بەدی خۆی بکا و ئێوە،
هیچی لێ نەکەن؟[1]
ئایا ئەوەندە قووڵە بڕواتان
بە وتەکانی ئینجیل و عیسا؛[2]
لە نوێژتاندا، لە خوا بخوازن،
تەمەنی خۆی و نەوەی درێژ کا؟
هەرچەند دەزانن،
دەستی گرانی لە ئێوە وەشان،
بێ پارەی کردن، پشتتانی شکان.
لەبەر هەژاری
ماڵ و منداڵتان، ناچار سواڵ دەکەن.

---

(١) نازانم ئایا ئارامتان، ئاوا بە ئاسانی دەتوانێت کۆنترۆڵی سروشتتان بکات کە بانکۆ، ئەو هەموو غەدرەتان لێ بکات و ئێوە لێی ببوورن و هیچی لێ نەکەن.

(٢) ئینجیل دەڵێت مرۆڤ، نەک تەنیا دۆستی، دەبێت دوژمنی خۆشی خۆش بوێت. خراپە، هەمیشە، بە چاکە بداتەوە. وە ئەگەر دوژمنەکەت زلەیەکی لێ دای، لایەکەی تریشی بدەرێ با لێی بدات. (ئەمە، بێگومان فەلسەفەیەکی قووڵە. مەبەست ئەوەیە؛ هەموو کەسێک، هەرچەند مرۆڤێکی بەد بێت هەر تۆزێک باشیی لە دەروونیدا هەیە. بەو کردەوەیەت هەم ریسوای دەکەیت و هەم هەندێک ئەو تۆزە باشییەی دەروونی دەبووژێنیتەوە).

پیاوکوژی یەکەم:

بەگ، ئێمەش پیاوین.

کە پیاوکوژەکە دەڵێت؛ ئێمەش پیاوین، مەبەستی لەوەیە بڵێت ئێمەش، وەکو هەموو کەسێکی تر، مرۆڤین، ناتوانین هەموو کاتێک کۆنترۆڵی ئارامیی خۆمان بکەین. بەڵام مەکبێس بە جۆرێک وەرامیان دەداتەوە وەکو وتبێتیان "ئێمە کەڵەپیاوین؛ ئازاین". ئیتر بەو جۆرەی لە خوارەوە نووسراوە، وەرامیان دەداتەوە؛

بەڵێ دەزانم کە ئێوە پیاون.
لە ژێر ناوی پیاو، لە فەرهەنگۆکدا،
وەکو چۆن لە ژێر ناوی سەگاندا،
بابەت دەبینین؛
سەگە گورگ، تانجی، هەوشار، دەبینین،
هەیە سەپاندی،[1]
هەمووشیان سەگن،
سەگیان پێ دەڵێن.
بەڵام فایەلی
نرخ، گەر سەیر بکەن،
جیاوازی دەکات
لە نێوان خاو و خێرا و وریادا،
ترسنۆک، ئازا.
هەیە ماڵییە،
هەیە پیشەکەی پاسەوانییە،

(١) هەوشار؛ سەگێکی گەورە و دڕندەیە، بۆ پاسەوانی باشە. سەپاندی؛ جۆرە سەگێکە، شوان بەکاری دەهێنێت.

هەیە هی ڕاوە؛
هەریەک بەگوێرەی توانا و هونەری،
ئەوەی سروشتی سەخیی پێ داوە،
سەرناوێکی زۆر تایبەتی هەیە.
بە گوێرەی ئەوە، نرخی پێ دراوە.
پیاویش ئاوایە؛ پیاو و پیاو هەیە.

هەر لەم جۆرە قسانەیان بۆ دەکات و ئەوانیش هەر گوێ دەگرن. مەکبێس، بە دیمە و ڕوانینیاندا، کە تێ دەگات ئیتر ئامادەن کارەکەی بۆ بکەن. پێیان دەڵێت؛

گەر لە فایەلی پیاو و پیاوەتی،
پایە و نرختان،
لە هەرە نزمە نزمەکان نییە،
ئاشکرای بکەن.
ئەوساکە ئەمن،
پیلانێکی وا دەخەمە بیرتان،
گەر جێبەجێ بێت،
ئیتر دوژمنتان، تۆوی نامێنێت.
خۆشەویستیش دێت،
بە دڵمانەوە توند دەتانبەستێت.
ئەو، بە هەبوونی،
تەندروستیمان، دروست نامێنێت.
بەڵام بە مەرگی، دەردی نامێنێت.

پیاوکوژەکان دوو کابرای هەژار دەبن. قەت ڕۆژێک لە ژیانیاندا نەحەساونەتەوە و هەرگیز تامی کامەرانییان نەکردووە. بەهۆی ئەو

چارەنووسە سەختە بێ ئومێدییانەوە، دەروونیان مردووە و لە ژیان تۆراون. ئامادەن هەموو جۆرە خراپەیەک بکەن. بە ڕای خۆیان، هەر بۆ ئەوەی تۆڵە لەم دنیا بێ ویژدانەی خۆیان بکەنەوە. "مەکبێس"یش ئەو بارە ناخۆشەیان، بۆ سوودی خۆی بەکار دەهێنێت. ئیتر دووەم پیاوکوژ بێ ئەوەی زۆر بیر بکاتەوە دەڵێت؛

بەگم، یەکێکم ئەمن، لەوانەی،
لە ژێر لێدان و چەپۆکی دنیای،
ئارام و ژیری تێدا نەماوە؛
گشت کارێک دەکات.
لەوەی کە دەیکات، بیر ناکاتەوە.
هەر لەبەرئەوەی لەم دنیا سەختەی،
تۆڵە بۆ باری خۆی بکاتەوە.

یەکەم پیاوکوژ:

منیش وەک ئەوم؛
ماندوو و داماوم بەدەست بەڵاوە.
بەرەو کەساسی و قوڕبەسەرێتی،
بەخت رام دەکێشێت لە هەموو لاوە.
بڕیارم داوە؛
لەسەر پشتی بەخت، دوای ژین بکەوم.
یان چاکی بکەم
یان خۆم لە دەستی ئەو رزگار بکەم.(١)

---

(١) مەکبێس، بێگومان، بەڵێنی داوە پێیان کە پارەیەکی باشیان بداتێ. بەو پارەیە بەڵکو بتوانن ژیانی خۆیان چاک بکەنەوە. ئەگەر بشکوژرێن، ئەوسا خۆیان لە دەستی ژیان رزگار دەکەن.

مەکبێس:

بۆ هەردووک ئێوە، ئایا، روون بووەوە؛
دوژمنی ئێوە، بانکۆ، خۆیەتی.

پیاوکوژەکان:

ئەوە راست دەرچوو.

مەکبێس:

هینی منیشە، زۆر دژی منە؛
هەموو خولەکێک لە ژیانی ئەو،
زامی کێردێکە لە جەرگی مندا.
هەرچەند دەمتوانی، هەر بە ئاشکرا،
دەسەڵاتی خۆم بەکار بهێنم،
لە بەرچاوانم گەسکی بدا،
بەڵام، ئا ئەوە، نابێت بکرێت.
لەبەر چەند کەسێک،
لە نزیکەکان،
کە برادەر و دۆستی هەردوولان.
خۆشەویستییەکەی هەیانە بۆمان،
نامەوێت بمرێت لە ناو دڵیاندا.
ئەوەی، من داوای کوشتنی دەکەم،
بۆ مردنەکەی، شیوەنیش دەکەم.(١)
ئاخر دە بۆیە ئا لەم کارەدا،

---

(١) بۆ ئەوەی کەس گومان نەکات کە دەستی هەیە لە کوشتنەکەیدا، دەبێت شیوەنی بۆ بکات.

یارمەتیی ئێوە من داوا دەکەم.
تا بە جۆرێکی
باش بکرێت و باش داپۆشرێت
لە بەرچاوانی خەڵک و گەلەکە.
لەبەر چەند هۆیەک، گشتی گرینگە.

دووەم پیاوکوژ:

بەگم، ئامادەین، هەر ئەمر بکە.

مەکبێس، قسەی پیاوکوژەکانی زۆر پێ خۆش دەبێت. ئیتر پێیان دەڵێت چۆن و لە کوێدا خۆی و "فلییانس"ی کوڕی ئەمشەو بکوژن؛

ئازایەتیتان، لە ناوتانەوە،
دەبریقێتەوە.
ئێستا، لە ماوەی نیو سەعاتێکدا،
دێم پێتان دەڵێم؛
لە کوێدا خۆتان بشارنەوە.
زانیارییەکی تەواو تەواویش،
ئەوساکە ئێوە، لە من دەبیستن؛
لە چ کاتێکدا، نا، خولەکێکدا،
هێرش بهێنن.
بە هەر جۆرێک بێت،
ئەمشەو هەر دەبێت،
کۆتایی بێنن.

مەکبێس، دەترسێت بانکۆ، لای کەسێک باسی جادووگەرەکان بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوە زۆر پەلەیەتی بۆ کوشتنی بۆ ئەوەی هەندێک دڵی بحەسێتەوە. بێگومان، زۆریش لای گرینگە کە خۆی بەهیچ جۆرێک تاوانبار نەکرێت. لەبەر

ئەوە دەڵێت؛

لە کۆشکەکەوە با نزیک نەبێت.
لە منیشەوە، ها، دەبێت دوور بێت.[١]
لەگەڵیشیدا، ها، بەهیچ جۆرێک
لەکە، پەڵەیەک، یان رووشاوییەک،
بەجێ نەهێڵن.
"فییانس"ی کوڕی لەگەڵیدا دەبێت،
ئەویش نەبوونی بۆ من گرینگە،
ئەوەندەی باوکی، گرینگتر نەبێت.[٢]
ئەویش، پێویستە، کە چارەنووسی،
ئا لەو سەعاتەی شەوی تاریکدا،[٣]
وەک هی باوکی بێت.
دەی بەیەکەوە،
بە جوانی بیری لێ بکەنەوە،
من لە دوای تاوێک دەگەڕێمەوە،

---

(١) نابێت کەس بزانێت کە من بەهیچ جۆرێک پێوەندیم بەم کارەوە هەیە.

(٢) ئەگەر قسەی جادووگەرەکان راست دەرچێت، بانکۆ، خۆی قەت نابێت بە شا، یەکێک لە نەوەکانی دەبێت. ئیتر یان فییانس خۆی، یان یەکێک لە نەوەکانی. لەبەر ئەوە کوشتنی فلییانس، بۆ مەکبێس، زۆر گرینگە.

(٣) مەکبێس، ئەوەی هاتەوە بیر کە بانکۆ، ئەمڕۆ پێش ئەوەی ماڵئاوایی لێ بکات و گەشت بکات، گوتی؛

بەڵام ئەسپەکەم، گەر خێرا نەبێ،
ئەوساکە دەبێ، لە شەو، من لە رێ،
یەک دوو سەعاتی تاریک بخوازم.

وەرامم دەوێت.

پیاوکوژەکان:

ئامادەین، گەورەم.

پیـاوکـوژەکـان، چاوەڕوانی نیـو سـەعـاتـەکـە ناکـەن. هەر یەکسـەر دەڵێن ئامـادەین. مـەکـبـێس، ئەوەی دەزانـی. بەڵام نـەیدەویست بڕۆن پێش ئەوەی جاسووسـێکی دڵسۆزی خۆی ئامادە نەکات دوایان بکەوێت. نەوەک بەملا و بەولادا بڕۆن و لای یەکێک باسی بکەن. لەبەر ئەوە دەڵێت؛

دە لێرە خۆتان دوور مەخەنەوە.

چاوەڕوانم بن، تا بانگتان دەکەم

بۆ لام بێنەوە.

پیـاوکوژەکان دەڕۆن لە بـەردەرگەی دەرەوەی ژوورەکەدا، چاوەڕوانـی دەکەن. مەکبێس، هەر خۆی دەمێنێتەوە و زۆر دڵی خۆشە بەوەی کە ئەمشەو لە بانکۆ و کوڕەکەی، بە هەمیشەیی رزگاری دەبێت و ئیتر نەوەیان نابێت تا ببێت بە شا. دەستەکانی خۆی لە یەکتری دەگلۆفێنێت و دەڵێت؛

پەیمان بەسترا.

بانکۆ، ئەوەتا گیانت دەفڕێ.

گەر چارەنووسی ئەو، بۆ بەهەشت بێ،

ئەمشەو بۆ ئەوێ،

ئاراستە و ڕێی خۆی دەدۆزێتەوە.

***

دوای سـەفەرەکەی بانکۆ، بانوو مەکبێس، بەدڵێکی پەست و نیگەرانەوە، بە تەنیا لە ژوورەوە دانیشـتبوو بیری لەوە دەکردەوە کە چۆن "دەنکەن"یان کوشت و مێردەکەی بوو بە شا و خۆشی بە شاژن. هەستی بە دڵتەنگییەکی زیاد لە ئاسایی دەکرد و زۆر حەزی دەکرد مێردەکەی ببینێت.

"مـەکـبـێس"یش، لەو کاتەدا، دوای ئەوەی پیـاوکـوژەکانی رەوانە کـرد، هەر

خۆی بە تەنیا، دانیشتبوو بیری دەکردەوە کە چی تر پێویستە بکرێت تا بە هەمیشەیی رزگای ببێت لە ئەنجامەکانی کوشتنی دەنکەن و بۆ خۆی تۆزێک بحەسێتەوە. لەو کاتەدا لە دەرگە دەدرێت و نۆکەرێک پەیامی شاژنی بۆ دەهێنێت کە دەیەوێت بیبینێت. هەڵدەستێت بچێت بۆ لای. کە بە رێگەوە دەبێت، شاژن، هەر بیری دەکردەوە؛ چیمان دەست کەوت بەوەی کە مێردەکەم بوو بە شا؟ ئەگەر ئاسوودەیی نەگەڕێتەوە بۆ دڵمان، واتە ئەو ئاسوودەییەی هەشمانبوو دۆڕانمان. ئیتر دەڵێت؛

هیچمان دەست نەکەوت،
هەموویمان دۆڕان.
ئەگەر کرۆکی ئاواتی دڵمان
جێبەجێ ببێت،
بەڵام، بێبەش بێت، لە ئاسوودەیی.(١)
سەلامەتترە ئەگەر خۆمان بین
ئەوەی کە دەستمان وێرانی دەکات،
لەوەی کە بژین، لە شادییەکدا
وێرانیکردن، بۆمان ساز بکات.(٢)

دەزانێت کە مێردەکەشی وەکو خۆی نیگەران و دڵپەستە. کە دەیبینێت، یەکسەر پێی دەڵێت؛

ها، گەورەم، بۆچی وا بە تەنیایی،
دانیشتوویت لەگەڵ بیر و خەیاڵی

---

(١) کرۆکی ئاواتی دڵیان جێبەجێ بوو؛ بووین بە شا و شاژن. بەڵام ئەو دڵەیان بێبەش بوو لە ئاسوودەیی.

(٢) شاژن، ئەوەندە پەشیمانە، دەڵێت؛ چیمان دەست کەوت بەوەی کە بووین بە شا و شاژن؛ هیچ. خۆزگە ئێمە خۆمان دەنکەن دەبووین و دەکوژراین، لەوەی ئاوا بە ترس و نیگەرانییەوە بەپەستی بژین.

پەستی و کەساسی؟

ئەوانەی هەر زوو، ئەوسا دەبوایە،

هەر لەگەڵیاندا بمردنایە(١)

کەچی هەر دەژین.

ئەو دەردەی چاری نەبێ و نەکرێت

پێویستە بیری هەر لێ نەکرێت.

ئەوەی کە کرا، تازە خۆ کرا.

مەکبێس، دەزانێت؛ ئەوەی کە کرا تازە کرا و هەڵناوەشێتەوە. بەڵام کێشەکە لەوەدایە کە بە باشی نەکرا. ئێستا پێویستە بە هەر جۆرێک بێت چارەیەکی بۆ بدۆزێتەوە؛ کوڕەکانی دەنکەن زیندوون، هەروەها بانکۆ و کوڕەکەی. ئەمانە، بێگومان، زۆریان پێ ناچێت؛ دەگەڕێنەوە و پێوەمان دەدەن. ئیتر دەڵێت؛

مارەکەمان گرت، پارچە و لەتمان کرد،

بەڵام، نەمانکوشت.

هەم دیسانەوە،

پارچەکانی دێن یەک دەگرنەوە،

وەکو جارانی خۆی لێ دێتەوە.

"بەزە"ی هەژاری

ئێمەش وەکو خۆی دەمێنێتەوە؛(٢)

---

(١) لەگەڵیاندا؛ لەگەڵ ئەوانەی کە کوشتمانن. مەکبێس، ئومێدی وا بوو کە کوشتنەکەی دەنکەن وەکو تۆڕێک هەموو ئەنجامەکانی خۆی لە ناو خۆیدا بەند دەکرد و نەیدەهێشت هیچی لێ دەربچێت. ئەوە، جێبەجێ نەبوو.

(٢) بەزە؛ تاوان. مەبەستی لە کوشتنەکەی دەنکەنە. هەژارە، چونکە ناتوانێت بەرگری لە خۆی بکات.

لە ژێر هەڕەشەی کەڵبەی جارانی.

ئەگەر چارەسەرێکی بۆ نەدۆزینەوە، ناحەسێینەوە و هەمیشە، لە ژێر هەڕەشەی ئەواندا ئازار دەچێژین. دەڵێت؛

ئـــاخ، ئاخ، دەک هەموو،

شیرازەی هەردوو دنیا دەپچڕان،[١]

ئەنجامەکانی، هەر لە بنجەوە،

گشتیان دەترازان،

بەر لەو زەمانەی کە بەترسەوە،

خواردنمان بخۆین

لە نووستنیشدا، بەدەست ئەم خەوە

سامناکانەوە، ئازار بچێژین.

مەکبێس، ئەوەندە نیگەران و دڵتەنگە، وەکو ژنەکەی، تاکو رەشک[٢] بەو مردووانە دەبات کە خۆیان کوشتیانن لە پێناوی ئاسوودەییی دڵ و کامەرانیی خۆیاندا. ئیتر دەڵێت؛

باشتر دەبوو گەر،

لەگەڵ مردووەکان، ئێمە بووینایە.

ئەوانەی لەبەر ئاسوودەی دڵمان،

بە دەستی خۆمان،

بۆ ئاسوودەیی رەوانە کران.

لەوەی کە بژین بە نیگەرانی و

لەگەڵ ئازاری دەروونمان بنووین؛

لە ناو گۆڕەکەی، ئێستاکە دەنکەن،

---

(١) دەک هەردوو دنیا؛ دنیای ئێستا و داهاتوو وێران دەبوون.

(٢) رەشک؛ حەسوودی.

دوای ژیانێکی پڕ "تا"ی فێ لێهێن.[1]
بۆ خۆی ئەوەتا، بێ خەم نووستووە.
هەرە بەدترین کاری ناپاکی،
ئەوەی خیانەت پێی کرا، کردی.[2]
ئیتر نە ژەهر، نە پۆلا و ئاسن،
نە کینەی خزمان، نە سوپای دوژمن،
کاری تێ دەکات.

بانوو مەکبێس:

گەورەی بەڕێزم، دە دەی بەسیەتی،
با نەرم و لووسی،
داپۆشن گرژیی روو و چاوەکانت،
روو خۆش و گەش بە،
ئەمشەو تۆ لە ناو میوانەکانت.

مەکبێس، هەموو ئەو ئێوارەیە هەر بیری لە بانکۆ دەکردەوە. بۆ ئەوەی نهێنییەکانیان ئاشکرا نەکات، خۆی و ژنەکەی رێک کەوتبوون کە رێزی زۆر بگرن و مەراییی بکەن. دەڵێت؛

بەو جۆرە دەبم، ئا، من گیانەکەم.
خۆشت ئاوا بە، تکات لێ دەکەم.
"بانکۆ"ت، لە بیر بێ،
رووی گەلێک بەرێ،

(١) تای فێ لێهێن؛ تا و سەرئێشەیەکی ئەوەندە زۆر، لەو جۆرانەی کە فێ لە پیاو دەهێنن.
(٢) مەبەستی لەو خیانەتەیە کە خۆی کردی. دەنکەنی کوشت و رزگاری کرد لە خەم و ئازاری ئەم دنیایە.

بە زمانی خۆش و مەستی چاوانت.

مەکبێس، بە ماتی بیر دەکاتەوە لەوەی کە ئەم ئێوارەیە دەنکەن دەکوژرێت، ئینجا دەڵێت؛

ئاسوودە و ئاشتی، ناچنە دڵمان

تاکو شەرەفمان، پێویستی هەبێت

بە شتنەوە،

لە ناو رووبار و شیوی مەرایی.

رووشمان، ناچار بێت

خۆی بکا و ببێت بە سیحربازێک،

نەیەڵێت راستیی دڵمان دەرکەوێت.

ژنەکەی:

پێویستە کە تۆ، واز لەمە بێنیت،

بیری لێ مەکە.

مەکبێس:

بیرم ژنەکە، پڕ لە دووپشکە،(١)

خۆشەویستەکەم،

خۆ تۆ دەزانی، بانکۆ و "فلییانس"ی

هێشتاکە زیندوون.

بانوو مەکبێس، باش لە مەبەستی مێردەکەی تێ دەگات. وەرامی بەجۆرێک دەداتەوە وەکو بڵێت؛ دەی ئەوانیش دەکوژین. دەڵێت؛

بەڵام دەشزانین، لەم دنیایەدا،

---

(١) مێشکی پڕ لە دووپشکە و ئامادەن بەخەڵکەوە بدەن و بیانکوژن (بیر لە کوشتنی هەندێک کەس دەکاتەوە).

کەس نەمر نییە، جگە لە گەردوون.

مەکبێس:

ئا، ئەوە هەندێک، دڵنیام دەکات؛

دەردەکە هێشتا، دەرمانی هەیە.

مەکبێس، کە هەست دەکات ژنەکەشی دەربارەی بانکۆ و کوڕەکەی، وەکو خۆی، بیر دەکاتەوە، کە پێویستە بکوژرێن، ویستی پێی بڵێت کە ئەم ئێوارەیە هەردووکیان دەکوژرێن. دەڵێت؛

کەوابێت ئەمە، دڵت خۆش دەکات؛

ئەم ئێوارەیە،

بەر لە فڕینی شەمشەمەکوێرە،

لە ژێر بنمیچ و گوێسوانەکانی

کەنیسەکاندا،

بەر لەوەی هەرلە،

هەرلەی تەپاڵە، بفڕێ و بڕوات(١)

بەپێی فەرمانی "هێکاتی"ی سیا،(٢)

ویزەی خەواڵووی دوو باڵەکانی،

زەنگوڵەی شەوی خاوێر لێ بدات،(٣)

(١) هەرلە؛ قالۆنچە. هەرلەی تەپاڵە؛ قالۆنچەی تەپاڵە. جۆرێکە لە قالۆنچە، لە ناو تەپاڵەی مانگادا گەورە دەبێت. ئەم جۆرە قالۆنچەیە، وەکو شەمشەمەکوێرە، هەر بە شەوان دەفڕێت. لەگەڵ تاریکبووندا، لە خەو هەڵدەستێت و یەکسەر دەست دەکات بە فڕین. لەبەر ئەوە ویزەی باڵەکانی هێشتا خەواڵووە. لەگەڵ ئەو ویزەیەدا، شەو دەست پێ دەکات (زەنگوڵەی دەستپێکردنی شەو، لێ دەدات).

(٢) سیا؛ رەش. هێکاتی؛ خوای تاریکی و خێو و شەوە و جنۆکەی بەد و نوشتەگرتنەوەی بەدخواز.

(٣) خاوێر؛ خەواڵوو.

کارێکی سامناک ئەمڕۆ روو دەدات.

کـــە ئەوە دەڵێت، دەبینێت ژنەکـــەی دەورووژێت و جـــۆرە ترســـێک یان نیگەرانیـــیـــەک بـە روویەوە دەردەکـەوێت. لەو بارەدا، زۆر جـوان ناسک و بێ تاوان ژنەکەی، دێتە بەرچاوی. بڕیار دەدات کە جارێ پێی نەڵێت. ژنەکەی لێی دەپرسێت؛

پێم بڵێ چییە، بەگ، چی روو دەدات؟

مەکبێس:

خۆشەویستترین، جووجەڵە، شیرین،

با بێ تاوان بیت تۆ لە زانینی

تاکو روو دەدات.

ئەوسا بیستنی، شادمانت دەکات.

سـەیرێکی ئاسـمـان دەکات، کە دەبینێت بەرەو تاریکی دەچێت، بـەدەنگێکی سامهێنەر و پڕ داخەوە بە ژنەکەی دەڵێت؛

رۆژ، ئەوا رەنگی رەش و لێڵ دەبێت.

ئا لەم کاتەدا،

شەوەی رەش لە خەو، هەڵدەستێ و دەچێت(١)

بەرەو نێچیری.

لە وتەکانم،

تکایە سەرت، با سوور نەمێنێت؛

توند خۆت ڕابگرە، با من بڵێم، پێت؛(٢)

ئەو کاروبارەی

بە کردەوەی بەد دەست پێ دەکرێت،

---

(١) شەوەی رەش؛ شەوەی بەدخواز، خێوی پیاوکوژ.

(٢) خۆت رابگرە و مەترسە.

هەر بە بەدكاریش بەڕێوە دەچێت.

ئیتر هەناسەیەكی ساردی پڕ بەداخەوە دەداتەوە و بە ژنەكەی دەڵێت؛

تكات لێ دەكەم، وەرە لەگەڵم.[١]

***

ئاهەنگی شێوكردنەكە دەست پێ دەكات. مەكبێس و ژنەكەی بە تاج و جلی شاهانەوە دێن بەخێرهاتن لە میوانەكانیان دەكەن و لەگەڵیاندا دادەنیشن. لەو كاتەی كە هەموو ئامادە بوون یەكەمین جامی بادەیان بنۆشن، مەكبێس دەبینێت یەكەم پیاوكوژ دێتە ژوورەوە و لای دەرگەی هۆڵەكەوە دەوەستێت. مەكبێس لێی نزیك دەبێتەوە و پێی دەڵێت؛

پەڵەیەكی خوێن، بە رووتەوەیە.

یەكەم پیاوكوژ:

بەگ، ئەوە دەبێت خوێنی بانكۆ بێت.

مەكبێس:

گەر بەدەرەوەی لەشی تۆوە بێت،

باشترە لەوەی لە ناو ئەودا بێت.

رەوانەتان كرد[٢]

یەكەم پیاوكوژ:

من قورگیم بڕی، بەگ، ئەوەم بۆ كرد.

مەكبێس:

قوڕگبڕی چاكیت، ئەتۆ كابراكە.

بەڵام ئا ئەوەی بەڕاستی چاكە،

ئا ئەویانە،

(١) تكات لێ دەكەم وەرە لەگەڵم بچین بۆ لای میوانەكان.

(٢) رەوانەتان كرد بۆ دنیای داهاتوو؟ كوشتتان؟

ئەوەی کە قوڕگی "فلییاس"ی بڕی.
ئەگەر ئەوەشیان کردەوە و کارتە؛
قوڕگبڕی وەک تۆ، لە دنیا تاکە.

یەکەم پیاوکوژ:

شای شکۆدارم، فلییانس، رای کرد
لە دەسمان دەرچوو.

***

بانکۆ و "فلییانس"ی کوڕی فریا نەکەوتن بگەڕێنەوە پێش ئەوەی دنیا تاریک ببێت. کە پیاوکوژەکان هێرش دەبەنە سەریان، بانکۆ یەکسەر تێ دەگات کە ئەمە کاری مەکبێسە. لەو تاوەدا قسەی پیرێژنەکانی دێتەوە بیر، کە پێیان گوت نەوەکانت دەبن بە شا، لەبەر ئەوە زوو دەڵێت؛

ئاخ، لە ناپاکی،
فلییانس، ڕابکە، کوڕی باش، ڕابکە!
لێرە نەمێنیت.
بەڵکو لە دوایی، تۆڵەم بسێنیت.
ئاخ، بەندەی ریسوا.(١)

بانکۆ، پیاوێکی ئازا و بەدەسەڵات دەبێت. پیاوکوژەکان بە خۆیەوە خەریک دەکات و کوڕەکەی فریا دەکەوێت زوو دەرباز ببێت و لە تاریکییەکەدا خۆی ون بکات.

پیاوکوژەکە، کە دەڵێت فلییانس، دەرباز بوو، مەکبێس بە جارێک تێک دەچێت. بە ماتی دەوەستێت و بیر دەکاتەوە. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

کەوابێت دیسان، من بووم بە دیلی
بیری سامناک و فێی نیگەرانی.

---

(١) مەبەستی لە مەکبێسە.

ئەگینا خۆ من،
وەکو مەڕمەڕی (یەک پارچە) وابووم.
هەر هیچم نەبوو، تاشە بەردێک بووم.
بەڵام، ئەوەتا، هەمدیسانەوە،
دیلم بە دەستی شک و ترسەوە. (روو دەکاتەوە پیاوکوژەکە)
بەڵام، خۆی، بانکۆ،
خۆ سەلامەتە؟[١]

پیاوکوژەکە، لە مەبەستی مەکبێس، تێ دەگات. زوو وەرامی دەداتەوە و دەڵێت؛

ئا، گەورەم، ئەرێ، خۆی سەلامەتە.
ئەو، ئێستاکونێ، لە چاڵێکدایە،
بیست برینی قووڵ، هەر لە سەریایە،
بچووکترینی، زینوو دەکوژێ.

مەکبێس:

سوپاست دەکەم گەلێک بۆ ئەوە.

هەر ئەوە دەڵێت و مەراقێکی زۆر دای دەگرێت و دەکەوێتە بیرکردنەوەیەکی زۆر قووڵەوە. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

مارە پیرەکە،
تەرمەکەی لەوێ بێ گیان کەوتووە.
بەڵام، ئەو کرمەی کە ڕای کردووە،
مەکبێس، بزانە!

(١) مەبەستی ئەوەیە؛ "خۆکوشتنەکەی بانکۆ، هیچ گومانێکی تێدا نییە، کارەکە بە سەلامەتی جێبەجێ کراوە؟"

هەرچەندە ئێستا، بێ کەڵبە و دانە،

سروشتی وایە؛ لەگەڵ زەماندا،

ژەهر دەردەکات لەگەڵ ددانداا.

مەکبێس، بە پیاوکوژەکە دەڵێت؛ بڕۆن، سبەینێ دەتانبینمەوە و باسی دەکەین. دووەم پیاوکوژ لە دەرەوە، لە بەردەرگەی هۆڵەکەدا، چاوەڕوانی دەکرد. پێش ئەوەی پێکەوە لە کۆشکەکە بچنە دەرەوە، دەیانگرن و دەیانبەن لە ناویان دەبەن.

بانوو مەکبێس، کە دەبینێت مێردەکەی هەر لای دەرگەکەوە وەستاوە و بە پەستی و نیگەرانییەکی زۆرەوە هەر بیر دەکاتەوە و لەبەر خۆیەوە دەدوێت، دێت بۆ لای و پێی دەڵێت؛

سەروەرم، خاوەن تەختی شاهانی،

ئاخر دە کوانێ، رووە خۆشەکەت؟

وەکو دەزانی،

ئاهەنگ جۆرێکە لە بازرگانی؛

بەخێرهاتنی گەرم و رووخۆشی،

بە درێژاییی رابواردنەکە،

وەک بەهاراتە بۆ ئاهەنگەکە.

ئەگەر خواردن بێت، هەرە باشەکەی؛

ئەوەیە کە خۆت لە ماڵتا دەیخۆی.

مەکبێس:

خستتەوە بیرم، شیرینی روو جوان.

ئیتر مەکبێس، دەگەڕێتەوە بۆ مێزەکە و جامی بادەکەی خۆی بەرز دەکاتەوە و روو دەکاتە میوانەکان و دەڵێت؛

دەی نۆشی گیانتان،

فەرموون میوانان، تەندروستیتان!

کە دەڕوات بەرەو کورسییەکەی خۆی بۆ ئەوەی دابنیشێت، سەیر دەکات بانکۆ، لەسەری دانیشتووە و بە سەر و پرچە سپییە خوێناوییەکانییەوە و بە دوو چاوی سیسی بێ جووڵە و ژیانەوە سەیری دەکات. ئەو دیمەنە زۆر دەیترسێنێت. دەحەپەسێت و بە سەرسووڕماوییەوە دەوەستێت و نازانێت چی بڵێت. ئەو تارماییەی بانکۆ، لە خۆی بەولاوە، کەس نە دەیبینیت نە هەستی پێ دەکات. لیۆکس پێی دەڵێت؛ شکۆدار، فەرموو دابنیشە. بەڵام، بەهۆی ئەو بارودۆخە ئاڵۆزەی کە تێیدا بوو، هەر گوێشی لێ نەبوو. ئیتر، لە ترسا، دەست دەکاتەوە بە مەراییکردنی بانکۆ؛

لە ژێر ئەم بانە، لێرەدا دەبوو،
شانازی بەرزی وڵاتەکەمان،
ئەگەر جەنابی "بانکۆ"ی خەرامان،[(١)]
لێرەدا دەبوو.
خۆزگە گلەییم لێ بکردایە
بۆ "ژوان"ی بەدی،[(٢)]
لەوەی سوێ بخۆم بۆ بەختی رەشی.

مەکبێس، ئەوەندە وورووژاوە، ناتوانێت نهێنیی دڵی بشارێتەوە؛ دەربارەی بانکۆ، بە جۆرێک دەدوێت وەکو بە خەڵکەکە بڵێت؛ دەترسم لە رێگەدا کوژرابێت. رۆس، پێی دەڵێت؛

نەهاتنەکەی،
ژوانی بەدی تاوانبار دەکا،

(١) خەرامان؛ پۆش و جوان و بەڕێز.

(٢) ژوان؛ بەڵێن بۆ یەکتری بینین. مەوعد. بانکۆ ژوانی دابوو بە مەکبێس، کە بێت بۆ ئاهەنگەکە. ئەگەر ژوان بدات و نەیەت، ئەوە ژوانێکی باش نییە، بەدە.

فەرموو شکۆدار، سەرمان بەرز بکە
بە دانیشتننتان لەگەڵمان لێرە.

مەکبێس:

جێگە نەماوە،
دەوری مێزەکە، هەمووی گیراوە.

لینۆکس:

ئەوەتا، گەورەم، ئەوەتا جێگە.
هەر بۆ جەنابتان تەرخان کراوە.

ئەو جێگەیەی کە لینۆکس ئاماژەی دەکات، ئەو کورسییەیە کە تارماییەکەی لەسەر دانیشتووە. لەبەر ئەوە مەکبێس دەپرسێت؛

کوانێ، کوا جێگە؟

لەو کاتەدا، مەکبێس روو دەکاتە کورسییەکە و دەست دەکات بە قسەکردن لەگەڵ تارماییەکەدا؛

ناتوانیت بەسەر منیا بهێنیت.
سەرت بامەدە،
پرچی خوێناویت، رامەوەشێنە
بە رووما ئاوا.

رۆس:

خانەدانەکان،
با هەڵسین برۆین. شا، نارەحەتە.

میوانەکان، هەڵدەستن برۆن. بانوو مەکبێس، حەز ناکات بەو جۆرە برۆن و باسی رووداوەکە لە نێوان گەلەکەدا، بڵاو ببێتەوە. لەبەر ئەوە دەڵێت؛

دۆستان، بەرێزان، دانیشنەوە.
هەر لە گەنجییەوە،

وا بووە میران.

جۆرە فێیەکە، لە ناکاوا دێت.

هەر بۆ تاوێکە، زوو کۆتاییی دێت.

میوانەکان، هەر کەس لە جێگەی خۆی وەکو بت دەوەستێت و چاو دەبڕێتە مەکبێس. بانوو مەکبێس، نایەوێت کەس مێردەکەی لەو بارودۆخەدا ببینێت. دەڵێت؛

کەس سەیری نەکات، توخوا، تکایە؛

پێی توورە دەبێت.

ماوەی فێیەکەی درێژتر دەبێت.

بخۆن بۆ خۆتان، مەراقتان نەبێت.

هەر وا بزانن؛ هیچ رووی نەداوە.

ئینجا مەکبێس، دەباتە لایەکەوە و پێی دەڵێت؛

توخوا تۆ پیاویت. پیاو ئاوا دەبێت.

مەکبێس:

پیاوێکی ئازا، ئەوەی دەوێرێت

سەیری ئەوە بکا و دڵی نەلەرزێت.

ئەوەی کە شەیتان، خۆی، لێی دەتۆقێت.

ژنەکەی:

ئای کە دروستە،

ئەوەی دەیبینیت، کردەوەی ترستە.

خەنجەرەکەیە،

ئەوەی ئەوساکە، تۆ بە منت گوت؛

لە هەواکەدا، لە ژووری سەرت،

بۆ شوێنی دەنکەن، بوو بە ڕابەرت.

ئاخ لەم لەرزین و راچەنینانە

وەک لە هی ترسی راستی بن وانە.

لەو کاتەدا، مەکبێس، زۆر گوێی لە ژنەکەی خۆی نەدەگرت. هەر سەیری تارماییەکەی دەکرد و چاوەکانی لێ مۆڕ دەکردەوە وەکو هەڕەشەی لێ بکات. کە ژنەکەی ئەوە دەبینێت، لێی تووڕە دەبێت و دەڵێت؛

شەرم و شوورەیی.

بۆ دەموچاوی خۆت وا لێ دەکەیت.

ئەوەی تۆ دەیکەیت؛

تەنیا هەر سەیری کورسییەک دەکەیت.

تارماییەکە، هەر لە بەرچاوی مەکبێس، دەمێنێتەوە. هەر وەکو خۆشی بە سەر و پرچە سپییە خوێناوییەکانییەوە و بە دوو چاوە سیسە بێ رۆحە مردووەکەیەوە، سەیری دەکات. مەکبێس، بڕوا ناکات کە ژنەکەی ئەوە نەبینێت. پێی دەڵێت؛

تکات لێ دەکەم سەیری ئەوێ بکەیت.

دیقەتی بدەرێ،

دەبێت سەیری بکەیت. (بانوو مەکبێس، سەیرێکی کورسییەکە دەکات)

ها،

ئێستا، چی دەڵێیت؟

چاوەڕوانی وەرامی ژنەکەی ناکات. دیسانەوە روو دەکاتە تارماییەکە و قسە دەکات، تا نەختە بە نەختە تارماییەکە لە بەرچاوی دەکوژێتەوە و ون دەبێت. ئیتر مەکبێس تۆزێک دەحەسێتەوە.

ژنەکەی، بێگومان، هیچ نابینێت. بە تووڕەییەوە پێی دەڵێت؛

گێلی، بەجارێک، پیاوەتیی بردیت.

مەکبێس:

وەک چۆن من لێرە ئاوا وەستاوم،

ئەویش لێرە بوو راست لە بەرچاوم.

ژنەکەی:

دەک پیاو، داوەشێیت، هیچ شەرم ناکەیت.

ئیتر بە زمانێکی دیبلۆماسی و هەندێک ناسکەوە، لە بەرچاوی خەڵکەکە، بە مێردەکەی دەڵێت؛

بەگی بەڕێزم،

تۆ هاوڕێکانت، چاوەڕوانتن.

مەکبێس، دەگەڕێتەوە بۆ لای میوانەکان و لێبووردنیان لێ دەخوازێت و دەڵێت؛

هاوڕێکانم، من، لە بیرم دەچێت.

تکایە سەرتان لێم سوور نەمێنێت!

دەردێکی سەیرە، جارجار دەمگرێت.

بەڵام هیچ نییە،

بۆ ئەو کەسەی من باشتر دەناسێت.

دەی برادەران، تەندروستیتان!

من ئیتر ئێستا، وا دادەنیشم

لێرە لەگەڵتان.

جامەکەم پڕ کەن، با مەی بنۆشم

بۆ سەرکەوتن و خۆشیی هەمووتان.

هەر ئەوە دەڵێت، تارماییيەکە، دەگەڕێتەوە. "مەکبێس"یش دیسانەوە دەست دەکاتەوە بە مەراییکردنی بانکۆ و دەڵێت؛

هەر واش بۆ "بانکۆ"ی زۆر خۆشەویستمان

ئەوەی کە هەموو وا بیری دەکەین.

خۆزگە ئێستاکە لەگەڵمان دەبوو.

دەی بە "بانکۆ"وە، تەندروستیتان!

میوانەکان

بۆ نۆشی گیانتان.

دیسانەوە، روو دەکاتەوە تارماییەکە و دەڵێت؛

دەی برۆ ون بە، لە بەرچاوانم،

با خاک دات پۆشێت.

ئێسقانەکانت، بێ ناوک و پووتن.(١)

خوێنی ناو تەنت، سارد سارد بووەتەوە،

ئەو چاوانەی تۆ سەیریان پێ دەکەیت،

هەستی بینینیان کوژاوەتەوە.

بانوو مەکبێس، هەر بە شەرمەزاری و نیگەرانییەوە سەیری مێردەکەی دەکات و نازانێت بڵێت چی. لە دواییدا روو دەکاتە میوانەکان و دەڵێت؛

خانەدانەکان،

بە جۆرێک لەمە، بیر بکەنەوە،

وەک رووداوێکی گەلێک ئاسایی.

هیچی تر نییە. تەنیا ئەوەتا

ئەم کاتە خۆشەی لە ئێمە تێک دا.

مەکبێس، هەر لەگەڵ تارماییەکە دەدوێت و میوانەکان بە شەرمەزارییەوە دانیشتوون سەیری دەکەن، تێ ناگەن شا، بۆچی وا دەکات.

---

(١) تارماییەکە لە شێوەی تەرمی بانکۆ، هاتووەتە بەرچاوی مەکبێس. ژیانی تێدا نییە. خوێن، کە گرینگترین شتە لە هەموو زیندووییەکدا، لە ناو ئێسقاندا دروست دەبێت. ئێسقانەکانی کرۆکی ژینیان تێدا نەماوە.

مەکبێس، هەرچەندە پیاوێکی ئازایە، بەڵام لەو کاتەدا هەست دەکات کە جۆرە سامێک کەوتووەتە دڵییەوە و لە تارماییەکە دەترسێت. دیسانەوە سەیری کورسییەکە دەکاتەوە و دەڵێت؛

هەرچییەک ئەوەی پیاو پێی بوێرێت،
من پێی دەوێرم.
ئەگەر لە شێوەی
ورچی دڕندەی رووسییەوە بۆم بێیت،
یان بە شاخەوە وەکو کەرکەدەن.
یان وەک پڵنگی خاکی هایرکەن،(١)
وەرە ناترسم.
هەر جگە لەمە،
لە شێوەی چی دێیت، وەرە ناترسم.
دەمارەکانم، بە توانا و هێزن،
یەک تۆز نالەرزن.
یان بێرەوە ژین!
شیرەکەی خۆتم لێ هەڵبکێشە و
بانگم کە بچین،
بۆ بیابانێک، یەکتر ببینین.
گەر منت لەرزان،
ئەوساکە حەقتە ناوم لێ بنێیت
"بووکەڵەی وازی زاڕۆڵە کچان"(٢)

---

(١) هایرکەن؛ ناوچەیەکە لە باشووری رۆژهەڵاتی دەریای خەزەر. کاتی خۆی بەناوبانگ بووە بە پڵنگی زۆر دڕندەوە.

(٢) زارۆ؛ منداڵ. زاڕۆڵە؛ منداڵی بچووک. مەکبێس هەست دەکات کە ئەم تارمایییە، راستی نییە. ئەگەر راستی بووایە لێی نەدەترسا. بۆیە پێی دەڵێت؛ وەرەوە ژیان.

تارماییی سامناک، ساختەچی بڕۆ.

کە وای پێ دەڵێت، تارماییەکە دەڕوات، ون دەبێت. مەکبێس، دیسانەوە بیری دێتەوە سەر خۆی.

دەبینێت میوانەکان هەستاون و خەریکن بڕۆن. دەڵێت؛

ون بوو دیار نەما، منیش ئەوەتا،
هەمدیسانەوە بوومەوە بە پیاو.
تکایە، مەڕۆن، دانیشنەوە.

بانوو مەکبێس:

دە فەرموو ئەوا،
ئەم دانیشتنە باشەت لێ تێک داین
چی تیا بوو خۆشی، بۆت گۆڕینەوە
بە نامۆترین نارێکی و پەستی.

مەکبێس، وا دەزانێت هەموو ئەوانەی کە دانیشتوون لە دەوری مێزەکە، تارماییەکە دەبینن. لەبەر ئەوە زۆر سەیری لە وتەکانی ژنەکەی دێت. دەڵێت؛

قەت بووە و دەبێت
شتێکی ئاوا سەیر تێپەڕ بێت،
وەک هەوری هاوین،(١)
بێ ئەوەی سەرمان هیچ لێ بسووڕمێت؟
تۆ وام لێ دەکەیت،
بە سروشتی خۆم، بڕوام نەمێنێت؛
هەرچەند من ئێستا بیر دەکەمەوە
کە تۆ دەتوانی

(١) لە سکۆتلەندە، لە هاویندا، باران زۆر دەبارێت. هەوری هاوین، شتێکی ئاساییە.

دیمەنی ئاوا بە چاو ببینی و
رەنگی ئاسایی روومەتەکانت،
هەر بە یاقووتی بهێڵیتەوە.
کەچی ئەوانەی من لە ترساندا،
زەرد هەڵدەگەڕێن.

رۆس:

بەگ، دیمەنی چی؟

رۆس، کە ئەوە دەپرسێت، بانوو مەکبێس، بڕیار دەدات کە میوانەکان ئیتر پێویستە بڕۆن. ئەگینا هەموو شتێکیان لە دەست دەردەچێت. دەڵێت؛

زۆر تکا دەکەم،
وتە لە دەمتان، ئیتر دەرنەچێت.
پرسی لێ مەکەن، پێی تووڕە دەبێت.
هەندێک تێکچووە، تێکتریش دەچێت.
دەی ئیتر بڕۆن.

میوانەکان دەڕۆن، هەر خۆیان دەمێننەوە. مەکبێس، بە ماتی دادەنیشێت و بیر دەکاتەوە. هەرچەند زیاتر بیر دەکاتەوە روونتر بۆی دەردەکەوێت کە ئەگەر بیەوێت بە ئاسوودەیی لەسەر تەختی شایەتی بمێنێتەوە پێویستە چەند کەسێکی تر بکوژێت. ئیتر دەڵێت؛

خوێنی گەرەکە، خوێنی کەی دەوێت.
وتراوە کە
خوێن خوێنی دەوێت.

ئێستا، لای مەکبێس، زۆر گرینگ نییە خەڵکەکە بزانن کە دەنکەنی کوشتووە یان نا. بە ڕای ئەو، ئەگەر نەشزانن، بەهۆی نوشتەچییەوە دەتوانن بزانن. بەڵام ئەوەی کە گرینگە ئێستا لای، ئەوەیە کە لەسەر تەختی شایەتی

بمێنێتەوە و ترسی نەبێت. دەڵێت؛

لە کۆنیشەوە، خۆ زانراوە؛
ئەوەی زانایە لە نوشتەبازی،
لە جێی خۆیەوە، بەرد دەجووڵێنێت،
درەخت دەدوێنێت،[١]
قەلەباچکە و داڵ بەکار دەهێنێت
بۆ دۆزینەوەی دەستی خوێناوی و
دەیدۆزێتەوە،
هەرچەند نهێن بێت کردەوەکانی.[٢]
شەومان کرد بە چەند؟

بانوو مەکبێس:

ئەوەتانێ شەو، لەگەڵ بەیاندا،
وتووێژیانە؛ نۆرەی کامیانە.

مەکبێس، "ماکدەف"ی دێتەوە بیر کە نەهاتبوو بۆ ئاهەنگەکەیان. لە ژنەکەی دەپرسێت؛

چی دەڵێیت بەوەی، کە وا ماکدەف خۆی،
شاردەوە و نەیویست
بێت بۆ ئاهەنگە گەورەکەی ئێمە؟

---

(١) نوشتەباز، دەتوانێت لە جێی خۆیەوە، لە دوورەوە، بەرد بجووڵێنێتەوە و درەخت بدوێنێت و بیکات بە شاهێد.
(٢) پیاوکوژ هەرچەند کردەوەکانی بە نهێنییەوە بکات، سوودی نییە، بەهۆی نوشتەبازەکانەوە، هەر دەدۆزرێتەوە. (مەکبێس، ئێستا زۆر بڕوای بە نوشتە و نوشتەبازی هەیە)

ژنەکەی:

گەورەم، بە شوێنیدا، کەست ناردبوو؟

مەکبێس:

بە ڕێککەوت، بیستم.(١)

نییە لە ناویان، ئەوەی لەماڵی،(٢)

لە نێو ئیشکەر و نۆکەرەکانی

چڵکاوخۆرێکی منی تێدا نەبێت.(٣)

مەکبێس، هەست بە تاوانباریی خۆی دەکات و دەزانێت کە بەشی زۆری سان و بەگزادەکانی سکۆتلەندە خۆشیان ناوێت و بە خائینی دادەنێن. لەبەر ئەوە لە ناویاندا جاسووسی دانابوو؛ بۆ ئەوەی ئەگەر شتێکیان بیست دژی، زوو پێی بڵێن. بە ڕێککەوت، بەهۆی جاسووسێکەوە، دەبیستێت کە ماکدەف یەکێکە لەوانەی کە دژین.

لەبەر خۆیەوە زۆر بیر دەکاتەوە، بەڵام نازانێت چی پێویستە بکات. لە ئەنجامدا بڕیار دەدات کە بچێت بۆ لای سێ خوشکە جادووگەرەکان. بەڵکو ئەوان پێی بڵێن لە ئایندەدا، چیی تر روو دەدات. ئەوساکە باشتر دەزانێت چی پێویستە بکات. بە ژنەکەی دەڵێت؛

لەگەڵ شەبەقدا، سبەی بەیانی

هەڵدەستم دەچم

بۆ لای سێ خوشکە جادووگەرەکان.

بۆ ئەوەی لەوان، زۆرتر ببیستم.

ئەوسا، بەکارهێنانی نوشتە و جادووگەری، بەکردەوەیەکی زۆر نزم و

---

(١) بە ڕێککەوت، بەهۆی جاسووسێکەوە، بیستم کە دژی منە.

(٢) ئەوان؛ سان و بەگزادەکانی سکۆتلەندە.

(٣) مەکبێس، بە جاسووسەکانی خۆی دەڵێت "چڵکاوخۆر".

ریسوا دادەنرا. مەکبێس ئەوە دەزانێت. بەڵام بۆ ئەوەی بزانێت چییە هەرە بەدترین شت، ئەوەی کە لە ئایندەدا چاوەڕوانی دەکات، ئامادەیە هەرە بەدترین هۆکار (نوشتە و جادووگەری) بەکار بهێنێت. دەڵێت؛

ئێستا ئامادەم، لە ڕێی زانینی
هەرە بەدترین،
بەدترین هۆکار بەکار بهێنم.(١)
من بۆ سوودی خۆم،
هەموو هۆکارێک بە پاک دەبینم.
بەناو خوێندا من،
هەندە دوور رۆیشتووم،
گەر دوورتر نەڕۆم،
ئاسانتر نییە گەڕانەوە بۆم.
شتی نامۆ و سەیر، لە ناو سەرمدا هەن،
بۆ دەستەکانم ئارەزوو دەکەن،
دەبێت بکرێن
پێش ئەوەی لێیان، کەس ورد بێتەوە.

ژنەکەی هەست دەکات کە مێردەکەی گەلێک دڵتەنگ و پەست و ماندووە. پێی دەڵێت؛

وەک گشت زیندوویەک،
ئەتۆش پێویستیت بە نووستن هەیە.

مەکبێس:

با بڕۆین بنووین.

---

(١) هۆکار؛ وەسیلە

شپرزەبوونم، هـی ئەو ترسـەیە،[١]
ئەوەی هـەمیشـە
دەخزێتە دڵی لێڕانەهاتوو،
ئەوەی کە هێشتا،
لە کردەوەی وا، هـەر ساویلکەیە.[٢]

(١) مـەکبـێس، دوای ئەوەی هـەندێک سارد دەبێتـەوە و ژیری دەگەڕێتـەوە بۆ مێشکی، هەست دەکـات کـە ئەوسـاکـە شـپـرزە بووبوو بۆیە تارمـاییی بانکۆ دەهـاتە بەرچاوەکانی.

(٢) سـاویلکە، منداڵی سـاوا، نەفـام. لە کـردەوەی وا؛ لە تاوانکردنی ئاوا ( پیـاو کـوشتن). دەڵێت من ئاوا بەم جـۆرە شـپـرزە بووبووم چونکە جـارێ ساویلکەم، رانەهـاتووم پیـاو بکوژم. مـەبەسـتی ئەوەیە؛ نـەخـتـە بە نەخـتـە رادێم. دیارە مەکبێس، بڕیاری داوە کە جارێ، لە پیاو کوشتندا، بەردەوام بێت.

# بەشی چوارەم

شـــەوێکی درەنـگ، بەرەو بـەیانی لـە ناو تاریکیی بیــابانێکدا، بـاران دەباری. هەور، گرمـەگـرم و تیشک و رووناکیی برووسـکەکـانی ئەو چۆڵاییـیـەی داگیـر کردبوو. شتێک دیار نەبوو جگە لە ئاگرێک لە ژێر مـەنجەڵێکی زلدا دەسـووتا. مـــەنجـــەڵ دەکـــوڵا و سێ پیـــرێژنی گـــەلێک نـاشـــیـــرین، لە دەوران دەوری دەسـووڕانەوە. سێ خـوشکەکـە بوون. هـەمـدیسـانـەوە، وەک هـەمـوو جـارێک، کۆ بووبوونەوە و خەریکی نوشتەی ڕەشی بەدخواز بوون؛

یەکەم

پشیلەی بازوو، سێ جار میاوانی.[(١)]

دووەم

سێ جار و جارێک ژیژک ناڵانی.

سێیەم

(هارپییەر) دەنگی دێت هاوارێتی؛[(٢)]

"ئەوا هات کاتی، ئەوا هات کاتی."

یەکەم

بسووڕێنەوە،

دەی، بەدەوری مەنجەڵی جادووگەری.

---

(١) بازوو؛ بەڵەک بەڵەک.

(٢) هارپییـەر؛ ناوی خێوێکە، یان جنۆکەیەکـە. هـەروەها ژیژک و پشیلە بازووەکە، ئەوانیش هەر جنۆکەن.

بۆ ناو هەناوی ژەهراویی پیسی،

بۆقەکە هەڵدەن؛

ئەوەی کە لە ژێر

بەردێکی تەڕی ساردی بەفراوی،

سی و یەک رۆژ و شەو،

بەردەوام دەنووست،

ئارەقی لینجی ژەهراویی دەڕشت.

ئەوی تێ بخەن.

ئینجا پێش، ئەوەی دوو خوشکەکەی تر، هەڵی بدەنە ناو مەنجەڵەکەوە، بە بۆقەکە دەڵێت؛

لە ناو مەنجەڵی

جادووگەری، تۆ، یەکەمیان دەبی.

بکوڵێ دەی بکوڵێ.

ئینجا هەرسێکیان، بەدەوری مەنجەڵەکەدا دەسووڕێنەوە و بە گۆرانییەوە دەڵێن؛

دەک دووقات بیت، دەک دووقات بیت،

گرانیی ئەرکی کار و رەنجبردن.

ئاگر، دەی خێرا بسووتێ.

مەنجەڵ، زوو بکە بێرە کوڵ.

ئینجا جادووگەری دووەم، ناوی چی دەهێنێت، دووانەکەی تر هەڵی دەدەنە ناو مەنجەڵکەوە.

گۆشتە نەرمەی تووله مارێک،

لە ناو زەلکاودا گیرابێت.

چاوێکی مارمێلکەی ئاو.

زمانی سەگ. رانی شەوگەرد.
ئینجا باڵێکی پەپوو.
گشت ئەمانە، بۆ جادووییەک،
جادوویەکی پڕ بەهێزی تاک نەبوو.
دەی هەموو!

هەموویان

دەک دووقات بیت، دەک دووقات بیت،
گرانیی ئەرکی کار و رەنجبردن.[١]
ئاگر، دەی خێرا، بسووتێ.
مەنجەڵ، زوو بکە بێرە کوڵ.

سێیەم

لە ئەژدەها، پوولەکەیەک.
دانی گورگێک. مومیایەکی نوشتەگەر.[٢]
گەدە و ریخۆڵەی ماسییەک، لە ئاوی سوێرا گیرابێت.
رەگی گیای تاڵی ژەهراوی، کاتی تاریکی بڕابێت.
جگەری جوولەکەی کافر. لە بزن، تەنیا زراوێک.
لووتی تورکێک. جووتە لێوێکی تەتەر.
پارچە دارێکی سنۆبەر، کاتی مانگ گیران بڕابێت.
پەنجە بچکۆلەی منداڵێک، لە لەدایکبووندا خنکابێت.
دایکی قەحبەی، لە چاڵێکدا،

(١) نوشتە دەگرنەوە تا ئادەمیزاد ئەرکی گران بێت.
(٢) دیارە مەبەستی لە پارچەیەک گۆشتە کە لە لەشی نوشتەگەرێکی مومیاکراو کرابێتەوە.

بۆ ئەم دنیایەی هێنابێت.(١)

دەی هەموو!

هەموویان

دەک دووقات بیت، دەک دووقات بیت،

گرانیی ئەرکی کار و رەنجبردن.

ئاگر، دەی خێرا بسووتێ.

مەنجەڵ، زوو بکە بێرە کوڵ.

دووەم جادووگەر، بۆن و تامێکی ئەوەی ناو مەنجەڵەکە دەکات و بڕیار دەدات کە ئیتر پێگەیشتووە و مەنجەڵەکە ئامادەیە و باشە بۆ نووشتە گرتنەوە. دەڵێت؛

ساردی بکەنەوە بە خوێنی مەیموون.

ئێستا بۆ نوشتە، بەهێز و چاکە.

لەو کاتەدا، مەکبێس، بە رێگەوە بوو بۆ لایان. دووەم جادووگەر هەست بەوە دەکات. دەڵێت؛

بە کزانەوەی پەنجە گەورەکەم،

شتێکی نەگریس، ئەمن هەست دەکەم،

بەرەو ئێرەوە، کەوتووەتە ڕێگە.

بکرێرەوە، کێلوونی دەرگە،

گەر کەسێک هات و لە دەرگەکەی دا

مەکبێس، لە دەرگەکە دەدات و بە تووڕەییەوە دێتە ژوورەوە و یەکسەر دەڵێت؛ ئەی ئێستاکە چی،

---

(١) ئەم کەرەستانەی کە بەکار دەهێنرێن بۆ ئەم نوشتەیەی بەتەمان بیکەن، هەموویان زۆر دانسقە و دەگمەنن. چونکە ئەم نوشتەیەی خۆیانی بۆ ئامادە دەکەن، دەبێت نوشتەیەکی گەلێک دانسقە و پڕ دەسەڵات بێت.

پیرێژنانی ڕەشی و پەنهانی،[١]
شەیتانەکانی بەرەو بەیانی،
خەریکن بە چی؟
هەموویان
کردەوەیەکە، ناوی بۆ نییە.

***

دوای ئەوەی فلیـیـانس، کـوڕەکـەی بـانکۆ، لـە کـوشـتن ڕزگـاری دەبێت و ڕادەکات، مەکبێس، دەکەوێتە ئەوپەڕی ترس و نیگەرانییەوە. لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتـەوە و دەڵێت؛ کەوابێت ڕاسـتـە، لە کـۆتاییـدا ، نەوەکـانی بانـکۆ، تەخت و تاجـەکـەم لێ داگـیر دەکـەن. وە ئەو "دەنکەن"ەم، ئەو پیـاوە باشـەم، تەنیـا بۆ سـوودی ئا ئـەم بێ نەتـەوەیە کـوشـت. لەبەر ئـەوە ئێـگجـار زۆر حـەز دەکـات بزانێت لە ئایندەدا چی ڕوو دەدات. بە جادووگەرەکان دەڵێت؛

دەپاڕێمەوە
لێتان من لە ڕێی کار و پیشەتان.
جا بە هەرچ جۆرێک
زانیاریی خۆتان، ئێوە دەست کەوێت،
من، باکم نییە؛ وەرامم دەوێت.[٢]
ئیتر خوای دەکرد،
با و ڕەشەباکان، هەموو بەجارێک،
بەرەڵا دەکەن؛
لە دژ پەرستگەکان، جەنگیان پێ دەکەن.
ئیتر خوای دەکرد،

---

(١) پەنهانی؛ نهێنی.

(٢) دەپاڕێمەوە لێتان کە هەرچییەک من بپرسم، ئێوە، وەرامم بدەنەوە.

شەپۆلی ئاوی گرژ و کەفاوی،
گشت کەشتییەکی دنیای غەرق دەکرد.
ئیتر خوای دەکرد،
گەنمەشامیی تازە پێگەیشتوو،
درەختەکانیش، دەشکان هەموو و
لەگەڵ زەمیندا گشتی تەخت دەبوو.
ئیتر خوای دەکرد،
هەرچی گەنجینەی تۆوی سروشت هەن،
وا تێکەڵ دەبوون لەگەڵ یەکتری،
تا خۆی، وێرانی،
دڵی تێکەڵ دێت لە کارەکانی.[١]
هەرچی بپرسم،
وەرامم دەبێت زوو بدەنەوە.
یەکەم
بدوێ، بدوێ دەی.
دووەم
پرسمان لێ بکە.
سێیەم
وەرام دەدرێی.
یەکەم
چۆن تۆ حەز دەکەی،

(١) تاکو وێرانی، ئەوەندە کاری پیس و ناشیرین دەکات، خۆی لە کارەکانی خۆی، دڵی تێکەڵ دێت.

له زاری خۆمان، هەمووی ببیستی،

یاخۆ لە زاری مامۆستاکانمان؟

بۆ مەکبێس، گرینگ نییە لە کێی ببیستێت. لەگەڵ ئەوەشدا، دوای ئەوەی هەندێک بیر دەکاتەوە، بڕیار دەدات کە باشترە راستەوخۆ، لە مامۆستاکانیانەوە بیبیستێت. دەڵێت؛

ده بانگیان بکەن، با بیانبینم.

یەکەم

ڕۆ بکەنە ناوی، خوێنی بەرازێک،[1]

نۆ بێچووله‌کەی خۆی خواردبێت.

ناو ئاگرەکەش، ڕۆ بکەن ڕۆنێک،

کە لە گوریسی

سێدارەی پیاوکوژ دەرهێنرابێت.[2]

بەو رۆنە، ئاگرەکە باش دەگەشێتەوە و مەنجەڵەکە دەست دەکاتەوە بە کوڵان. ئیتر هەرسێ جادووگەرەکە پێکەوە رۆحەکان بانگ دەکەن؛

دەی، بە وریایی، بەرز و نزمتان،[3]

خۆتان و هێزی هونەرەکانتان

بنوێنن بۆمان.

---

(١) بەراز، هەندێ جار، کە برسی دەبێت، بەچکەکانی خۆی، هەرچەندە بە خوێن، ئەوەندە لێیەوە نزیکن، دەکوژێت و دەیانخوات. "دەنکەن"یش، بە خوێن، نزیک بوو لە "مەکبێس"ەوە.

(٢) گوریسی سێدارەی پیاوکوژ، کە زۆر بەکار دەهێنرێت، رۆنی ملی تاوانبارە پیاوکوژەکان، هەڵدەمژێت. ئەو رۆنەی کە لێی دەردەهێنرێت، رۆنی پیاوکوژە. (دەبێت لە بیرمان نەچێت کە مەکبێس، خۆشی پیاوکوژە)

(٣) بەرز و نزم؛ پایە بەرز و پایە نزم.

گرمەگرمی هەور دێت، تارمایییەکی زۆر سامناک لە بەرچاوی مەکبێسدا، دەردەکەوێت؛ سەرێکە بڕاوەتەوە و کڵاوێکی ئاسنی جەنگیی بە سەرەوەیە. مەکبێس، کە دەیبینێت، بێگومان، دەترسێت. بەڵام، زۆر ئارەزوو دەکات بدوێت لەگەڵی. پێی دەڵێت؛

پێم بڵێ ئەرێ، ئەتۆ ئەی هێزی
تەواو بێگانەی هیچ نەناسراو– ...

جادووگەری یەکەم

چی لە دڵتدایە، ئاگەدارە ئەو.
تۆ، هیچ نابێژیت، هەر گوێ دەگریت لەو.

تارمایی یەکەم

مەکبێس، مەکبێس، مەکبێس؛
خۆت بپارێزە، مەکبێس، لە ماکدەف.
زۆر ئاگەداربە
تۆ، لە "سان"ی "فایف".(١)
دەی ئیزنم بدە، بەسە، با بڕۆم.(٢)

مەکبێس:

تۆ، هەرچییەک بیت،
سوپاست دەکەم، بۆ ئامۆژگاریت.
وریا بوومەوە، دات لە ژێی ترسم.(٣)

---

(١) سانی فایف؛ سانی ناوچەی فایف. ماکدەف، سانی ناوچەی فایفە.

(٢) لەوە دەچێت ئەمە، سەری مەکبێس خۆی بێت. بڕاوەتەوە، ئازاری دێ، بۆیە دەیەوێت زوو ئیزنی بدەن بڕوات.

(٣) دات لەو ژێیەی (لەو دەمارەی) کە خۆم لێی دەترسام. تۆ هەڵت هێنا لە کێ من پێویستە بترسم.

بەڵام، هێشتاکە، پرسێکی ترم....

جادووگەری یەکەم

ئەو هەرگیز فەرمان، لە کەس وەرناگرێت.

ئەوەتا دەرکەوت سێبەرێکی تر.

ئەمیان، لە یەکەم، گەلێک بەهێزتر.

مەکبێس، بێدەنگ دەبێت و دیسانەوە گرمەگرمی هەور دێت. تارماییی دووەم دەردەکەوێت؛ منداڵێکە هەموو گیانی خوێنە.[1] دەڵێت؛

مەکبێس، مەکبێس، مەکبێس.

مەکبێس:

گەر سێ گوێم دەبوو،

من بە هەرسێکیان، گوێم لێ دەگرتیت.[2]

تارماییی دووەم

خوێنڕێژ بە، بڕۆ، هیچ ترست نەبێت؛

سوور لەسەر کار بە؛

بە توانای مرۆ، پێکەنینت بێت.[3]

پیاو نییە لە ژن لەدایک بووبێت،

لە توانایدا بێت،

ئازار بە مەکبێس، قەت بگەیەنێت.

---

(١) ئەم منداڵە لەوە دەچێت یەکێک بێت لەم دووانە: ماکدەف، لەو کاتەی کە هاتە دنیاوە. یان کوڕەکەی ماکدەف. بۆچی خوێناوییە، لە دواییدا بۆتان دەردەکەوێت.

(٢) هەرچییەک دەڵێیت، بیلێ ناترسم. ئەگەر سێ گوێچکەم هەبووایە من بە هەرسێکیان گوێم لێ دەگرتیت.

(٣) توانای مرۆ؛ دەسەڵاتی مرۆڤ.

بەم وتانە، مەکبێس، زۆر کەیفی دێت. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

بۆ بترسم لێت، ماکدەف، گەر وابێت؟
هەر بۆ خۆت بژی.

دوای ئەوەی بۆ ماوەیەک بیر دەکاتەوە، بڕیار دەدات ئەگەر بیکوژێت سەلامەتترە. دەڵێت؛

بەڵام بۆ ئەوەی، بەبێ هیچ گومان؛
پەیمانی قەدەر، مسۆگەر بکەم،
تۆ، دەبێت بمری.
ئەوسا بە ترسی دڵزەردم دەڵێم؛[(١)]
"بڕوات پێ ناکەم، تۆ درۆزنی."
دەنووم، ناترسم ئیتر لە هەور،
نە لە برووسکەی، نە گرمەگرمی.

هێشتا، هەر بە بیر و خەیاڵی خۆیەوە خەریک بوو، کە دیسانەوە گوێی لە گرمەگرمی هەور دەبێت و تارماییی سێیەم دەردەکەوێت؛ منداڵێکە تاجێکی بە سەرەوەیە و درەختێکی بچووکی بەدەستەوە گرتووە. مەکبێس، کە ئەوە دەبینێت، زۆر سەیری لێ دێت. دەڵێت؛

ئەی ئەمە کێیە، ئەمەی دەرپەڕی،
وەکو نەوەی شا،
زەڕزەنگێک لەسەر ڕووی ساوا و سەری؟[(٢)]

هەموویان

تۆ نابێ بدوێیت، تۆ هەر گوێ دەگری.

---

(١) ترسی دڵزەرد؛ ترسی تۆقیو.
(٢) زەڕزەنگ؛ تاج.

تارمایی سێیەم

وەک شێر ئازا بە، وەکو ئەو؛ سەربەرز.
گوێ مەدەرە کەس؛
کێ توورە دەبێ و کێ لێت دەتۆرێت،
یاخۆ لە کوێدان پیلانگێڕەکان.
بەسەر "مەکبێس"دا، نییە زاڵ ببێت،
تا دارستانی "بێرنام"ی مەزن،
پێ نەگرێت و بێت،
بۆ سەرکەوتنی گردی "دەنسینێن"،
بەگژیدا بێت.(۱)

مەکبێس، کە ئەوە دەبیستێت، ئیتر بە جارێک ئازا دەبێتەوە و دڵی دەحەسێتەوە و هەست بە هیچ جۆرە نیگەرانییەک ناکات. دەڵێت؛

ئەوە، قەت نابێت.
هەیە بتوانێت
زۆرداری بکات لە دارستانێک،
تاکو فەرمانێک
دەربکات بۆ گشت درەختەکانی،
کە ڕەگەکانی
خۆیان هەڵکێشن لە ژێر زەمیندا؟
پێشبینییەکی باشە، شیرینە.(۲)

---

(۱) بەگژیدا بێت؛ دارستانەکە بەگژ (مەکبێس)دا بێت. قەڵاکەی مەکبێس لەسەر گردی (دەنسینێن) ە.
(۲) گاڵتەی بەم قسانە دێت.

لەو کاتەدا بانکۆی دێتەوە بیر و بڕیار دەدات کە ئیتر، لەمەولا، نە لە خۆی، نە لە نەوەکانی بترسێت. ئینجا بە گاڵتە پێکردنەوە بە بانکۆ دەڵێت؛

هەی یاخیگەری، لە ناو گۆڕ نووستوو،
لە خەو هەڵنەستیت جارێ هەتاکو
دارستانەکەی "بێرنام" هەڵنەستێت،
بە پێوە و بڕوات بەگژیدا بچێت.
"مەکبێس"یش، لەوێ
دانیشتوو لەسەر تەختی بڵندی،
پەیمانی ژینی،
لەگەڵ سروشتدا، کۆتاییی پێ دێت.
وە بە ئاسایی وەک هەموو کەسێک
دواجار هەناسەی
خۆی هەڵدەکێشێ و دەیدات بە زەمان.

بەڵام، مەکبێس، لەو کاتەدا، قسەکەی جارانی جادووگەرەکانی دێتەوە بیر، کە بە "بانکۆ"یان گوت؛ لە ئایندەدا، نەوەکانت دەبن بە شا. لەبەر ئەوە پێیان دەڵێت؛

لەگەڵ ئەوەشدا، دڵم لێ دەدا
هەر بۆ زانینی ئەم تاکە شتە؛
پێم بڵێن ئەگەر،
بەهۆی هونەرتان، پێتان دەکرێت؛
لە نەوەی بانکۆ، هیچ کەسێک دەبێت
بە خاوەن تەختی ئەم مەملەکەتە؟

هەموویان

زۆرتر مەزانە لەوەی زانیوتە.

مەکبێس:

ئەوەم پێ بڵێن دڵنیام دەکا.

ئەگەر پێم نەڵێن،

لەعنەتتان لێ بێت تا هەتاهەتا.

دەبێت پێم بڵێن، من دەکەم تکا.

لەو کاتەدا، مەکبێس، دەبینێت مەنجەڵەکە، نەختە بەنەختە نزم دەبێتەوە و دەچێتە بن خاک. گوێشی لە دەنگەدەنگێک دەبێت. مەکبێس، دەترسێت و لێیان دەپرسێت؛

بۆ مەنجەڵەکە وا نقوم دەبێت؟

چییە ئەو دەنگە؟

جادووگەری یەکەم

پێشانی بدەن!

جادووگەری دووەم

پێشانی بدەن!

جادووگەری سێیەم

پێشانی بدەن!

هەموویان

پێشانی چاوی بدەن ببینێت،

پەژارە جەرگی با بسووتێنێت.

وەرن دەرکەون،

وەکو تارمایی، واش بڕۆنەوە

مەکبێس، سەیر دەکات هەشت شا، یەک بەدوای یەکەوە، دەردەکەون. هەشتەمیان ئاوێنەیەکی بەدەستەوەیە. تارماییی "بانکۆ"ش تاجێکی بەسەرەوەیە و بە دوایانەوە دەڕوات. ئەمە زۆر دەیترسێنێت. سەیری

تارماییيەكەی بانكۆ دەكات و دەڵێت؛

له خێوی بانكۆ، زۆر دەچیت ئەتۆ،
ون به، دەی برۆ.
گۆی چاوەكانم، به تاجەكەی تۆ
دەكزێتەوە.
میراتگری تۆ،
ئەوەكەی تریان، ئەوەی كە سەری
داپۆشراوە بەزێڕ تا برۆ،
له یەكەم دەچێت؛
سێیەمیش هەر وەک ئەوەی پێشییەتی.

مەكبێس، سەیری سەر و شێوەی یەكەم سێ شا دەكات، دەبینیت له یەكتری دەچن و هەموشیان له بانكۆ دەچن. ئەم دیمەنە بە جارێک پەست و تووڕەی دەكات. دەست دەكات بە جنێودانی پیرێژنەكان.

پیرێژنەكان، بێ ناموسانە،
بۆ ئەم شتانە، پێشانی من دەدەن؟

كە چوارەم دەردەكەوێت، ئەویش بە تاجێكەوە و لەوانەی تریش دەچێت، دەڵێت؛

ئەمجا، چوارەمیش؟
دەی، چاوەكانم، بەسە، دەرپەڕن.
باشە هەتا كەی،
زنجیرەكەیان درێژە دەبات؟
تاكو گرمەكەی ڕۆژی قیامەت؟(١)

---

(١) گوایا، لە ڕۆژی قیامەتدا، گرمەیەكی گەورە لە ئاسمانەوە دێت. مردووەكان لە گۆڕ هەڵدەستێنێت و بانگیان دەكات بۆ دادگەی خوا.

یەکێکی تریش؟
ئەوەش حەوتەمیان؟
نامەوێ کەسیان ئیتر ببینم.
ئەوەتا دەرکەوت، ئێستا، هەشتەمین،
ئەوەی ئاوێنەی بەدەستەوەیە.
هی کەش دەبینم لە ئاوێنەکەی.(١)
هەندێکیان تێدایە،
سێ سەوڵەجان و
دوو گۆی زێڕینی بەدەستەوەیە.(٢)
مەکبێس، بەدڵێکی پەست و سوێدارەوە دەڵێت؛
بینایی سامناک!
دەبینم ئێستا، کە ئەمە ڕاستە؛
بانکۆ، ئەوەتا، سەرتاپا خوێنین،(٣)

(١) "شا"یانی تریش دەبینم. "جێمس"ی شەشەم، کە گوایا یەکێک بووە لە نەوەکانی بانکۆ. شای سکۆتلەندە بوو لە ساڵی ١٥٥٧ەوە. لە ساڵی ١٦٠٣وە، دوای ئەوەی سکۆتلەندە و ئینگلتەرە دەبن بە یەک دەوڵەت، ناوی دەنرێت جێمسی یەکەم و دەکرێت بە شای بەریتانیای یەکگرتوو.
(٢) لە تاجەکانی سکۆتلەندە و ئینگلتەرەدا هەر یەکی گۆیەکی تێدا هەبووە. لەبەر ئەوە بوو بە دوو گۆ. لە ئاهەنگی تاج لەسەر کردن، لە سکۆتلەندە، شا، یەک سەوڵەجان هەڵدەگرێت، لە ئینگلتەرەدا، دووان. لەبەر ئەوە بوون بە سیان. لەوە دەچێ شێکسپیر مەبەستی ئەمە بووبێت. شێکسپیر "مەکبێس"ی لە دەوروبەری ساڵی ١٦٠٦دا نووسیوە. لە کاتی "مەکبێس"ەوە هەتاکو ئەوسا ٩ شای سکۆتلەندی لە بنەماڵەی (ستیوارد)، کە گوایە لە نەوەکانی (بانکۆ)ن، حوکمیان کردووە. "جێمس"ی، شەشەم نۆیەمیان بوو.
(٣) خوێنین؛ خوێناوی.

سەیری من دەکات، دەم بە پێکەنین.
بەرەو ڕووی ئەوان ئاماژە دەکات؛
وەکو بڵێت "دیت؟
نەوەکانمن، ئەوانەی بینیت"

دوای ئەوە، هەموو تارماییەکان، ون دەبن. مەکبێس، بە حەپەساوییەوە سەیری جادووگەرەکان دەکات و دەڵێت؛

چۆن،
بڵێن ئاوا بێت؟

جادووگەری یەکەم

بەڵێ، ئا، بەگم، وەکو چۆن بینیت.
بەڵام مەکبێس، بۆ وا حەپەساویت؟
دەی خوشکەکانم،
دڵی خۆش کەین با،
بە هەرە جوانتر هونەرمان، سەما.
نوشتەیەک دەکەم ئێستا من لە با،
ئاواز لێ بدات. لە هەمان کاتدا،
ئێوە، هەڵپەڕن.
هەتاکو بەڵکو، ئەم شا مەزنە
پێی خۆش بێ و بڵێت:
"ڕێزی ئێمە بۆی،
بەخێرهاتنی گەرمی دەهێنێت."

یەکسەر دوای ئەوە، دەنگی ئاواز دێتە گوێی مەکبێسەوە و جنۆکە جادووگەرەکان، بە سەما و هەڵپەڕکێوە، دەڕۆن و وردە وردە ون دەبن. مەکبێس، لەبەر خۆیەوە، دەڵێت؛

ئەوە، خۆ نەمان، چییان بەسەرهات؟
دەک، بە لەعنەت بێت،
ئا ئەم سەعاتە بەیوومە ڕەشە.
لە رۆژژمێردا، تا هەتاهەتا،
بمێنێتەوە لە ژێر لەعنەتدا.
ئا لەو کاتەدا، مەکبێس، هۆشی دێتەوە بەر خۆی.

***

مەکبێس، بەیانیی ئەو رۆژە، کە لە خەو هەڵسا دەیویست بچێت بۆ لای جنۆکە جادووگەرەکان. بەڵام نەیدەزانی بۆ کوێ بچێت و لە کوێ بیانبینێت. هەر وا دادەنیشێت و لەبەر خۆیەوە بیری دەکردەوە تا خەو دەیباتەوە. کە دەنوێت، جنۆکەکان خۆیان دێنە ناو خەوەکەیەوە و هەموو شتێکی پێشان دەدەن. کە چاو دەکاتەوە، وا دەزانێت پیرێژنەکان لە دەرگەکەوە دەرچوون. دەرگەوانەکە بانگ دەکات؛

کێ لە دەرێیە، با بێتە ژووریٚ!

لینۆکس:

بەگ، چی دەفەرموویت؟

مەکبێس:

خوشکەکانت دی، خوشکە نامۆکان؟

لینۆکس:

نا، بەگم، نەمدین.

مەکبێس:

ئەی تێ نەپەڕین ئێستا، بە لاتدا؟

لینۆکس:

نا، بەگم، نەخێر، ئەوەی کە ڕاستە.

مەکبێس، لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

تاعوون بیگرێت،

ئەو بایەی ئەوان دەهێنێ و دەبات.(١)

وە بە لەعنەت بێت،

ئەو کەسەی بڕوا بەوانە دەکات.

دێتەوە بیری، کە لە کاتی خەبەربوونەوەیدا، گوێی لە ترپەی غاری ئەسپ دەبێت. دەپرسێت؛

گوێم لێ بوو ترپەی غاری ئەسپ دەهات،

کێ بوو ئەوەی هات؟

لینۆکس:

دوو، سێ کەسێکن، پەیامیان هانی،

بۆ جەنابی تۆ؛

کە گوایا، ماکدەف، هەڕای کردووە

بۆ ئینگلتەرە.

مەکبێس:

بۆ ئینگلتەرە؟

لینۆکس:

بەڵێ، سەروەرم.

مەکبێس، بە ماتی بیر دەکاتەوە و گلەیی لە خۆی دەکات؛ خۆ من دەمێک بوو دەمویست بیکوژم، بۆچی زووتر نەمکوشت. ویستن، هەمیشە تەمەنی کورتە؛ ئەوەی دەتەوێت بیکەیت، دەبێت دەستبەجێ بیکەیت. چونکە ئەگەر زەمان، پێی بزانێت، لەوانەیە لێتی تێک بدات. دەڵێت؛

---

(١) ئەو بایەی کە جادووگەرەکان بەناویدا دێن و دەڕۆن. مەکبێس، لەو بڕوایەدایە کە جادووگەرەکان دەچنە ناو هەواکەوە و لە ناویدا خۆیان ون دەکەن.

ئاخ، ئاخ، ئاخ، زەمان،
تۆ، پێشبینی
کار و کردەی سامناکم دەکەی.(١)
ویستی تەمەن کورت، قەت بە ئامانجی
ناگات کردەوەی لەگەڵدا نەبێت.(٢)
ئا لەم تاوەوە،
ئەو بیرەی یەکەم،
لە ناو مێشکمدا، لەدایک دەبێت،
ئەوە، یەکەمین کاری من دەبێت.(٣)
ئێستا، بۆ ئەوەی
راستیی بەڵێنم، دابچەسپێنم؛
ئەوەی کە بیری لێ دەکەمەوە،
دەستبەجێ، یەکسەر، بەدی دەهێنم:
قەڵاکەی ماکدەف، پەلامار دەدەم:
فایف، داگیر دەکەم،
ژن و منداڵ و
گشت بنەماڵە بەدبەختەکانی،

(١) سرووش؛ ئیحاء. گلەیی لە زەمان دەکات؛ پێی دەڵێت دیارە تۆ، دەتزانی من بەتەمای چیم. بۆیە، "سرووش"ت بۆ ماکدەف نارد کە دەرباز ببێت.
(٢) دەڵێت؛ ویست (ئیرادە)، تەمەنی کورتە. گەر "ویست"ت هەبێت کارێک بکەیت، دەبێت زوو جێبەجێی بکەیت پێش ئەوەی ورەی ئەو ویستەت تینی بشکێت و سارد ببێتەوە.
(٣) ئەو بیرەی یەکەم لە مێشکمدا دروست دەبێت، جێبەجێکردنی، یەکەمین کاری دەستم دەبێت.

پێشکێشی تیژی تیغی شیر دەکەم.
وەک بێ مێشکێک، خۆم هەڵناکێشم؛
هێشتا، تا گەرمە ورەی ئارەزووم،
دەستبەجێ دەیکەم.

مەکبێس، سوێند دەخوات کە ئیتر جادووگەرەکان نەبینێت و ئەو بڕیارەی کە ئێستا دای دەربارەی ماکدەف و ماڵ و منداڵ و بنەماڵەکەی، دەستبەجێ بەدی بهێنێت.

***

ماکدەف، ناچار دەبێت، لە ناکاوا، دەرباز بێت. فریا ناکەوێت ماڵ و ژنەکەی لەگەڵ خۆیدا بەرێت یاخۆ بێت ماڵئاواییان لێ بکات. "رۆس"ی دۆستی کە بەوە دەزانێت خێرا دەچێت بۆ لای ژنەکەی پێی دەڵێت. بانوو ماکدەف، بەو هەواڵە، زۆر پەست دەبێت. هەر یەکسەر بە تووڕەییەوە دەڵێت؛

بۆ، چی کردووە،
بۆچی لەم خاکە، هەڕای کردووە؟

ڕۆس:

خاتوون، لەسەرخۆ،
پێویستە ئەتۆ، ئارامت هەبێت.

بانوو ماکدەف:

بەڵام، ئەو نەیبوو.[١]
ڕاکردنەکەی، تەنیا شێتییە؛
گەر کردەوەمان، ناپاکمان نەکات،
ئەم ترسە، ئێمە، دەکات بە ناپاک.

ڕۆس:

(١) بەڵام ئەو نەیبوو؛ بەڵام، ئەو، ئارامی نەبوو، هەڕای کرد.

هێشتا نازانیت، بۆ تۆ، دیار نییە؛

ژیرییە یاخۆ ترسە پێی دەکات.

بانوو ماکدەف:

ژیرییە؟ ئەوە ژیریە

ژن و منداڵ و کۆشک و موڵکەکەی،

بەجێ بهێڵێت لە جێگەیەکدا،

خۆی لێی ڕادەکات؟

ئێمەی خۆش ناوێت، تەنیا ئەوەیە.

لە سروشتیدا، ئەو هەستە نییە.(١)

تا فیڕنەگوڵە،(٢)

وردیلەترین باڵندەی دنیا،

لە هێلانەیدا،

بەرگریی بێچوو، گەر پێویست بکات،

لە دژی پەپوو دەچێت جەنگ دەکات.

بانوو ماکدەف، نەیدەزانی تا چ رادەیەک ژیانی مێردەکەی لە خەتەردایە و بۆچی دەبوایە رای بکردایە. دەشترسێت بەهۆی ئەو راکردنەوە، هەموویان تووشی مەترسی ببن. دەڵێت؛

ئەم راکردنە، بێ مێشکییەی

دژی رەوشتی پیاوی دانایە.

ڕۆس:

دەربارەی مێردت، هەموو دەزانین

(١) ئەو هەستە؛ هەستی خۆشەویستی.

(٢) فیڕنەگوڵە؛ باڵندەیەکی زۆر بچووکە.

که خانەدان و ژیر و دانایە.

باشتر تێ دەگات، ئەو، لە دەمار و

فێ لێهاتنی ئەم زەمانەیە.

دیارە ماکدەف، هەر بەئاسایی، بەهۆی ئیش و کارەوە، زوو زوو ماڵ و منداڵی خۆی بەجێ هێشتووە و گەشتی کردووە. بانوو ماکدەف، هەمیشە ئەو گەشتانەی پێ ناخۆش بووە. ئاماژە بۆ کوڕە منداڵەکەی دەکات و بە ڕۆس، دەڵێت؛

ئەم باوکی هەیە، بەڵام بێ باوکە.

ڕۆس، لە ترسی جاسووسەکانی مەکبێس، ناوێرێت لە ماڵی ماکدەف، لەوە زۆرتر بمێنێتەوە. هەر ئەوە بە بانوو ماکدەف دەڵێت و ماڵئاواییيان لێ دەکات و دەڕوات.

***

کوڕەکەی ماکدەف، گوێی لە گفتوگۆی دایکی بوو لەگەڵ "ڕۆس"دا و سەری سووڕمابوو لە وتەکانیان. بە تایبەتی کە دایکی ئاماژەی کرد و گوتی؛ ئەم باوکی هەیە، بەڵام بێ باوکە. لەبەر ئەوە بانوو ماکدەف، ئارەزوو دەکات کە هەندێک گاڵتە لەگەڵ کوڕەکەیدا بکات. دەڵێت؛

ها، کوڕە، دەڵێن؛ باوکت مردووە.

چی دەکەیت ئێستا؟

ئیتر چۆن دەژیت؟

کوڕەکەی:

من، دایە، دەژیم وەکو باڵندە.

بانوو ماکدەف:

چۆن،

هەر بە خواردنی کرم و مێشوولە؟

کوڕەکەی:

هەرچی چنگم کەوت، مەبەستم وایە؛

وا دەژین ئەوان.

بانوو ماکدەف:

باڵندەی هەژار، تۆ ترست نییە،

لە تۆڕ و تەڵە و چاڵی ڕاوکەران.

کوڕەکەی:

دایکە، من بۆچی بترسم لێیان؟

باڵندەی هەژار خوازیاری نییە.

باوکم زیندووە، ئەو نەمردووە،

هەرچییەک بڵێیت.(١)

بانوو ماکدەف:

نا، ئەو مردووە، چێ کەیت بۆ باوکێک؟

کوڕەکەی:

نا، تۆ خۆت بڵێ؛ چێ کەیت بۆ مێردێک؟

بانوو ماکدەف:

بۆ، من دەتوانم بیست مێرد بکڕم،

لە هەرچ بازاڕێک.

کوڕەکەی:

بۆ فرۆشتنەوە،

---

(١) هەرچەند تۆ بڵێی ئەمە وا نییە، من بڕوات پێ ناکەم، من دەزانم کە باوکم نەمردووە. چونکە ئەگەر ئەو بمردایە، ئەوسا باڵندەیەکی هەژاری وەکو من، خوازیاری نەدەبوو.

تۆ دەیانکڕیت، ئەگەر ئاوا بێت.

بانوو ماکدەف

پڕ بە مێشکت بیر دەکەیتەوە.

ئەوە بەڕاستی

زۆرە بۆ یەکێک تەمەنی تۆی بێت.

کوڕەکەی:

دایە، باوکی من، ئایا خائینە؟

بانوو ماکدەف:

ئا، ئەو خائینە.

کوڕەکەی:

خائین چییە بۆ؟

بانوو ماکدەف:

چۆن،

ئەو کەسەی کە سوێند دەخوات بەدرۆ.

کوڕەکەی:

هەر کەسێ وا بکات ئەوە خائینە؟

بانوو ماکدەف:

ئا، ئەوەی وا بکات،

خائینە و دەبێت هەڵبواسرێت.[١]

کوڕەکەی:

پێویستە هەموو، هەڵبواسرێن

ئەوانەی کە سوێند دەخۆن بە درۆ؟

---

(١) هەڵبواسرێت؛ لە قەنارە بدرێت.

بانوو ماكدەف:

ئەرێ، هەموویان.

كوڕەكەی:

كێ هەڵیان بواسێت؟

بانوو ماكدەف:

بۆ،

كەسانی ڕاستگۆ.

كوڕەكەی:

ئەگەر ئاوا بێت، ئەوانەی كە سوێند

دەخۆن بە درۆ،

دەبێت ریژگاو بن؛[١]

چونكە نازانن؛ ئەوانەی كە سوێند

دەخۆن بە درۆ

هەندە زۆرترن؛

هەر بە تێهەڵدان،

دەتوانن هەموو ڕاستگۆكان بەرن،

هەڵیان بواسن.

بانوو ماكدەف:

مەگەر خۆی گەردوون، یاریدەرت بێت.

لاواز، هەی مەیموون، چی دەكەیت بۆ باوكێك؟

كوڕەكەی:

گەر مردوو بووایە، تۆ بۆی دەگریایت.

(١) ریژگاو؛ بێ عەقڵ.

ئەگەر بۆی نەگریت، هێمای باشییە؛
زۆرت پێ ناچێت
باوکێکی تازەم بۆ پەیدا دەکەیت.(١)

بانوو ماکدەف:

هەی چەنەبازی هەژاری کلۆڵ،
باسی چی دەکەیت؟

ئا لەو کاتەدا پەیامبەرێک بە هەناسەبڕکێ دێت پێی دەڵێت کە خۆی و منداڵەکانی هەر ئێستا دەستبەجێ، دەرباز بن و بەهیچ جۆرێک لێرە نەمێننەوە.

پەیامبەر

ئەسپەردەی خوابیت، ڕووجوانی خانم،
تۆ من ناناسیت،
هەرچەندە ئەمن،
لە بەرزیی پایەت باش ئاگەدارم.
هەست دەکەم کە بەم
زووانە، ئێوە،
تووشی مەترسیی زۆر مەزن دەبن.
ئەگەر گوێ دەگریت
لە ئامۆژگاریی پیاوی هەژاری
سادەی وەکو من؛
سەرتان هەڵبگرن، لێرە مەمێنن.

---

(١) ئەگەر بۆی نەگریت؛ ئەگەر مردبێت و بۆی نەگرێت، هێمای باشییە. مانای ئەوەیە تۆ پیاوێکی ترت هەیە و لەم زووانەدا باوکێکی تازەم بۆ پەیدا دەکەیت. لێرەدا، بێگومان، کوڕەکە، گاڵتە لەگەڵ دایکی خۆی دەکات.

منداڵەکانتان لەگەڵتان بەرن.
بتانترسێنم بەم جۆرە، ئەمن،
هەست بە خۆم دەکەم؛
کە زۆر دڕندەم.
گەر پێتان نەڵێم، دڕندەترم،
چونکە ئەوساکە
تووشی کارێکی زۆر ستەم دەبن،
ئێستاکە لێتان نزیک بووەتەوە.
بە خوای گەورەتان من دەسپێرم
ئیتر ناوێرم بمێنمەوە.

کابرای پەیامبەر، هەر ئەوە دەڵێت و خێرا بە راکردن دەڕوات. بانوو ماکدەف، لە ئاستی خۆیدا بە حەپەساوی دەوەستێت و نازانێت چی بکات. دەڵێت؛

بۆ کوێ ڕابکەم، بەرەو کام لاوە؟
خۆ من ئازارم بە کەس نەداوە.
بەڵام، ئێستاکە، بیرم کەوتەوە:
کە لەم دنیایەی سەر زەمینماندا؛
کردەوەی ئازار
پێگەیان زۆر جار ،
جێی ستایشتە.
چاکەکردنیش، زۆر جار رووی داوە؛
جێی مەترسییە و کاری ریژگاوە.[١]

(١) کارێکە ئەوەی بێ مێشک نەبێت نایکات.

بانوو ماکدەف، دەزانێت کە هیچ خراپەیەکی نەکردووە و ئەوانەی دێن بۆ کوشتنی، باش ئەوە دەزانن؛ پاڕانەوە لەگەڵیاندا سوودی نییە. ئیتر دەڵێت؛

گەر وابێت بۆچی، داخی گرانم،

ژن ئاسا بگریم، لەگەڵ گریانم،(۱)

بپاڕێمەوە من بۆ ژیانم؛

بڵێم ئازاری کەسم نەداوە؟

ئا لەو کاتەدا، پیاوکوژەکان دێنە ژوورەوە. کە دەیانبینێت، هەر یەکسەر دەڵێت؛

ئای، چین ئەمانە،

ئەم چارە پیسە ناشیرینانە؟

پیاوکوژ:

کوا، مێردەکەت کوا؟

بانوو ماکدەف:

ئومێدم وایە، لە جێیەکی وا

ناپیرۆز نەبێت،

کەسی وەک ئێوە بیدۆزێتەوە.(۲)

پیاوکوژ:

مێردت خائینە، دەبێ بزانی.

کوڕەکە دەچێت بە گژی پیاوکوژەکەدا، پاڵی پێوە دەنێت بۆ دەرەوە و دەڵێت؛

تۆ درۆزنی،

---

(۱) ژن ئاسا؛ وەکو ژن.

(۲) مەبەستی ئەوەیە؛ پیاوی ڕیسوای وەک ئێوە، ڕێگەکانتان هەر بۆ جێگەی ناپیرۆز دەتانبات.

هەی بێ نامووسی قژ پرژ و بڵاو.

پیاوکوژ:

تۆش قسە دەکەیت؟

هێشتا تۆ، هێلکەیت،

هەی زەرنەقوتەی غەدر و ناپاکی.

هەر لەو کاتەی کە ئەوە دەڵێت، کێردەکەی دەکات بە سنگی کوڕەکەدا و دەیکوژێت. کوڕەکە هەر فریای ئەوە دەکەوێت روو بکاتە دایکی و بڵێت؛

دایە، کوشتمی.

ڕابکە نەوەستی، تکات لێ دەکەم.

بانوو ماکدەف، بە راکردنەوە هاوار دەکات "پیاوکوژ هاتووەتە سەرمان، پیاوکوژ هاتووەتە سەرمان" بەڵام لە دەستیان رزگاری نابێت؛ خۆی و هەموو منداڵەکانی لەگەڵ هەموو ئەوانەی کە لەوێ دەبن، بە نۆکەر و کارەکەرەکانەوە، دەکوژن.

***

لەو سەردەمەدا، پیاوێکی بەویژدان و دڵنەرم و ئازا، شای ئینگلتەرە دەبێت. ئاگەدار بوو لەو غەدرانەی کە گەل و پیاوە باشەکانی سکۆتلەندە، بەدەست مەکبێسەوە، دەیانچێژت. پێی خۆش بوو بەپێی توانای یارمەتیی ماڵکەم بدات دژی مەکبێس. بەهۆی یارمەتیی ئەوەوە، ماڵکەم پێی دەکرێت لەشکرێک پێکەوە بنێت. چونکە، لەو کاتەدا، گەلێک لە "سان"ەکانی سکۆتلەندە، نەختە بەنەختە، خۆیان لە مەکبێس دەکێشایەوە و دەهاتنە لای ماڵکەم، ئەو لەشکرە رۆژ بەرۆژ گەورەتر و بەهێزتر دەبوو. یەکێک لەو "سان"انەی کە هاتنە لای ماڵکەم، ماکدەف بوو. دوای ئەو "رۆس"یش هات.

پێش ئەوەی رۆس بگات، ماکدەف نەیدەزانی کە ژن و ماڵەکەی کوژراون. ئەو هەواڵە ناخۆشە لە رۆس دەبیستێت، کە لێی دەپرسێت؛

ژنەکەم چۆنە؟

ڕۆس:

بۆ چی؟ ئەو باشە.[1]

ماکدەف:

منداڵەکانم، ئەوانیش باشن؟

ڕۆس:

ئەوانیش باشن.

ماکدەف:

زۆردار ئاسوودەی لێ تێک نەداون؟

ڕۆس:

نەخێر،
تاکو ئەوساکەی من بەجێم هێشتن،
هەموویان باش بوون.

کە بەو جۆرە وەرامی دەداتەوە، ماکدەف، هەست دەکات کە شتێکیان بەسەردا هاتووە. لەبەر ئەوە لێی داوا دەکات کە کەمدوو نەبێت لە قسەکانیدا، هەمووی پێ بڵێت. دەڵێت؛

دە کەمدوو مەبە، لە وتەکانتدا،
پێم بڵێ چۆنن؟

ڕۆس:

ئەو وتانەی کە، لە دەروونمدا،
من بەندم کردوون،
تەنیا دەست دەدەن
بۆ لوورە لە ناو بای بیاباندا.[2]

---

(١) بۆچی؛ بۆچی دەپرسیت.

(٢) لوورە؛ لوورەلوور. وەکو سەگ یان گورگ کە دەلوورێنن.

بۆ ئەوەی نەگەن

قەت بە گوێچکەی کەس.

ماکدەف:

دەربارەی چی بن؟

گرژ و گرانن ئاوا بە گشتی،

یان بەتایبەتی بۆ تاکە دڵێک؟

رۆس:

هەموو دڵپاکێک، بەشێکی دەبێت.

بەڵام زۆربەکەی بەشی تۆ دەبێت.

ماکدەف:

مەیشارەرەوە، لێم، توخوا ئەوەی

دەربارەی منە، خێرا پێم بڵێ.

رۆس، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک و دەڵێت؛

گوێچکەکانت، با، تا هەتاهەتا

ریسوای زمانی هەژارم نەکەن.

ئەوەی لێیەوە دەنگێکی ئاوا

گران دەبیستن،

هەرگیز قەت رۆژێک، نەیانبیستبێت.

ماکدەف:

ئاخ، دەزانم چییە، هەڵی دەهێنم.

کە ماکدەف، وا دەڵێت، ئیتر ڕۆس، هەمووی بۆ دەگێڕێتەوە؛

هەر لە ناکاوا،

قەڵاکەی ئێوە، پەلامار درا.

ژن و منداڵت،
بە دڕندەیی قەلاچۆ کران.[١]
ئێستاکە ئەگەر بیگێڕمەوە؛
چۆن ئاسکەکان لەوێ ڕاو کران،
دەترسم بەوە، ژمارەکەیان،
بە مردنی تۆ، یەکێک زیاد بکات.

ماکدەف، کە ئەوە دەبیستێت، چاوەکانی پڕ دەبن لە فرمێسک. دەست دەبات کلاوەکەی دابگرێت و دەموچاوی خۆی پێ دابپۆشێت. ماڵکەم کە ئەوە دەبینێت، دەڵێت؛

ئای خوای میهرەبان!
چی دەکەیت، کابرا،
کلاوەکەی خۆت، نەکەی، کوڕە، ها،
دابگریت تاکو بەرچاوت بگرێت؛[٢]
دەنگی بدەرێ با بناڵێنیت.
ئەو داخەی ماتبێت،
بە چرپەچرپی،
دڵی پڕ لە سوێ، هەڵدەدڕێنێت.[٣]

ماکدەف:
منداڵەکانیش؟

ڕۆس:
ژن و منداڵ و گشت نۆکەرەکان،

---

(١) قەلاچۆ کران؛ کوژران.
(٢) جاران، شەرم بوو بۆ پیاو، بگری. لەبەر ئەوە، ئەگەر بگریایە، بە کلاوەکەی ڕووی خۆی دادەپۆشی بۆ ئەوەی کەس نەیبینێت و بێدەنگ دەگریا.
(٣) بە چرپەچرپی؛ داخ، بە چرپەچرپی.

هەموو ئەوانەی لەوێ دۆزران.

ماکدەف، بەگریانەوە روو دەکاتەوە ئاسمان و دەڵێت؛

ئەی دەبوایە من، خۆم، لەوێ نەبم؟[١]

ئاخ، ژنەکەشم؟ ئای، ئەویشیان کوشت؟

رۆس:

بەڵێ، وەک گوتم.

ماکدەف:

خۆی بێ منداڵە.[٢]

هەموو منداڵە جوانکەلەکانم؟

گوتت هەموویان؟

ئاخ،

داڵی جەهەننەم، هەموو هەموویان؟[٣]

هەموو بێچووڵە خنجیلەکانم،

لەگەڵ دایکەشیان؟[٤]

بە یەک دابەزین، یەک هێرشهێنان؟[٥]

---

(١) گلەیی لە خۆی دەکات کە لە کاتی پێویستیدا لەوێ نەبوو بەرگرییان لێ بکات. گلەیی لە ئاسمانیش دەکات بۆ ئەو چارەنووسەی ماڵ و منداڵەکەی.

(٢) مەبەستی ئەوەیە؛ چونکە مەکبێس، خۆی منداڵی نییە رەشک (حەسوودی) دەبات بەوانەی کە هەیانە.

(٣) داڵی جەهەننەم؛ مەبەستی لە "مەکبێس"ە.

(٤) چونکە بە منداڵەکانی خۆی دەڵێت "بێچوو" وەکو بێچووی باڵندە، لەبەر ئەوە بە دایکیشیان دەڵێت "دایکە".

(٥) داڵ کە پەلاماری نێچیری دەدات، لە بەرزییەوە بەگوڕ، دادەبەزێت بۆ سەر نێچیرەکەی.

مالّکەم:

دژی بوەستە،

وەک چۆن پێویستە کە پیاو بوەستێت.

ماکدەف:

من ئەوە دەکەم، بەڵام، دروستە،

هەر وەکو پیاویش، هەستی پێ بکەم؛

چۆن پێم دەکرێت،

من چۆن دەتوانم لە بیرم بچێت

خۆشەویستترین شتی ژیانم؟

بە گریانەوە سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێت، وەکو گلەیی لە ئاسمان بکات، دەڵێت؛

گەردوون دەیبینی، لە ئاسمانەوە،

نەهات لەسەریان هیچ بکاتەوە؟

تاوانبار، ماکدەف،

لەبەر تۆ ئەوان هەموو کوژران.

دیسانەوە سەری بەرەو ئاسمان هەڵدەبڕێت و دەڵێت؛

ئێستا لەلای تۆن، خوایە، رەحمەتتان.(١)

مالّکەم:

با ئەوە ببێت بۆ تۆ بە هەسان،

بۆ تیژکردنی شمشێرەکانت.

پەژارەی، دڵت،

---

(١) خوایە رەحمیان پێ بکە، ئەوان بێ تاوانن.

به تووڕەیی و قین، بگۆڕەرەوە،
تاکو نەیەڵن خاو ببێتەوە؛
بیورووژێنن.(١)

ماکدەف:

ئاخ، من دەتوانم، بە چاوەکانم،
لاسایی ژنان بکەم بەباشی.
لاسایی کەسی خۆهەڵکێش بکەم
بەزار و زمان.(٢)
بەڵام، ئاخ، گەردوون، خودای میهرەبان،
هەرچی تەگەرە، هەیە لە نێوان
من و دوژمنم، گشتی لابەرە.
ڕووبەڕووم بکە لەگەڵ ئەم دێوە،
ئەوەی دوژمنی
زۆر گەورەی من و سکۆتلەندەیە.
ئەوم ئەوەندە لێ نزیک بکە،
دوورییەکەی هەندەی
درێژیی شیرم، لێ کەمتر بکە.
ئینجاکە گیانی، گەر هاتوو توانی،
لە من ڕابکا.
ئەوساکە، خودا، ئەی خودای گەورە،

---

(١) بۆ ئەوەی تووڕەیی و قین، نەیەڵن دڵ، خاو ببێتەوە.
(٢) دەتوانم بگریم وەکو ژنان. یان خۆم هەڵکێشم وەکو ترسنۆکێک. بەڵام من لەو جۆرە کەسانە نیم؛ من پیاوم ئەوەی کە دەیڵێم، دەیکەم و تۆڵەی خۆم بە دەستەکانی خۆم دەسەنمەوە.

من لێی دەبوورم، تۆش لێی ببوورە.[١]

ماڵکەم:

ئەمە ڕەوشتی پیاوی جەسوورە.
سوپاکە، تەواو ئامادە کراوە.
هەر ئەوە ماوە؛
بچین بۆ لای شا، بۆ ماڵئاوایی.
ئیتر با دڵت بحەسێتەوە؛
تەنیا ئەو شەوە، نابڕێتەوە،
ئەوەی کە قەت ڕۆژ، نادۆزێتەوە.[٢]

(١) چونکە، ئەوساکە، لە خۆم بەولاوە، ناتوانم لۆمەی کەس بکەم. من لێی دەبوورم؛ بەو جۆرە سزای خۆم دەدەم. تۆش لێی ببوورە؛ بەو جۆرە تۆ سزای من دەدەیت چونکە نەمکوشت؛ ئەوساکە من موستەحەقم سزایەکی ئەوەندە گران بدرێم.

(٢) ئەمە پەندێکی کۆنە؛ واتە شەو هەرچەند درێژ بێت، ڕۆژ هەر هەڵدێت.

# بەشی پێنجەم

ئەو شادمانییەی کە بانوو مەکبێس، وێنای دەکرد[١] و بە پەرۆشەوە چاوەڕوانی بوو، لە دوای کوشتنی دەنکەن و بوونی بە شاژن، جێبەجێ نەبوو. بە پێچەوانە؛ ئەوسا، کە مێردەکەی تەنیا هەر سانی گلامس بوو، پیاوێکی گەلێک بەڕێز و خۆشەویست بوو لای گەل و شا و بنەماڵەکەی. ئەو بنەماڵەیەی کە خۆی، یەکێک بوو لە ئەندامە هەرە بە دەسەڵاتەکانی. ئەوسا ژیانێکی خۆشی، بە ئاسوودەیی، لەگەڵ مێردەکەی خۆیدا رادەبوارد. بەڵام ئێستا، نەک تەنیا رێز و ئەڤینی راستیی هەموو کەسێکیان دۆڕاندووە، ئەو ئاسوودەیەی لە دڵیاندا بوو، ئەویشیان تۆراند؛ لە دڵیان دەرچوو. ترس و گومان و تای نیگەرانی، ئێستا دڵیانی داگیر کردووە.

***

ئێستاکە شاژن مێشکی تێکچووە؛ نەک تەنیا بەهۆی باری گرانی سوێ و نیگەرانییەوە، بەڵام، هەندێکیش بەهۆی بزووتنەوەی دەروونی و سزای سامناکییەوە.[٢]

(١) وێناکردن؛ تەسەورکردن.

(٢) لە سەرەتاوە، بانوو مەکبێس، زۆر حەزی دەکرد مێردەکەی ببێت بە شا و خۆشی بە شاژن. دەیشیزانی کە ئەو ئاواتە بەبێ کوشتنی دەنکەن، جێبەجێ نابێت. بەڵام، لە دەروونی خۆی گەلێک دەترسا. لەبەرئەوە، پێش ئەوەی ئەو تاوانە بێنێتە دی، هەوڵی دەدا دەروونی خۆی بەنج بکات، یاخۆ بە جۆرێک بێهۆشی بکات. بۆیە لە خێو و جنۆکە بەدەکانی داوا دەکرد بچنە دەروونییەوە و پێی دەگوتن؛

خوێنم، بە جۆرێک، ئاوا خەست بکەن      داخ و پەژارە، جووڵەی تێدا نەکەن.
دەرگەی بەزەییم، وا توند دابخەن،      هاوار و ناڵەی ویژدان، پێی نەگەن.

بۆ ئەوەی نۆکەر و خزمەتچییەکان، شاژن نەبینن لە چ بارێکی پەرێشاندایە، خانەدانە ژنێک، بە شەو و بە ڕۆژ، بە دیارییەوەیەتی خزمەتی دەکات و ئاگەداری دەبێت. "مەکبێس"یش پزیشکێکی ناردووە بەڵکو چارەسەرێکی بۆ بدۆزێتەوە. پزیشک، بە خانەدانە ژن دەڵێت؛

دوو شەوە لێرەم، لێرە لەگەڵتدا،
تێبینیی ئەم، بە وردی، دەکەم.
بەڵام تا ئێستا،
شتێکم نەدی، کە وام لێ بکات،
بەو ڕاپۆرتەی تۆ، من بڕوا بکەم.
پێم بڵێ کەی تۆ، دواجار ئەوت دی
بە دەم خەوەوە هەڵسێت و بڕوا؟

خانەدانە ژن:

لەوساوەی چووە شکۆدار، بۆ جەنگ،
دیومە هەڵدەستێت لە نوێن و دەچێت
ڕۆبەکەی بەسەر شانییەوە دەگرێت،
جا دۆڵابەکەی خۆی، دەکاتەوە و
لێوەی کاغەزێک زوو دەردەهێنێت،
قەیی دەکات و
ئینجا شتێکی لەسەر دەنووسێت،
دەیخوێنێتەوە و زوو دەیخاتەوە
ناو دۆڵابەکە و قفڵی دەکات.(١)

---

(١) ئەو کاغەزەی کە لە دۆڵابەکەی خۆیدا شاردبوویەوە و هەموو جارێک سەرلەنوێ دەیخوێنێتەوە، ئەو نامەیەیە کە مێردەکەی ، دوای ئەوەی کە یەکەمین جار جادووگەرەکانی بینی، بۆی ناردبوو. ئەوساکەی کە پێیان گوت " لەم زووانەدا تۆ، دەبیت بە شا"

کە ئەوە دەکات،

هەمدیسانەوە، دەگەڕێتەوە

بۆ نوێنەکەی خۆی.

گشت ئەوەش دەکات،

بەدەم خەوێکی زۆر گرانەوە.

پزیشک:

ئەمە ناگونجێت لەگەڵ سروشتدا؛

لە نووستنەکەی، سوود وەربگرێت و

کاری هۆشیاریش بتوانێت بکات.

هەر جگە لەوەی بەدەم خەوەوە

هەڵدەستێ و دەڕوا و

کاری تر دەکات،

لەو کاتانەدا هیچ قسە دەکات؟

چیت لێ بیستووە؟

ئەم ژنە خانەدانە، خزمەتی شاژن دەکات بۆ ئەوەی دەنگوباسی نەخۆشییەکەی نەگاتە خەڵکی. لەبەر ئەوە، بێگومان، تەمێ کراوە کە هیچ شتێک دەربارەی شاژن، بۆ کەس نەگێڕێتەوە. دەڵێت؛

بەگم، من ئەوە، لە دوای خۆیەوە،

نابێت بۆ کەسی بگێڕمەوە.

پزیشک:

بۆ من، دەتوانیت، تا پێویستیشە.

خانەدانە ژن:

نە بۆ جەنابت، نە بۆ کەسی کە،

ئەگەر لەگەڵمدا گەواهێک نەبێت(١)

پاڵپشتی وتەی زاری من، بکات.

ئا لەو کاتەدا، بانوو مەکبێس، دەردەکەوێت؛ مۆمێکی بەدەستەوە گرتووە و دەڕوات.

ئەوەتانێ هات، بەگ، سەیری بکە،

ئەمەیە، ئەوەی کە دەڵێم دەیکات.

ئەو، بە ژیانم، هەمووشی دەکات،

بەدەم خەوێکی زۆر گرانەوە.

ئیتر بە پزیشکەکە دەڵێت؛

خۆت بشارەوە و لێی ورد بەرەوە.

پزیشکەکە، کە بانوو مەکبێس، بە چراوە دەبینێت، سەیری لێ دێت؛ چونکە ئەگەر نووستبێت و چاوی نەبینێت، چرای بۆ چییە. لەبەر ئەوە دەپرسێت؛

ئەی ئەو چرایە، چییە پێیەتی؟

خانەدانە ژن:

بۆ؟

لە نزیکییەوە، بۆی دانراوە.

ئەوە، فەرمانی شاژن خۆیەتی.

پزیشک:

خۆ چاوەکانی، کراونەتەوە.

خانەدانە ژن:

ئا، بەڵام هەستی

بینین لە ناویان، کوژاوەتەوە.(٢)

پزیشک:

---

(١) گەواه؛ شاهید.

(٢) چاوەکانی، کراونەتەوە بەڵام هەستی بینینیان تێدا نییە؛ هیچ نابینن.

ئێستا، چی دەکات؟
سەیری بکە چۆن
دەستەکانی خۆی لەیەک دەسووێنێت.
خانەدانە ژن:
ئا، ئەوە، ئێستا، لێی بووە بە خوو؛
دەستەکانی وا
لەیەک دەسووێنێت، وەکو بیانشوا.
دیومە، بەردەوام، یەک چارەک سەعات،
هەر ئەوە دەکات.
پزیشکەکە، بە سەرسووڕماوییەوە سەیری دەکات و گوێی لێ دەگرێت. لە پڕێکدا دەبینێت، بانوو مەکبێس، سەیرێکی دەستەکانی خۆی دەکات و دەڵێت؛
هێشتا پەڵەیەک، ماوە، دەرناچێت.[(١)]
پزیشک:
وس بە، گوێ بگرە، ئەوەتا، دەدوێت.
دەبێت بینووسم چی لێ دەردەچێت،[(٢)]
نەوەک، لە پاشا، لە بیرم بچێت.
بانوو مەکبێس:
دەی ، پەڵە، دەرچۆ، هەی خوا لێگرتوو!
پێم گوتی؛ دەرچۆ!
تۆزێک بە ماتی دەمێنێتەوە، وەکو چاوەڕوانی شتێک بکات، ئینجا دەڵێت؛
یەک، ئەوەشیان دوو؛

(١) پەڵەیەک؛ پەڵەیەک خوێن.
(٢) چی لێ دەردەچێ؛ چی لە دەمی دەردەچێ.

کەوابێت کاتی کردنەکەی هات.[1]

دۆزەخ، تاریکە.[2] (ئینجا، بە مێردەکەی دەڵێت)

های، های، شەرمت بێت،

گەورەم، چۆن دەبێت،

سەرباز بترسێت؟

لە چی بترسین، کێ پێی دەزانێت،

گەر کەسێک نەبێت، لە توانایدا بێت،

لە دژی هێزی ئێمە، بوەستێت؟[3]

تۆزێک، بەماتی لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە. ئینجا هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و دەڵێت؛

بەڵام کەس هەبوو، ئەوساکە بڵێت؛

ئەو پیرەمێردە،

ئەوەندە زۆر خوێن، لە لەشیدا هەبێت!

پزیشک:

---

(١) دیارە بانوو مەکبێس، هەموو جارێک، ساتی کوشتنەکەی دەنکەن، سەرلەنوێ دەژێتەوە. کە دەڵێت یەک ئەوەشیان دوو؛ مەبەستی یان لە دەنگی سەعاتە، کە دوو لێ دەدات، ئەوەش مانای ئەوەیە "دەنکەن"یان سەعات دووی شەو کوشتووە، یان لێدانی ئەو زەنگەیە کە خۆی لێی دا بۆ ئەوەی، ئاماژە بۆ مێردەکەی، بکات کە پاسەوانەکان، نووستوون و ئێستا دەتوانێت بچێت کارەکە جێبەجێ بکات.

(٢) بانوو مەکبێس، لەو باوەڕەدایە، کە لەم زووانەدا دەمرێت و دەچێت بۆ دۆزەخ. لە تاریکی دۆزەخ زۆر دەترسێت. بۆیە هەموو کاتێک دەبێت مۆمێک یان فانۆسێک لە نزیکییەوە بێت.

(٣) وا دیارە بانوو مەکبێس، ئەو شەوەی کە "دەنکەن"یان کوشت، ئەم قسانەی بە مێردەکەی خۆی گوتووە.

گوێت لێ بوو، چی گوت؟

لەو کاتەدا بانوو مەکبێس، تاوانبارییەکی تری دێتەوە بیر؛ کوشتنی ژن و منداڵ و گشت بنەماڵەی ماکدەف (سانی فایف). دەڵێت؛

ئەرێ، سانی فایف،

ژنێکی هەبوو، لە کوێیە ئێستا؟[١]

دیسانەوە سەیری دەستەکانی خۆی دەکاتەوە و دەڵێت؛

هەر وا دەمێنن؛

پاک نابنەوە ئەم دەستانەی من؟

شاژن، هەر تاوەی، ڕووداوێکی تری ئەو شەوە دەژێتەوە؛ ئەوەتا، ئەم جارە، بەمێردەکەی دەڵێت؛

بەگم، بەسیەتی، دە بەسیەتی دەی.

بەم ڕاچەنینەت، هەمووی تێک دەدەی.[٢]

پزیشک:

دە بیڵێ، بیڵێ، شتێک دەزانیت،

لەوانەی کە تۆ

قەت نەدەبوایە بتزانییایە.

خانەدانە ژن:

ئەوەی کە گوتی، بەبێ هیچ گومان،

قەت نەدەبوایە ئەو بیگوتایە.

هەر خوا دەزانێت، چیی تر دەزانێت!

بانوو ماکبێس، دیسانەوە بۆ ماوەیەک، دەستەکانی خۆی لە یەکتری

(١) حەز دەکات بزانێت، ئایا ژنەکەی ماکدەف، ئێستا، لە بەهەشتە، یان لە جەهەننەمدایە.

(٢) بەم ڕاچەنینەت؛ بەم ترس و لەرزەت.

دەگلۆفێنێت ئینجا بۆنیان دەکات و دەڵێت؛

هێشتا هەر بۆنی خوێنیان لێوە دێت.
بۆنی ئەم دەستە بچکۆلانەی من،
بە هەموو عەتری عەرەب، خۆش نابێت.
ئــــــاخ، ئــــــاخ، ئــــــاخ.

پزیشک:

ئای،
هەناسەی ساردی چۆن هەڵدەکێشێت!
بەهۆی بارێکی گرانەوە، دڵی،
ئاوا ئازاری سامناک دەچێژێت.

ئێستا ژنە خانەدانەکە و پزیشکەکە، هەردووکیان، لەو باوەڕەدان کە بانوو مەکبێس، تاوانبارە و دەروونی ئازاری دەدات. گومانیش دەکەن کە لە پێناوی ئەوەی مێردەکەی ببێت بە شا، بەشداریی لە کوشتنی "دەنکەن"دا کردووە. بۆیە خانەدان ژن، دەڵێت؛

قەت من نامەوێت،
دڵێکی ئاوام لە سنگدا هەبێت،(١)
هەرچەند پێی، پایەی
لەشم، لە دنیا، بەرز ببێتەوە.(٢)

پزیشک:

---

(١) دڵێکی ئاوا؛ دڵێک، کە ئاوا ئازار بچێژێت.

(٢) هەرچەند پێی؛ هەرچەند بەهۆی دڵێکی ئاواوە پایەی لەشم (ڕۆحم نا) بەرز ببێتەوە. بانوو مەکبێس، دڵێکی ئاوا غەمدار و بێ ئاسوودەی هەیە چونکە، خۆی و مێردەکەی، بۆ ئەوەی پایەی تەنیان (لەشیان، ڕۆحیان نا) لەم دنیایەدا بەرز بکەنەوە، چوون "دەنکەن"یان کوشت. بۆ ئەوەی ئەو جێگە بەرزەی ئەو، بۆ خۆیان داگیری بکەن.

باشە، زۆر باشە.[۱]

خانەدان ژن:

خوای دەکرد، گەورەم،

باش بێت، هەمیشە.

پزیشک:

ئەم جۆرە دەردە،

لەوبەر سنووری هونەری منە.

بەڵام،

من، ئاشنایەتیم،

هەبووە لەگەڵ کەسانی ئاوا؛

بەدەم خەوەوە، هەڵساون رۆیشتوون،

دواییش، لە جێگە،

کاتی مردنیان، پاک و پیرۆز بوون.[۲]

بانوو مەکبێس، دیسانەوە، بەدەم خەوەوە بە مێردەکەی دەڵێت:

دە دەستەکانی خۆت بشۆرەوە،

جلی شەوانی خۆت بکەرە بەر.

ئاواش؛ بە زەردی مەمێنەرەوە.[۳]

من، دیسانەوە، ئەوا پێت دەڵێم؛

بانکۆ، نێژرا، ئیتر ناتوانێ

---

(۱) باشە زۆر باشە؛ پزیشک مەبەستی ئەوەیە بڵێت "باشە، زۆر باشە، تێگەیشتم چییەتی."

(۲) پاک و پیرۆزبوون، شەیتان لە ناو دەروونیاندا نەبوو. جاران وایان دەزانی، هۆی شێتبوونی مرۆڤ، ئەوەیە کە شەیتان دەچێتە ناو دەروونییەوە.

(۳) با ڕەنگیشت، لە ترساندا، ئاوا بەزەردی نەمێنێتەوە.

لە گۆڕەکەی خۆی، دەرچێتە دەرێ.

پزیشک:

تاکو بەو جۆرەش؟

بانوو مەکبێس:

دە دەی بۆ جێگە، دە دەی بۆ جێگە.
گوێم لێیە یەکێ، لە دەرگە دەدا.
وەرە، دەی وەرە دەستتم بەرێ،
ئەوەی کە کرا، تازە بوو و کرا.
دە دەی بۆ جێگە، دە دەی بۆ جێگە.

پزیشک:

جا ئیتر ئێستا، دەچێت بۆ جێگە؟

خانەدان ژن:

بەڵێ، راستەوخۆ.

پزیشک:

دە بۆیە دەمگۆی گەنیو بڵاوە؛[1]
کردەی نائاسا،
پەروەردەی دەردی نائاسا دەکات.
مێشکی بیمار، رازی دەروونی،[2]
بە گوێی سەرینی کەڕیا، ڕۆ دەکات.[3]
ئەم ژنە، زیاتر پێویستی دەکات

---

(١) دەمگۆ؛ قسە و قسەڵۆک. لێرەدا زۆر روون نییە پزیشک مەبەستی چییە. بەڵام، وا دیارە دەمگۆ بڵاوە کە مەکبێس، خۆی و ژنەکەی "دەنکەن"یان کوشتووە.

(٢) رازی دەروون؛ نهێنیی دەروون.

(٣) بانوو مەکبێس، ناتوانێت رازی دەروونی (نهێنیی دڵی) خۆی بۆ کەس بگێڕێتەوە. لەبەر ئەوە؛ بە ناچاری بە گوێی سەرینی کەڕی خۆیدا رۆی دەکات.

به تیمارکاریی ئاسمان و خودا،
لەوەی بە پزیشک.

پزیشکەکە ڕوو دەکاتە ئاسمان و دەڵێت؛

ئای، ئای، خوای گەورە،
تۆ، لە هەموومان، خوایە، ببوورە.

ئەمجا بە ژنە خانەدانەکە، دەڵێت؛

ئاگەداری بە؛ لە نزیکییەوە،
هەرچی ئەمرازی مەترسی هەیە،[١]
دووریان بخەرەوە.

هەموو کاتەکەش، چاوێکت لێی بێت.

دەی، ئیتر شەوباش.

ئینجا، لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

ئەم ژنە، سەری وڕ و کاس کردم.
چاوەکانیشم، سەرگەردان بوون پێی.
بیر دەکەمەوە،
بەڵام ناوێرم دەم بکەمەوە.

خانەدان ژن:

شەوی خۆشت باش. ئەی پزیشکی باش.

پزیشکەکە، شاژن بەجێ دەهێڵێت و دەڕوات بۆ لای شا، بۆ ئەوەی دەربارەی نەخۆشیی ژنەکەی پێ بڵێت. کە ڕێگەی دەدەنێ و دەچێتە ژوورەوە، دەبینێت مەکبێس، گەلێک ورووژاو و بە تووڕەییەوە بە یەکێک دەڵێت؛

---

(١) ئەمرازی مەترسی؛ ئەدەواتی خەتەر؛ خەنجەر و کێرد و لەو جۆرە شتانە. نەوەکو خۆی بکوژێت.

ئیتر کەس بۆ من ڕاپۆرت نەهێنێت.

با هەموو ڕابکەن کەسیان نەمێنێت!

تومەز لەو کاتەدا، ڕاپۆرتێکی بۆ هاتبوو کە هەندێک لە "سان"ەکانی سکۆتلەندە، دیویان گۆڕیوە و ئێستا لەگەڵ "ماڵکەم"دا هاوکاری دەکەن لە دژی.

***

کە هەواڵ دەگاتە سکۆتلەندە؛ ماڵکەم، بە یارمەتیی شای ئینگلتەرەوە، سوپایەکی پێک هێناوە و بە ڕێگەوەیە بەرەو قەڵای (ئینڤێرنێس)[1] بۆ ئەوەی تۆڵەی باوکی خۆی بسەنێتەوە و وڵاتەکە لە دەست مەکبێس، رزگار بکات، گەلێک لە سانە گەورەکانی سکۆتلەندە؛ وەکو ئەنگەس، مێنتێس، کەیتنێس و لینۆکس، بڕیار دەدەن کە لە جەنگەکەدا بەشداری بکەن لە دژی مەکبێس.

بیستنی ئەو هەواڵەیە کە ئاوا "مەکبێس"ی تووڕە کردووە. لەو کاتەدا وتەی ئەو سێبەرانەی دێتەوە بیر ئەوانەی کە لەلای جادووگەرەکان بینینی. ئیتر لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

من ترسم نابێت
تا دارستانی بێرنام نەجووڵێت
بەرەو دەنسینێن.
بۆچی ئەو کوڕە، ئا ئەو "ماڵکەم"ە
ئەویش هەر لە ژن، لەدایک نەبووە؟
ئەو جنۆکانەی کە چارەنووسی
مرۆک دەزانن، وایان بە من، گوت:[1]

---

(١) ئینڤێرنێس، قەڵایەکە لەسەر گردی دەنسینێن لە شاری ئینڤێرنێس لە سکۆتلەندە. مەکبێس لەو قەڵایەدا دەژیا. ئەوەش هەر ئەو قەڵایەیە کە "دەنکەن"یان تێدا کوشت.

"مەترسە، مەکبێس؛ هەرچ  پیاوێک لە ژن
لەدایک بووبێت، بەسەرتدا، هێزی
هەرگیز، زاڵ نابێت."
ڕابکەن کەوابێت،
"سان"ە بێ کەڵکە، ساختەچییەکان.

لەو کاتەدا، نۆکەرێک دێتە ژوورەوە، لە ترسا رووی زەرد هەڵگەڕابوو. وەک رووی مراوی هاتە بەرچاوی مەکبێس. ئەو ترسەی، گەلێک مەکبێس تووڕە دەکات. یەکسەر پێی دەڵێت؛

شەیتان بتگرێت، سەرتاپا رەش بیت![٢]
داوەشێیت خوێڕی، روو کرێماوی،[٣]
تۆ دەموچاوی قاز و مراوی[٤]
وات، لە کوێ هێنا؟

نۆکەر:

بەگ، دە هەزارن.

مەکبێس:

دە هەزار قازن، یان چین، سەرسەری؟

نۆکەر:

بەگم، سەربازن.

مەکبێس:

---

(١) مرۆک؛ مرۆڤ. مرۆڤ، دەمرێت، لەبەر ئەوە مرۆکە. جنۆکە، نامرێت.

(٢) لە باتی بڵێت؛ "دەک روو رەش بیت"، دەڵێت "دەک سەرتاپا رەش بیت."

(٣) روو کرێماوی؛ لە ترسا، رووت وەکو رەنگی کرێمی لێ هاتووە؛ خوێنی تێدا نەماوە، زەرد بووە.

(٤) روو مراوی؛ دەموچاو ریژگاو، چارە گەلحۆ.

ترسنۆک، برۆ هەی جگەر سپی،[١]
روومەتەکانی خۆت کون کون بکە،
ترسی دیمەتی پێ سووراو بکە.[٢]
کەر، سەربازی چی؟
خۆزگە دەمردیت!
بە رووی کرێتی زەردهەڵگەڕاوت،[٣]
پیاو دەتۆقێنیت.
دەموچاو شیری،[٤]
چی، سەربازی چی؟

نۆکەر:

بەگی بەڕێزم، هی ئینگلیزی.

مەکبێس:

برۆ، با چارەت ئیتر نەبینم.

نۆکەر، دەڕواتە دەرەوە. مەکبێس لەبەر خۆیەوە دەدوێت؛

سێتۆن، من گەلێک داماو و پەستم؛[٥]
ئەمن دەبینم، سێتۆن، بەم جەنگە،

---

(١) جگەر سپی؛ ترسنۆک. واتە ئەوەندە ترسنۆکیت، تا لە ناو جگەریشتدا خوێن نەماوە؛ رەنگی سپی بووە.

(٢) روومەتەکانی خۆت کون کون بکە، کە خوێنیان لێ هات، دیمەتی (روخسارتی) پێ سووراو بکە. بۆ ئەوەی ترست پێوە دیار نەبێت، بیشاریتەوە.

(٣) کرێت؛ ناشیرین

(٤) دەموچاو شیری؛ دەموچاوت لە ترسا خوێنی تێدا نەماوە، سپی بووە وەکو رەنگی شیر.

(٥) سێتۆن؛ یەکێکە لە خانەدانە دڵسۆزەکانی مەکبێس.

یان هەتا ماوم، شادمان دەمێنم،
یاخۆ من ئێستا،
تەخت و تاجەکەی خۆم دەدۆڕێنم.

مەکبێس، هەست دەکات کە کۆتاییی ژیانی نزیک بووەتەوە. هەندێک بە ماتی بیر لە ژیانی رابردووی خۆی دەکاتەوە، دەڵێت؛

بەشی خۆم ژیام، زەرد بووە گەڵام،
بەرەو سستییەوە، من دەبات رێگەم.

ئاخێک هەڵدەکێشێت، ئینجاکە دەڵێت؛

ئەوەی دەبوایە،
کە لە تەمەنی گەورەیی و پیریم،
هاوڕێگەم بوایە؛
وەکو شانازی، رێز، خۆشەویستی،
لەشکرێ هاوڕێ،
من، بەتەما نیم هیچیانم هەبێ.
لە جێی ئەوانە؛
لەعنەت و جنێو، بەشی من دەبێ؛
بە دەنگی بەرز نا،
بەڵام لە نێوان ناخی دەروونداً.
لەگەڵ مەرایی و وتەی نادڵسۆز.
لەوانەی دڵی هەژاری، گەلێک(١)
حەز دەکات عەکسی ئەوانە بڵێت،
بەڵام ناوێرێت.

---

(١) دڵی هەژاری؛ دڵی هەژاری ئەو کەسەی کە مەراییم دەکات.

مەکبێس، هەرچەند زۆرتر بیر دەکاتەوە ئەوەندە زۆرتر هەست بە دڵتەنگی دەکات. ئیتر "سێتۆن"ی دڵسۆزی بانگ دەکات و بڕیار دەدات زرێپۆشەکەی خۆی بکاتە بەری و بچێت بجەنگێت تا دەکوژرێت.

سێتۆن! (سێتۆن دێتە ژوورەوە)

سێتۆن:

بەگم، بفەرموو، چیت ئارەزووە

مەکبێس:

هیچ دەنگوباسی تازەت بیستووە؟

سێتۆن:

گشت ڕاپۆرتەکان، ڕاست دەرچوون، بەگم.(١)

مەکبێس:

شەرت بێت بجەنگم، تا ئێسکەکانم،
یەک ماسوولکەیان پێوە نامێنێت.
ئا دەی، بمدەرێ، زرێپۆشەکەم.

سێتۆن:

پێویستیت بەوە، بەگ، جارێ نابێت.

مەکبێس:

با لە بەرمدا بێت.
تۆ، سواران، زۆرتر بنێرە دەرێ.(٢)
با خوار و ژووری وڵات بگەڕێن،
ئەوانەی باسی

---

(١) مەبەستی لەو راپۆرتانەیە کە بۆیان هێناوە دەربارەی ئەو "سان"نەی کە دیویان گۆڕیوە و چوونەتە لای ماڵکەم و ئێستا هاوکاریی لەگەڵدا دەکەن.
(٢) بە سواری ئەسپەوە، سەربازی زیاتر بنێرە بۆ دەرەوەی قەڵاکە.

ترس دەکەن یەکسەر

بیانگرن و هەڵیان بواسن.

زرێپۆشەکەم، بێنە، بمدەرێ.

ئا لەو کاتەدا، پزیشکەکە دەبینێت و ژنەکەی خۆی دێتەوە بیر. لێی دەپرسێت؛ ها، تەندروستی، نەخۆشەکەی تۆ،

چۆنە ئەمڕۆکە؟ پزیشک پێم بڵێ!

پزیشک:

نادروست نییە، ئەوەندە تەنی،

بەگم، ئەوەندەی

کە ڕووداوێکی سامناکی دێرین،

زوو زوو وێنەکەی،

دێتە بەر دیدەی بیر و خەیاڵی.

نایەڵێت گیانی، بحەسێتەوە.

مەکبێس:

پێویستە چارەی ئەو دەردەی بکەیت.

ئایا ناتوانیت مێشکی بیماری

چارەسەر بکەیت؟

هەڵی بکێشیت، هەر لە ڕەگەوە،

ئەو پەژارەیەی، کە ڕەگەکانی،

چەقیون لە ناو یاد و خەیاڵی.

لە ناو مێشکیدا، چی نووسراوە؛

لە نیگەرانی و پەستی و ئاژاوە،

هەمووی بە جارێک بسڕیتەوە،

به دەرمانێکی تام خۆش و شیرین،

پاکی بکەیتەوە،

ئا لەو کەرەستە سامناکەی دڵی

ئاوا دەگوشێت؟

پزیشک:

بەگم، لە باری ئاوادا دەبێت

بیمار هەوڵ بدات،

خۆی چارەسەری دەردی خۆی بکات.

مەکبێس، بێگومان، پێی ناخۆش دەبێت کە ئەوە لە پزیشکەکە دەبیستێت. پێی دەڵێت؛

پزیشک، کەوابێت

دەرمانەکانت بۆ سەگ فڕێ دە،

ئەوانەم ناوێت. (ڕوو دەکاتەوە سێتۆن)

سێتۆن، ئا وەرە،

زرێپۆشەکەم بکەرە بەرم.

ڕمەکەم بەرێ.

دیسان مەکبێس، ڕوو دەکاتەوە پزیشکەکە و ئەمجارە دەردی خۆی بۆ دەگێڕێتەوە و دەڵێت؛

پزیشک، دەزانیت کە "سان"ەکانم،

هەموو ڕایان کرد بەجێیان هێشتم.

مەکبێس، ئێستا شپرزە بووە و گەلێک نیگەرانە؛ لەلایەکەوە بیری لای جەنگەکەیە، لەلایەکی ترەوە لای ژنەکەیەتی، لەلایەکیشەوە بیر لەوانە دەکاتەوە کە خیانەتیان لێ کرد، لەلایەکی تریشەوە دەترسێت کە گەلەکە ببێتە لایەنگری مالکەم. لەبەر ئەوە ڕوو دەکاتەوە سێتۆن و لێی دەخوازێت کە زوو سوارەکان

بنێرێتە ناو گەلەکەوە و هەر کەسێک بترسێت یان دیو بگۆڕێت، دەستبەجێ هەڵبواسرێت. دەڵێت؛

دەی، بەگم، دە دەی، فەرمان دەربکە.(١)

مەکبێس، دیسانەوە روو دەکاتەوە پزیشکەکە و وەکو پێی بڵێت؛ تۆ ئەگەر ناتوانیت ژنەکەم بۆ چاک بکەیتەوە، وڵاتەکەشم ناتوانی چاک بکەیتەوە؟ ئیتر دەڵێت؛

ئەگەر بتوانی،
پزیشک، تۆ ئاوی وڵاتەکەی من،(٢)
باش فەحس بکەی،
بیدۆزیتەوە چییە دەردەکەی،
دەرمانی بکەی، چاکی بکەیتەوە،
وەکو جارانی لێ بکەیتەوە،
ستایشێکی ئاواییت دەکەم
دەنگ بداتەوە.
سەداکەی دیسان تازەی کاتەوە.(٣) (روو دەکاتەوە سێتۆن)
دەڵێم ڕای کێشە.(٤)

دیسانەوە روو دەکاتەوە پزیشکەکە و پرسی تری لێ دەکات، بەجۆرێک هەر وەکو گاڵتەی بەو بارودۆخە بێت کە خۆی ئێستاکە تێیدایەتی. دەڵێت؛

---

(١) مەبەستی ئەوەیە کە سێتۆن، زوو سوارەکان بنێرێت بۆ دەرەوەی قەڵاکە بۆ ئەوەی ئامادە بن بۆ جەنگ.

(٢) ئاوی وڵاتەکە؛ مەبەستی لە میزی وڵاتەکەیە: وەکو چۆن پزیشک بە فەحسکردنی میزی نەخۆش، زۆر جار دەزانێت نەخۆشەکە چییەتی و چۆن تیمار دەکرێت.

(٣) سەدای ستایشەکە سەرلەنوێ ستایشی تۆ دەکاتەوە.

(٤) دەڵێم رای کێشە؛ وا دیارە مەبەستی لە پەتێکە لە پەتەکانی زرێپۆشەکە.

چ جۆرە گیایەک یان مام ڕێواسێک،[1]
یان چ دەرمانێک،
لەوانەی کە سک نەرم دەکاتەوە،
لە توانایەتی ئینگلیزەکان
دەربکا و ئێرە پاک بکاتەوە؟[2]
هیچت بیستووە دەربارەی ئەوان؟[3]

پزیشک:

بەڵێ، ئا، بەگم،
ئامادەبوونی خاوەن شکۆتان،
وامان لێ دەکات گوێمان لە شت بێت.

مەکبێس، ئیتر ئامادەیە بڕوات بۆ ناو جەنگ، سەیری جۆرە چەکێک دەکات و روو دەکاتە ئەفسەرێک و دەڵێت؛

هەڵی بگرە بۆم، لە دوامەوە بێت.

ئیتر ئەوە دەڵێت و دەڕوات. بەڕێگەوە لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە، دەڵێت؛

لە کوشتن و مەرگ من سامم نابێت
تا دارستانی بێرنام پێ نەگرێت
بێت بۆ دەنسینێن.

کە مەکبێس دەڕوات، پزیشکەکە هەر خۆی دەمێنێتەوە.

قەڵاکەی مەکبێس، لەسەر گردی "دەنسینێن"ە. هەموو دەوران دەوری بە سەرباز گیراوە و چاوەڕوانی سوپای ماڵکەم دەکەن. پزیشکەکە دەزانێت کە جەنگ ئەوا خەریکە دەست پێ بکات. لەبەر ئەوە دەترسێت لەوێ بمێنێتەوە.

---

(١) مام ڕێواس؛ نێرکە ڕێواس.

(٢) وەکو دەرمانی ڕەوانی.

(٣) ئەوان؛ مەبەستی ئینگلیزەکانە.

دەڵێت؛

ئەگەر دەمتوانی

من، لە دەنسینێن، دوور کەومەوە،

زۆر دژوار دەبوو(١)

تەنیا، هەر پارە، بمهێنێتەوە.

***

سوپاکەی ماڵکەم، زۆریان ئینگلیز دەبن. بە سەرۆکایەتیی "سیوارد"ی مامی شای ئینگلتەرە، کە جەنەراڵێکی زۆر بەتوانا و ناسراو دەبێت کاتی خۆی، نزیک بووەتەوە و ئەوەتا لە دارستانی بێرنام، خۆی ئامادە دەکات بۆ هێرشهێنان. بۆ ئەوەی سەر لە ئەفسەرەکانی مەکبێس، بشێوێن و لە دوورەوە نەتوانن ژمارەکەیان بزانن، ماڵکەم فەرمانێک دەردەکات کە هەر سەربازێک لقی درەختێک ببڕێتەوە و لە کاتی رۆیشتندا بەرەو گردی دەنسینێن کە قەلاکەی مەکبێسی بەسەرەوەیە، لە پێش خۆیەوە هەڵی بگرێت. ئیتر هەر سەربازێک بەپێی ئەو فەرمانە لقی درەختێک بەدەست خۆیەوە دەگرێت و هەموو پێکەوە دەکەونە رێگە.

***

لەو کاتەدا مەکبێس، لەبەر خۆیەوە بیر دەکاتەوە، دەڵێت؛ ئەگەر ئەو "سان"انە خیانەتیان لێ نەکردبوومایە، دەمانتوانی باش بیانشکێنین و راویان بنێینەوە بۆ ئەو جێگەیەی کە لێیەوەی هاتوون. بەلام، بەداخەوە، ئێستا، ئەوەمان پێ ناکرێت. بەلام باشە، لە ناو قەلاکەدا، دەتوانین بۆ ماوەیەکی درێژ بەرگری لە خۆمان بکەین تا ئەوانەی دەرەوە، لەوێدا لە برسا دەمرن. دەڵێت؛

پتەوی و هێزی قەلاکەی ئێمە،

(١) زۆر دژوار دەبوو؛ زۆر زەحمەت دەبوو.

بۆ ریسواکردن،

بە گەمارۆیان، پێکەنینی دێت.

با هەر بۆ خۆیان، لەوێ بکەون.

تاکو برسێتی و لەرز و تا و تاعوون

ناوجەرگیان دەجوێ و گشتیان دەکوژێت.

لەو کاتەدا لە ناو قەڵاکەوە دەنگێک دێت. مەکبێس، دەپرسێت؛

ئەو دەنگە چی بوو؟

سێتۆن، وەرامی دەداتەوە دەڵێت؛ دەنگی هاواری ژنانە، بەگم. ئەوە دەڵێت و دەڕواتە ژوورەوە بۆ ئەوەی بزانێت چی قەوماوە. مەکبێس، هەر خۆی دەمێنێتەوە. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

من، تامی ترسم، بگرە بەجارێک

لە بیر چووەتەوە؛

زریکەی یەکێک، لە شەودا، جاران

هەستەکانمی، سارد دەکردەوە.

باسێک سامناک بێت،

تووکەکانمی ئاوا دەوەستان،

هەر وەکو گیانیان لە ناوا هەبێت.

من، تێرم لە ترس؛ مێشکی خوێنڕێژم،

ئاشنای بووە،

لەگەڵ کردەوە و کاری ترسهێنەر؛

ئەوانە، ئیتر من نابزوێنن.

لەو کاتەدا، سێتۆن، دەگەڕێتەوە. مەکبێس، لێی دەپرسێت؛

ئەو زریکەیەی،

گوێم لێ بوو، چی بوو؟

سێتۆن:

گەورەم، شاژن مرد.(١)

مەکبێس:

دوایی، هەر دەمرد.

کاتێک، بۆ وشەی ئاوا، هەر دەبوو.(٢)

مەکبێس، هەر ئەوە دەڵێت و بە ماتی لەبەر خۆیەوە بیر لە ژیان دەکاتەوە و دەڵێت؛

سبەی، سبەینێ، دیسان سبەینێ،
ڕۆژ بە دوای ڕۆژدا، خۆی دەخشێنێ،
بە وردە هەنگاو، تا دەتگەیێنێ،
بە ئاخر بڕگەی کاتی نووسراو.
دوێنێکانیشمان،
تەنیا ڕێگەیان ڕوون دەکردەوە،
بۆ ڕێژگاوەکان،
بەرەو مردن و خاکی گۆڕستان.
دەی دەی، مۆمەکە، تەمەن کورتەکە،
بکوژێرەوە!
ژیان، خۆی، چییە؛ هەر سێبەرێکە
دەڕوات بەرێوە.(٣)

---

(١) شاژن، خۆی دەکوژێت.

(٢) ئەگەر نەشمردایە ئێستا، دوایی هەر دەمرد. هەر دەبێت ڕۆژێک، گوێمان لە وشەیەکی ئاوا ببێت.

(٣) لە تەوراتدا لە سووڕەتی (ئەیوب) دێری ٢، ١٤ دەڵێت: ژیانی مرۆڤ وەکو سێبەرێکە، هەرکە دێت، دەڕوات.

نیارڤانێکی بێ دەسەڵاتە.[١]
کە ساتەکەی دێ، لەسەر شانۆکە؛
بە فیزەوە و دێ و شپرزە دەبێ.
ئیتر قەت رۆژێ هەواڵ و باسی
نابیسترێتەوە.
ژین چیرۆکێکە،
مەجنوونێک بۆمان دەیگێڕێتەوە؛
پڕە لە هەرا و هوریا و تووڕەیی،
هەمووشی وتەی بێ مانا و کەڵکە.
ئا لەو کاتەدا پەیامبەرێک دێت. مەکبێس پێی دەڵێت؛
هاتوویت زمانت بەکار بهێنیت؛
چییە باسەکەت، دە دەی زوو بیکە.
پەیامبەر:
شا، بەڕێزەکەم،
ئەوەی کە دیومە، ڕاپۆرتی دەکەم.
بەڵام نازانم، ئایا، چۆن بیکەم.
مەکبێس:
باشە، دە بیکە، بیکە، بەگەکەم.[٢]
پەیامبەر:
لەسەر گردەکە،
وەستابووم کاتی پاسەوانییەکەم

(١) نیارڤانێکی (ئەکتەرێکی) بێ دەسەڵاتە؛ نازانێت باش تەمسیل بکات.
(٢) بێگومان، لێرەدا مەکبێس، بە گاڵتە پێکردنەوە بە نۆکەرەکەی خۆی دەڵێت "بەگم".

چاوم هەڵبڕی سەیری "بێرنام" بکەم،
هەر لە دوای تۆزێک، کەچی سەیر دەکەم،
درەختەکانی دارستانەکە،
کەوتنە جووڵە؛ هەر وەکو بڕۆن.

مەکبێس:

تۆ درۆ دەکەی، بەندەی درۆزن!

پەیامبەر:

ئەگەر وا نەبوو،
سزای جەنابت، چی بوو، دەیچێژم.
سێ میل لێرەوە،
ئەگەر سەرنجی لێ بدەی، بەگم،
بۆت دەردەکەوێت؛
دارستانەکە،
بەرەو ئێرەوە دێت و دەجووڵێت.(١)

مەکبێس:

ئەوەی پێت گوتم، درۆ دەربچێت،
بەسەر لقێکی یەکەم دارەوە،
هەر بە زیندوویێتی، هەڵت دەواسم،
تا لە برساندا وشک دەبیتەوە.
گەر راست دەربچێت،
ئەوساکە ئیتر، من باکم نابێت،

---

(١) ئەوە، سوپاکەی ماڵکەمە. سەربازەکانی، یەکی لقە درەختێکیان بەدەستەوەیە و بەرەو قەڵاکە دەچن.

گەر وام لێ بکەیت.[1]

مەکبێس، قەت بڕوای نەدەکرد ڕۆژێک ئەو دارستانە، پێی بگرێت و بڕوات. لەبەر ئەوە، وتەی جادووگەرەکان، وای لێ دەکرد کەمتر لە مردن بیر بکاتەوە. بەڵام، ئێستا، دوای ئەوەی دارستانەکەی دی دەڕوات، بڕیار دەدات بەبێ ترس بچێت بەرەنگاری مەرگ بوەستێت. دەڵێت؛

به وره گیانی خۆم، من پڕ دەکەم،[2]
جا دەست پێ دەکەم؛
گومان لە وتەی دووڕووی خێوەکان،
لەمەولا بکەم.[3]
ئەوانەی درۆت کە لەگەڵ دەکەن،
بە جۆرێک دەیکەن، وەکو ڕاست بکەن
" هیچ ترست نەبێت،
تا دارستانی "بێرنام"ی مەزن
پێ نەگرێت و بێت،
بۆ سەرکەوتنی گردی، دەنسینێن."
دارستانەکە،
ئەوەتانێ دێت، بەرەو دەنسینێن.

مەکبێس، ڕوو دەکاتە ئەوانەی دەوری و دەڵێت؛

دەی چەک هەڵبگرن. هەموو بۆ دەرێ!

---

(١) ئەگەر ڕاست دەربچێت، واتە بەم نزیکانە دەکوژرێت. لەبەر ئەوە باکی نابێت ئەگەر هەڵبواسرێت.
(٢) وره؛ عەزم.
(٣) ئیتر گوێ نادەمە قسەی خێوەکان و بڕوایان پێ ناکەم. دەچم دەجەنگم و هەرچییەک دەبێت با ببێت.

ئەوانەی دەوری، هەریەکەی چەکی خۆی هەڵدەگرێت و لە قەڵاکە دەچێتە دەرەوە بۆ مەیدانی جەنگ. ئەمجا، مەکبێس، بەداخەوە، هەناسەیەکی قووڵ هەڵدەکێشێت و لەبەر خۆیەوە، دەڵێت؛

ئەوەی پێی گوتم، گەر ڕاست دەربچێت،
من نە دەتوانم لێرەوە، ڕابکەم،
نە لێرەدا خۆم، ئیتر دوا بخەم.
لە رۆژ، خەریکم من بێزار دەبم.[1]
خۆزگە وێرانی هەموو جیهانی
ئێستا دەفەوتان.

ئیتر ناچار، بڕیار دەدات خۆیشی بچێتە مەیدان. روو دەکاتە نۆکەرەکانی و دەڵێت.

زەنگی وریایی لێ بدەن خێرا![2]
ئەمجا لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛
وەرە وێرانی، وەرە ڕەشەبا؛
هیچ نەبێت دەمرین لە زرێپۆشدا.

***

ئەوساکە لە سکۆتلەندە، بۆ رابواردن، جۆرە وەرزینێکی دڕ و زۆر ستەم لە ناو گەنجەکاندا باو بووە؛ گوریسێکی درێژیان دەکردە ملی ورچێکەوە و بە سنگێکەوە دەیانبەستەوە. ئینجا چەند گەنجێک بە خەنجەر تێی بەردەبوون بزانن کامیان دەیکوژێت.

ئێستا، مەکبێس، وەکو ئەو ورچە، بە دوژمن دەوری گیراوە و هەریەکێکیان دەیەوێت بە دەستەکانی خۆی بیکوژێت.

---

(١) لە رۆژ؛ لە بینینی رۆژ، لە ژیان.

(٢) بە لێدانی ئەو زەنگە، شەڕ دەست پێ دەکات.

بێگومان، ماکدەف، دوژمنە هەرە گەورەکەی دەبێت. بەڵام جگە لەو، خەڵکی تر زۆر بوون؛ یەکێکیان کوڕە گەنجەکەی "سیوارد" بوو.

مەکبێس، هەڵوێستی خۆی، وەک هی ئەو ورچە دێتە بەرچاو. لەبەر خۆیەوە دەڵێت؛

منیان گرتووە و بە سنگێکەوە،

توند بەستووەتەوە؛ ناتوانم رابکەم.

وەکو ورچ دەبێ، دژیان جەنگ بکەم،

تا ئەجەلم دێ.

لەو کاتەدا، ئەوەی دێتەوە بیر کە پێیان گوت- پیاو نییە لە ژن لەدایک بووبێت، لە توانایدا بێت، ئازار بە مەکبێس، قەت بگەیەنێت- ئیتر لەبەر خۆیەوە، دەڵێت؛

ئا ئەوە کێ بێت،

ئەوەی کە لە ژن لەدایک نەبووبێت؟

لە یەکێکی وا، بترسم دەبێت.

لە کەسانی تر، من ترسم نەبێت.

لەو کاتەدا کوڕە گەنجەکەی سیوارد، مەکبێس دەبینێت و دێت لەگەڵیدا بجەنگێت و دەڵێت؛ تۆ ناوت چییە؟

مەکبێس:

تۆ سام دەتگرێت، گەر گوێت لێی ببێت.

کوڕەکەی سیوارد:

نا، سام نامگرێت،

ئەگەر ئەو ناوەی لە خۆتی دەنێیت،

گەرمتریش بێت

لە گەرمترین ناوی جەهەننەم.

مەکبێس:

ناوم (مەکبێس)ە

کوڕەکەی سیوارد:

تاکو لە دەمی شەیتانیش، ناوێک

دەرناچێت، بۆ گوێم، هەندە گران بێت.

مەکبێس:

نا، هەندە سامناک.

کوڕەکەی سیوارد:

تۆ درۆ دەکەیت، زۆرداری نامەرد،

ئەو درۆیەی تۆ، بە شمشێرەکەم،

ئیسپاتی دەکەم.

هەڵدەکوتنە سەر یەکتری و کوڕەکەی سیوارد، دەکوژرێت. مەکبێس کە دەیکوژێت دەڵێت؛

تۆ لە ژن دەبێت لەدایک بووبیت.

ئەوەی کە لە ژن لەدایک بووبێت،

پێکەنینم دێت،

بەو شیرەی کە ئەو رای دەوەشێنێت.

ئەو چەکەی دەستی ئەو هەڵی بگرێت،

ئیتر هەرچی بێت،

من ریسوای دەکەم.

لەو کاتەدا، ماکدەف، دێت. لە لایەکی قەڵاکەوە گوێی لە دەنگێکی زۆر دەبێت. دەڵێت؛

لەولاوە، دەنگ دێت.

زۆردار، تۆ لە کوێیت؟ با ڕووت دەرکەوێت!
گەر بەشدار نەبم، خۆم، لە کوشتندا.
ئیتر گەردنم، قەت ئازاد نابێت؛
فریشتەکانی ژن و منداڵم،
واز ناهێنن لێم، هەر دوام دەکەون.
نامەوێت پیادەی هەژار بکوژم؛
ئەوانە، تەنیا بۆ هەڵدانی رم،
بەکرێ گیراون.
مەکبێس، یان تۆ، خۆت،
یان بە کەس تیغی شیرم، کول ناکەم؛
دەینێرمەوە بۆ کێلانەکەی،
هەر بەبێ ئەوەی، بەکاری بێنم.
ماکدەف، لە ئاستی خۆیدا دەوەستێت. هەندێک بیر دەکاتەوە و دەڵێت؛
لەوێ بی دەبێت؛
بەم هەرا و دەنگە بۆم دەردەکەوێت،
کەسێکی مەزن لەوێدا هەبێت.(١)
با بۆی بگەڕێم.
خوای بەخت، دەخیلتم،
من هیچی ترم لە دنیا ناوێت.(٢)

---

(١) چونکە لەوێوە دەنگی قەڵەباڵغی دێت، دەبێت یەکێک لە سەرۆکە گەورەکان لەوێدا بێت.

(٢) خوایە، هەر یارمەتیم بدە مەکبێس بدۆزمەوە، ئیتر لە دنیا، من هیچی ترم لە تۆ ناوێت.

لەو کاتەی ماکدەف بە شوێنیدا دەگەڕا، مەکبێس، بیری لەوە دەکردەوە کە خۆی بکوژێت. بەڵام لە پاشا، بڕیاری دا شەڕ بکات تا دەکوژرێت. ئیتر دەڵێت؛

بۆچی من وەکو
رۆمانییەکی بێ مێشک بچم،
بەسەر شمشێری خۆمەوە بمرم.[1]
لە کاتێکدا من زینوو دەبینم،
زامی شمشێرم،
باشترە ئەگەر، بەوانەوە بێت.

لەو کاتەدا، ماکدەف دێت. کە مەکبێس دەبینێت، هەر یەکسەر پێی دەڵێت؛

روو بکەرە من، تانجی جەهەننەم،
روو بکەرە من.

کە ماکدەف، دەبینێت، بە هەموو دڵەوە، مەکبێس، پێی ناخۆش دەبێت. وەکو پەشیمان بووبێتەوە لەوەی کە بەو جۆرە ماڵ و منداڵەکانی کوشتووە، حەزی نەدەکرد خۆشی بکوژێت. پێی دەڵێت؛

لە پیاوەکاندا، تەنیا لە تۆوە
بە ڕاستی دەمویست دوور بکەومەوە.
بگەڕێرەوە!
بە خوێنی ئێوە،
زۆر قورس گەردنی من بار کراوە.

ماکدەف:

وتەم پێ نییە، دەنگ و وەرامم

---

(١) جاران ئەگەر لەشکرێکی رۆمانی جەنگی بدۆڕانایە، سەرۆکی لەشکرەکە، زۆر جار خۆی دەکوشت: دەسکی شیرەکەی خۆی لەسەر زەمین دادەنا و نووکە تیژەکەی بەرەو دڵی خۆی ئاراستە دەکرد و خۆی دەدا بە سەریدا.

لە تیغی شیرم دەبیستیتەوە.
تۆ ناکەسێکی خوێناویی تری،
لەوەی کە وەسفی، بتوانم بکەم.

مەکبێس:

تۆ، بەخۆڕایی خۆت ماندوو دەکەیت.
هەندەی دەتوانیت بە شیری تیژت،
لە هەوای خەستدا،
نیشانە و هێما، بەجێ بهێڵیت،
هەندەش دەتوانیت خوێنم بڕێژیت.(١)
بڕۆ شیرەکەت بەکار بهێنە
دژی یەکێکی نەپارێزراو.
ئەفسوون، ژیانی من دەپارێزێت؛(٢)
ئەو کەسەی لە ژن لەدایک بووبێت،
من نابەزێنێت.

ماکدەف:

با بەو ئەفسوونە، پشتت توند نەبێت.
ئەو فریشتەیەی بوویت بە نۆکەری،(٣)
با پێشت بڵێت؛
بەر لەوەی کاتی لەدایکبوونی،

---

(١) هەرچەند پیاو هەوڵ بدات ناتوانێت بە شیرەکەی لە ناو هەوادا نیشانە بەجێ بهێڵێت. مەکبێس، پێی دەڵێت؛ وەک چۆن ناتوانیت لە ناو هەوا نیشانە بەجێ بهێڵیت، ئاواش تۆ، ناتوانیت خوێنم بڕێژیت. شیرت کارم تێ ناکات.

(٢) ئەفسوون؛ جادوو، سیحر.

(٣) ماکدەف کە دەڵێت "فریشتە" مەبەستی لە شەیتانە.

به ئاسایی بێت،

له ڕەحمی دایکی، "ماکدەف"یان ڕنی.[١]

بۆ ئەوە، سکی دایکیان هەڵدڕی.

ئەم هەواڵە، مەکبێس بەجارێک کەیل دەکات و دەشڵەژێنێت؛ هەموو هێز و ورە و چالاکیی گیانی، پەکیان دەکەوێت. لە دڵی خۆیدا دەڵێت؛ کەوابێت بەدەست ئەم پیاوە من دەکوژرێم. ئیتر دەڵێت؛

دەک بە لەعنەت بێت

ئەو زارەی ئەمەی ئێستا پێ گوتم،

بەم کارەی زۆربەی پیاوێتیی بردم.

بەو شەیتانانە گزیکەرانە،

لەمەولا نابێت بڕوا بکرێت؛

ئەوانەی ئێمە،

بە وتەی دووڕوو دەخەڵەتێنن؛

ئەو بەڵێنانەی،

بە گوێچکەی ئێمەی دەدەن ڕای دەگرن.

ئەوانەی دەیدەن بە هیواکانمان،

دەیانشکێنن.

ئیتر بە دڵێکی زۆر پەست و ڕوویەکی کەساسەوە، ڕوو دەکاتە ماکدەف و دەڵێت؛

ئیتر لەگەڵتدا، نامەوێ شەڕ بکەم.

ماکدەف:

کەوابێت نامەرد چەکت فڕێ دە.

---

(١) لێیان ڕنی؛ لێیان کردەوە؛ وەکو چۆن میوە لە دار دەکرێتەوە.

بمێنەرەوە، هەر بۆ خۆت بژی،
تا لە پێشانگەی زەماندا ببی،
بە پارچەیەک لە
سەراساکانی[١]
وەک گشت دڕندەی نامۆ و ناوازە؛[٢]
وێنەکەت دەکەین،
هەڵی دەواسین لەسەر دیرەگێک.[٣]
لە ژێریشییەوە ئەمە دەنووسین؛
"ئەوەتا زۆردار، لێی ورد بنەوە."

مەکبێس:

چەک فڕێ نادەم،
من، تا لە بەردەم
پێڵاوەکانی، ئەو گەنجە،ماڵکەم،
زەمین ماچ بکەم.[٤]
ئینجاکە گاڵتە و
جنێوی پیاوی خوێڕی، چێژ بکەم.
هەرچەندە دار و درەختی بێرنام،
هات بۆ دەسینێن.
تۆش، کە لەم جەنگە وەستاوی دژم،

---

(١) سەراسا؛ شتێکی دەگمەن، نائاسا، ناوازە، نادر.

(٢) نامۆ و ناوازە؛ غەریب و دەگمەن.

(٣) دیرەگ؛ کۆڵەکە، ئاڵودار، ستوون.

(٤) دیارە ئەوسا وا بووە؛ ئەوەی لە جەنگدا تەسلیم ببێت ناکوژرێت. بەڵام دەبێت لەبەر پێڵاوەکانی دوژمنەکەیدا زەمین ماچ بکات.

لەدایک نەبوویت، وەکو خەڵک، لە ژن.[1]
لەگەڵ ئەوەشدا،
هەر دواجار هەوڵی خۆم دەبێت بدەم:
ئەوا سپەرە جەنگاوەرەکەم،
هەڵدەدەم بۆ بەر
تەنم، جەنگ دەکەم.
ئینجا، ماکدەف، دەی،
لەعنەت بێ لەوەی،
یەکەم هاواری لە دەم دەربچێت.
بڵێت؛ " بوەستە،
ئیتر جەنگ، ناکەم."

ئیتر شەڕەشیرێکی زۆر دڕندە و گەرم دەست پێ دەکات تا مەکبێس دەکوژرێت. ماکدەف، سەری مەکبێس، لە لەشی جیا دەکاتەوە و دەیبات بۆ ماڵکەم.

***

(١) چونکە جادووگەرەکان پێیان گوتبوو؛ مەترسە، تاکو دارستانی بێرنام پێ نەگرێت و بێت بۆ دەنسینێن و هەر کەسێکیش لە ژن لەدایک بوبێت ناتوانێت بەسەر تۆدا زاڵ ببێت.

سالّی ١٠٥٧، مەکبێس، بە ٥٢ سالّی دەکوژرێت. یەکسەر دوای کوشتنی مەکبێس، مالّکەم، کوڕە گەورەکەی دەنکەن، دەکرێت بە شای سکۆتلەندە. سالّی ١٣٠٦ ، واتە ٢٤٩ سالّ دوای کوشتنی مەکبێس، "رۆبەرت"ی یەکەم دەکرێت بە شای سکۆتلەندە. ئەم "رۆبەرت"ە، یەکێک بووە لە نەوەکانی بانکۆ. لەوەوە زنجیرەیەک لە نەوەکانی دەنکەن حوکمی سکۆتلەندە دەکەن کە ئەمانەن؛

١- رۆبەرتی یەکەم Robert the first 1274-1329

٢- رۆبەرتی دووەم Robert the second 1316-1390

٣- رۆبەرتی سێیەم Robert the third 1337-1406

٤- جێمسی یەکەم James the first 1394-1437

٥- جێمسی دووەم James the second 1430-1460

٦- جێمسی سێیەم James the third 1451-1488

٧- جێمسی چوارەم James the fourth 1473-1513

٨- جێمسی پێنجەم James the fifth 1512-1542

٩- جێمسی شەشەم James the sixth 1566-1625

جێمسی پێنجەم، ئەمە، ئەو "شا"یەیە کە مەکبێس، لای جادووگەرەکان بینی؛ لە دوای حەوتەکەی ترەوە دەڕۆیشت و ئاوێنەیەکی بەدەستەوە بوو. لە ناو ئاوێنەکەدا شای تر هەبوون. هەندێکیان یەکی دوو گۆ و سێ سەوڵەجانی بە دەستەوە بوو. ئەوانە، یەکێکیان، جێمسی شەشەم بووە. لە کاتی ئەودا ئینگلتەرە و سکۆتلەندە بوون بە یەک دەوڵەت.